# کوردایەتی و خەونی شاعیرانە

**فەرەیدون پێنجوێنی**



- ناوی کتێب: کوردایەتی و خەونی شاعیرانە
- ناوی نوسەر: فەرەیدون پێنجوێنی
- بابەت: بیرورا

.......................................

## روونکردنەوە:

ساڵانێکە ناو بەناو دەربارەی: کوردایەتی، گەندەڵی، بێدادی، راگەیاندن، دیموکراتی، ئۆپۆزسیۆن، دەوڵەت، ئایین، دەستور، هەڵبژاردنی گشتی، کێبەرکێی سیاسی و حیزبی و... هتد وتار دەنوسم، کوردایەتی و گەندەڵی ناونیشانی کتێبی یەکەمم بو بۆ کۆکردنەوەی هەندێ لەو وتارانە کە پێشتر هەمویانم لەسایت و رۆژنامەکان، یان لەئەکاونت و پەیجی شەخسیی خۆم لەفەیسبوك بڵاوکردۆتەوە.

کوردایەتی و خەونی شاعیرانە ناونیشانی کتێبی دوەممە بۆ کۆکردنەوەی هەندێکیتر لەو وتارانە.

.........................

## خەونی شاعیرانە

لەناو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردیدا، دەستەواژەی (خەونی شاعیرانە)، یەکەمجار لەزمانی مامجەلالەوە داکەوت.

ئەو، تەنها یەکجار، لەیەك بۆنەدا (بۆنەی ناوهێنانی دەوڵەتی کوردی) گومانیکرد، گوتی: دروستکردنی دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانەیە.

بەڵام کام خەونی کورد تا ئێستا شاعیرانە نەبوە؟

* خەونی چەپەکان بۆ: دروستکردنی دنیایەکی بێچین؟

* خەونی ئەوانیتر (بەئیسلامی و نائیسلامییانەوە) بۆ: هێنانەدیی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی؟

* خەونی فرەخەیاڵەکان بە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)ێکی تازەو باشترەوە؟

* چی لەوە شاعیرانەترە بڕوای کۆنکرێتیت هەبێ بەوەی:

- رۆژهەڵاتێکی نوێی ناوەڕاست، بۆ کوردو گەلانی ناوچە، حەتمەن باشتر دەبێ لەرۆژهەڵاتە کۆنەکە !

- ململانێیەکی سەختی نێودەوڵەتی کە بەریەککەوتنی روسیاو تورکیا رونتر شێددەتەکەیی پیشاندایین، حەتمەن ژیان و گوزەرانێکی باشتری بەدوادا دێت بۆ کوردو گەلانی ناوچە !

- پەڕینەوە بەم فەرتەنە (دینی - قەومی) یی‌ەدا، حەتمەن لەکۆتاییدا مایەی ئاسودەییەکی عەیارەبەرز دەبێ بۆ دەربازبوانی ناوچەو نەوەکانیان (لەهەر تیرەو تایەفەو نەتەوەیەکبن) !

* شاعیرێتی نییە؟

- سەرێك لەژێر دەوارێکی شڕی بەر رەشەبایەکی سەختی وەکو ئەمەی لەناوچەکەدا هەڵی کردوە، بیەوێ خەریکی هەڵهێنانی مەتەڵی سیاسیبێ، کەچی لەجیاتیی بڕێکی باش (گومان)، بڕێکی زیاد بڕوای کۆنکرێتی و خۆشخەیاڵی لەخۆی بارکا؟

- ئایا دەستی ئەو هەمو دەوڵەتە هەڵپەچییە بەرژەوەندیخوازەی لەناوچەکەدا تێکبەربون، بەبێ گومانکردن و گومانبردن، بەیەکجار وتنی کەلیمەی (ئەمەو ئەوەو ئەوەیتر قت، ئەوە گوڵ) هەڵدەهێنرێ؟

* بڕوام وایە:

مزگێنیبەخشینەوە بەبڕوای کۆنکرێتییەوە (لەم کاتەدا) بەتایبەتی دوای تێکگیرانی روسیاو تورکیا، هەر بەقەدەر ئەوە شاعیرانە نییە بێی

دەست بکەی بەگێڕانەوەی چیرۆکی ئەو کچە هەڵەبجەییە ونبوەی کە لەمدواییەدا خودی خۆی (خۆی) و (خانەوادەکەی خۆی) ی دۆزییەوە، سەرەتا بڵێی:

دایکێکی دوگیان، بۆ لەخۆکرنەوەو دەرپەڕاندنی تاقە یەك کۆرپەی مێینە لەسکیەوە، دو دانە گوژم و قریشکەی زۆر توندی پێویست بو کە هەر یەکەیان لەڕوی کاتەوە چەندین ساڵ لەوی تریانەوە دوربو: گوژم و قریشکەیەك لەکاتی خستنەوەیدا، دانەیەکیش لەکاتی دۆزینەوەو دوبارە خستنەوەیدا...

لەکۆتاییشدا مزگێنی بدەیت، بڵێی:

پاش سیبەدەرکردنی گوژم و قریشکەی دوەم، چاوەڕواندەکرێ دایکەکە سەرلەنوێ وەکو کچی چواردەساڵی لێبێتەوە، بەتەنیشتی کچەکەیەوە لەبازاڕدا وەکو دەستەخوشك دەرکەوێ، نەك وەکو دایکێك کە بۆ خستنەوەی کچێك ساڵەهای ساڵ بەژانەوەبو، سەرەنجام بەدوقۆناغی زۆر لێکدور کچەکەیی بو.

٢٥ / ١١ / ٢٠١٥

................................

## ناکرێ خەڵک بەمشت ئاو بخۆنەوەو بەرپرسان بەتەشت بیڕێژنە ئاودەستەوە

*بودجە بۆ حیزب، لەداهاتی گشتی دابین نەکرێ.

*موچەی ئەندام و کادرانی حیزب، لەداهاتی گشتی دابین نەکرێ.

*تەلەفزیۆن و رۆژنامەو پێگەی ئەلیکترۆنیی حیزبی، بەداهاتی گشتی دانەمەزرێنرێن و بەداهاتی گشتی بەڕێوە نەبرێن، ئەوانەشی کە هەن و بەداهاتی گشتی دامەزرێنراون، بەداهاتی گشتی بەڕێوەبراون، لەمەودوا خەرجیی هەڵسوڕاندنیان بخرێتە ئەستۆی کۆمپانیاکانی حیزب، تێچوی دامەزراندنیان بگەڕێندرێتەوە بۆ صندوقی گشتی.

*کۆمپانیا قۆرخکارەکانی مۆبایل کە حیزبین، هاووڵاتیان بەبێ ئەوەی پێبزانن، بەپارە بەشداربون لەدامەزراندنیاندا (سیمکارت لە ٣٠٠ دۆلارەوە بۆ ١٥٠ دۆلارو بەرەو خوارتر فرۆشراوە کە ئەوە لەهیچ

کوێی دنیادا روی نەداوە)، هاووڵاتیان لەم قەیرانە داراییەدا قەرەبو بکرێنەوە، بەتایبەتی ئەوانەیان کە فەرمانبەرن و دەستتەنگن.

*جیاوازیی نێوان نزمترین موچە (کە عادەتەن بەشی کەسانی ناحیزبییە) لەگەڵ بەرزترین موچە (کە عادەتەن بەشی کەسانی پلەبەرزی حیزبیە) وەکو لەوەوبەر (بەو بێمانابیە ترسناکە) نەمێنێتەوە.

*رەوە ئوتومبێلی بەرپرسانی حیزبی، خەرجیەکەیان لەسەر داهاتی گشتی نەبێ.

*رەخساندنی هەلی کار لەدامودەزگای دەوڵەتیدا (تەعینات)، لەسەر بنەمای وەلائی حیزبی نەبێ و بەنهێنی نەبێ، بەعەلەنیبێ و لەسەر بنەمای زانستیبێ، خەڵکی وڵات بزانن ئەمساڵ یان ئەمڕۆ، کێ تەعین کراوەو لەسەر چ بنەمایەك تەعین کراوە.

*ئافرەتی لەشفرۆش، خانو، شوققەو سەیارەی وەنەوشەی لەداهاتی گشتی بۆ نەکڕدرێ.

*لەداهاتی گشتی، کەسانی سوك و چروك بەسیخوڕ نەگیرێن و سیخوڕییان بەسەر خەڵکی وڵاتەوە پێ نەکرێ بۆ حیزب.

*موچەی ئەو هەزاران کەسە ببڕدرێ کە فەرمانبەری فیعلی نین و ژمارەی فەرمانبەرانیان بەخوتوخۆڕایی پێ گەیەندراوەتە نزیکەی یەك ملیۆن و نیو.

*نادان (لەسایەی حیزبسالاریدا) لەسەعادەتدا نەبێ و دانا لەڕەزالەتدا.

*کادرانی زۆرو بۆری حیزب، لەداهاتی گشتی، سەیارەی پرادۆو فۆرچنەرو وەنەوشەیان بۆ نەکڕدرێ، خانو بۆ (بارەگای حیزبی) لەداهاتی گشتی نەکڕدرێ یان بەکرێ نەگیرێ، ئەوانەشی تا ئێستا کڕدراون (لەسەیارەو خانو - بەداهاتی گشتی) بفرۆشرێن، پارەکەیان بگەڕێندرێتەوە بۆ صندوقی گشتی، یان حیزب خۆی هەڵیان بگرێتەوەو پارەکەیان بداتە صندوقی گشتی، ئەگەر کارەکە ئاسان نایەتە پێشچاو با ئاسانتری بکەین: هەر حیزبەو پارەی ئەو کەلوپەل و سەیارەو خانوانەی لەداهاتی گشتی کڕیونی، بگێڕێتەوە بۆ صندوقی داهاتی پارێزگاکەی سنوری دەسەڵاتی خۆی (ئەگەر صندوقی لەو چەشنە هەیە، یان دروست بکرێ ئەگەر نییە ).

*داهاتی گشتی نەخرێتە خزمەتی کڕینی وەلاء و دەنگی شێخ و مەشایەخ و بنەماڵەکانەوە لەپێناوی مانەوەو پایەداریی حیزبدا.

*کوڕو کچ و ژن و کەسوکاری بەرپرسانی حیزب، سەیارە، عیدمیلاد، خەرجیی نەخۆشی و فحوصاتیان لەئەوروپا، زەماوەندو سەیران و سەفەریان، لەسەر داهاتی گشتی نەبێ.

*دابینکردنی خانو، کەل و پەلی ناوماڵی کادرانی حیزب، لەداهاتی گشتی نەبێ.

*سەروکاریکردنی سامانی گشتی (نەوت، غاز، گومرگ، باج) بەحساب و کتابێ و بەبەرچاوی خەڵکەوەبێ.

*کۆمپانیای حیزبی (لەسەر حسابی گیرفانی خەڵك) بازاڕ قۆرخ نەکاو بەبێ باجدان تێی نەتەقێنێ.

*هەر پارەیەك (لەلایەن ئەم حیزب و ئەو حیزبەوە) لەداهاتی گشتی گلدراوەتەوەو تا ئێستا لەبانقی دەرەکی و ناوخۆییدا شاردراوەتەوە، بگەڕێندرێتەوە بۆ صندوقی داهاتی گشتی.

ئەگەر لەمەودوا (بۆ هەتا هەتایە) ماڵاوایی لەو کارە گەنانە بکرێ کە ئاماژەیان پێ درا، ئەوا رەنگە خەڵکی کوردستان قسەیەکی تریان ببێ.

صندوقی داهاتی گشتی، لەسایەی درێژەکێشانی ئەو کارە گەنانەدا، ئاوا بەتاڵ بۆوە.

ناکرێ بەخەڵك بگوترێ سکی خۆت هەڵبگوشەو رازیبە بەبەشی کەم، بەڵام بەرپرسانی حیزبی لەولاوە هەر خەریکی بەزمەکەی ساڵانی لەوەوبەری خۆیانبن.

ئەو داهاتەی دەدزرێ و دزراوە، یان لەبەزم و رەزمی بەرپرساندا بەفیڕۆ دەدرێ و دراوە، چەند قاتی ئەوەیە کە دەویسترێ لەدەمی خەڵك بگیرێتەوە. ناکرێ خەڵك بەمشت ئاو بخۆنەوەو بەرپرسان بەتەشت بیڕێژنە ئاودەستەوە...

١٢ / ٢ / ٢٠١٦

..........................

## که میللەت هاتەکوڵ، هەمو ئەنجامێ لەڕێدایە!

پەندێکی چینی هەیە دەڵێ:

ماسییەکی گەورە، ئەگەر لەئاو دەرهێنرا، بەهەمو تینی خۆی، خۆی رادەوەشێنێ بۆ ئەوەی بکەوێتەوە شوێن و ژینگەی خۆی، پرسیاری ئەوە ناکا خۆڕاوەشاندنەکەی دەیدا بەکوێدا، ئەو تەنها دەزانێ ئێستا لەدۆخێکدایە ناتوانێ تیایدا هەڵبکا.. ئەمە حاڵی گەلانی عەرەبە لەم رۆژگارەدا کە پێی دەگوترێ رۆژگاری بەهاری عەرەبی (د. عبدالحي زلوم - تەماشای ئەم لینکە بکە

http://alrafedein.com/news.php?action=view&id=٧٢٨٥).

بێگومان عادەتەن لەدەرەوەی هاوکێشەی (ئاو - ماسی) لایەن هەن (چ دەرەکی، چ ناوخۆیی) لەبۆسەدان بۆ ئەوەی خۆڕاوەشاندنی ماسییەکە بەقازانجی خۆیان کۆتایی پێبهێنن، بەڵام تۆمەتبارکردنی ماسیەکە

بەوەی فرسەتی رەخساندوە بۆ فرسەت تەڵەبان، یان بەوەی کڵاوی فرسەت تەڵەبانی چۆتەسەرو بەفیتی ئەوان خۆی راوەشاندوە، تەنها لەبێحیکمەتییەوەیە، دەنا مەعلومە: ماسیی لەئاودەرهێنراو (وەکو گوترا) تەنها دەتوانێ بیری لای خۆڕاوەشاندنەوەبێ بۆ ناو ئاو (ژیان)، نەك سێ و دوی تر.

بەکورتی:

*لەناو وڵاتدا، ئەوەی لەسەریەتی نەهێڵێ فرسەت بڕەخسێ بۆ فرسەت تەڵەبان (ی دەرەکی یان ناوخۆیی) دەوڵەته بەر لەمیللەت.

*حەتمەن هیچ فرسەت تەڵەبێك فرسەت لەکیس نادا ئەگەر دەستی بکەوێ.

(د. امیر اصلان افشار) مافناس، کۆنە دیپلۆماتکارو سەرۆکی دیوان (دەربار) ی شاهانەی ئێران کە ئێستا تەمەنی ٩٤ ساڵە، دەگێڕێتەوە:

بەرزبونەوەی نرخی نەوت، کەسانێکی زۆری لەجیهاندا ناڕەحەت کردبو، پێیان وابو سوچی شایە نرخی نەوت بەرزبۆتەوە، بیریان کردەوە: نابێ ئەم دۆخە درێژە بکێشێ، دەبێ ئاشوب لەجێیەکەوە سەر هەڵبدا، (سولیوان - باڵیۆزی ئەمریکا لەتاران) لەو سەردەمەدا زۆرتر پەیوەندیی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن هەبو تا لەگەڵ ئێمە.

هەروەها دەگێڕێتەوە:

شا دەیویست بچێ بۆ ئەمریکا، تێیانبگەیەنێ لەهەڵەدان: تێکچونی بارودۆخ لەئێران، تەواوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەدەم شەپۆلی خۆیەوە دەبا.

درێژە بەقەسە دەداو دەڵێ:

کاتێ خەریکی خۆسازدان بوین بەرەو ئەمریکا، تەلەفۆنێك لەجێمی کارتەری سەرۆکی ئەمریکاوە کرا بۆ (اعلیحضرت - شا)، وتی: کە هەر بەڕێوەن بەرەو ئەمریکا، باشترە دو رۆژ لەشاری ئەسوانی مصر راگیربن، لەگەڵ ئەنوەر سادات تاووتوێیەکی رێکەوتننامەی کامپ دێڤید بکەن.

دەڵێ: اعلیحضرت فەرمویان باشە با بەسەر رێوە بچینە ئەوێ...

سەرۆکی دەرباری شا، باسی ئەوەش دەکا کە:

دوای دو رۆژ مانەوە لەئەسوان، تەلەفۆنی کردوە بۆ باڵیۆزی ئەمریکا لەقاهیرە، ئامادەباشیی خۆیانی بۆ سەفەر بەرەو ئەمریکا پێڕاگەیاندوە، هەروەها داوای لێکردوە پێیان بڵێ چ کاتێ گونجاوترین کاتە بۆ بەرپرسانی ئەوان...

دەڵێ: باڵیۆز، رۆژی دواتر تەلەفۆنی کردەوە، وتی (دەوڵەتی ئەمریکا پێی باش نییە اعلیحضرت لەئێستادا بێتە ئەمریکا) !

پاشان درێژە بەقسە دەداو بەدوای وەڵامی ئەم پرسارەدا دەچێ (ئەم هەڵفریواندنە گەورەیەی کردیان، لەپای چی بو)؟

بێگومان ئەم هاتنەدەرەوەیەی شا لەئێران، گەڕانەوەی بەدواوە نەبو بۆ وڵات، جارێکیتر پێی نەختەوە ئێران، ئەوەش هەڵوێستی ئەمریکابو بەرامبەری کە باسکرا، تەماشای ئەم لینکە بکە:

http://fa.rfi.fr/…/٢٠١٦٠٢٠٦-%D٨%A٧%D٩%٨٥%DB%٨C%D٨%B١-#%D٨%A٧…

حوسنی موبارەك راستی کرد وتی:

ئەوەی بەئەمریکا خۆی داپۆشیبێ روتە (تەماشای ئەم لینکە بکە:

https://www.maannews.net/Content.aspx?id=٨٢٥٤٥٨) !

زۆر راستە: ئەوەی بەغەیری گەلی خۆی، خۆی داپۆشیبێ، روتە!

بەهەرحاڵ (لەم گەرمەی نارەزایەتی و دڵگەرمییەی خەڵکی هەرێمی کوردستاندا) ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەمەیە:

*کە هەمو شتێ هاتەکوڵ، هەمو ئەنجامێ لەڕێدایە:

-لەڕێدایە (چی) و (چۆن) لەگەڵ شای ئێران و موبارەك کرا، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانیش بکرێ، ئەگەر تاسەر لەبەینی خۆیاندا نەیانکرێ و یاساوڕیسای گەمەی سیاسی فێر نەبن، بەتایبەتی ئەگەر زانرا خەڵکی هەرێمەکە بەڕاستی و بەتەواوی هاتونەتەکوڵ (هەمومان دەزانین: ئارامیی هەرێم بایەخی تایبەتیی هەیە لەئێستای

ناوچەکەدا، دەبێ بەشێوەیەك لەشێوەکان خەڵکەکەی رازی بکرێ، جا بەچاککردنی سیستمە سیاسیەکەیبێ یان بەگۆڕینی).

-لەڕێدایە ئۆپۆزسیۆن (کە ئێستا هەیەو پەك لەبونی نەکەوتوە) لەنەبون بهێنرێتە بون، بەسەر پشتی دەبابەبێ یان وەنەوشە بهێنرێتە سەر تەخت.

-هەمیشە بەدیل هەیە...

٢٠١٦ / ٢ / ١٠

..........................

## پشەکە وەرە هەولێر بخۆ ئەگەر مانی گرت

لەمێژە دەرگای خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایی لەخەڵکی هەولێر داخراوە (هەرچەند قەدەغەکردنی خۆپیشاندان خەرقێکی دەستورییەو پێچەوانەی جاڕنامەی مافی مرۆڤە)، ئاخری رۆژی ٨ ی شوبات، ماوەی چەند سەعاتێ دەرگاکە تاقایەوە.

هەر هەمان رۆژ، میدیاکان لەزاری دەزگا ئەمنیەکانی هەولێرەوە رایانگەیاند:

هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچونی خۆپیشاندانی خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆی سەڵاحەددین لەهەولێر (دژی سیستمی نوێی موچە - ناونراو بەپاشەکەوت)، گروپێکی تیرۆریستیی ٣ کەسی کە ویستویانە سود لەشلۆقیی شار (بەهۆی خۆپیشاندانەکەوە) وەربگرن و تەقینەوە بکەن، دەستگیر کران.

ناونیشانی ئەم مەقالەیە (پشەکە وەرە هەولێر بخۆ ئەگەر مانی گرت) کۆمێنتی هاوڵاتییەکە لەژێر  ئەو هەواڵەدا لەسایتێکدا، لەپاڵ چەند کۆمێنتێکی تردا کە هەمویان لاقرتێن بەهەواڵ و هەواڵسازەکە.

یەکێکیتر لەو کۆمێنتانەی لەبارەی ئەو هەواڵەوە بڵاوکرانەوە بەڵام ئەمیان لەتۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوك، ئەمەیە:

*گروپە تیرۆریستییەکە (هەر رێك رۆژی خۆپیشاندانەکە):

-کەشف کران

-پلانی دەستگیرکردنیان دانرا

-دەستگیر کران

-دادگایی کران

-ئیعتیرافیان کرد

-تەصویر کران

-تەصویرەکە درایە کەناڵەکانی راگەیاندن و بڵاوکرایەوە...

خاوەنی ئەو کۆمێنتە بەشبەحاڵی خۆی گومانی خستۆتە سەر روداوەکەو پرسیویەتی:

-ئەو هەمو کارە لەیەك رۆژدا، هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچونی خۆپیشاندانێك، چۆنچۆنی بەدەستەوە هات؟

ئەمانە هەر هەمو بەسەریەکەوە دەربڕی ئەوەن هاوڵاتیان متمانەیان بەدامودەزگاکانی حکومەت نەماوە:

-نە دامودەزگای بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت

-نە دامودەزگای دارایی

-نە دامودەزگای ئەمنی و سیاسی

لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت باکی نییە، کار بۆ رەواندنەوەی ئەو هەمو بێمتمانەییە ناکا (ئەگەرچی رەنگە بشزانێ دەرەنجامی زۆر خراپی دەبێ لەکات و ساتی خۆیدا).

وابروا ئاخری رۆژێ وەکو مەلەوانە درۆزنەکە، بەدەم خنکانەوە قوڕگی دەدڕێ لەهات و هاواردا (فریامکەون فریامکەون)، خەڵك ناچن بەدەمیەوە، وا دەزانن دیسانەوە گاڵتە دەکا!

نمونە بۆ ئەوە هاتوهاواری ئێستایەتی:

-ئەو دەڵێ پارە نییە موچەی پێ بدەین، خەڵك دەڵێن هەتە بەڵام ناتەوێ بیدەی (کراسی قورئانی لەبەردابێ بڕوای پێناکەن) !

ئەم بێمتمانەییەی خەڵك بەحکومەت، هۆکارەکانی ئاشکران:

یەکەم: شاردنەوەی زانیاری لەخەڵك دەربارەی مەلەفی نەوت (بڕی فرۆشراو، نرخی فرۆشتن، لایەنەکانی عەقدی کڕین و فرۆشەکە ).

دوەم: بڵاوکردنەوەی واتەواتی نایەکانگیرو پێچەوانە : -

*حکومەت پارەی دابینکردنی موچەی نییە.

*حکومەت پارەی دابینکردنی موچەی هەیە بەڵام دەستپێوەگری دەکا بۆ رۆژی راگەیاندنی دەوڵەت.

*مانگی ئەوەندە، ئەوەندە هەزار بەرمیل نەوت فرۆشراوە. 
*نەخێر وانییە، ئەوەندە نەفرۆشراوە.

سێیەم: پەکخستنی پرۆسەی سیاسی لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە.

چوارەم: دەستاودەست نەکردنی دەسەڵات بەدرێژایی چارەکە سەدەیەك، ئەنجامەکەشی بریتی بوە لەکەڵەکەکردنی شکستێکی زۆر لەئەزمونی حکومڕانیدا، بێگومان ئەمە کتومت خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەتە.

لەهیچ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا نەبوە: کەسانێك وێڕای تۆمارکردنی شکست لەسەر شکست، کورسیی فەرمانڕەوایی چۆڵ نەکەن بۆ کەسانیتر.

کۆتاییهێنان بەو دۆخەی بەرۆکی ئەزمونی حکومڕانیی هەرێم و خەڵکەکەیی گرتوە، تەنها لەڕێی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەوە دەبێ، لەڕێی خۆدەستخەڕۆکردن و خەڵکدەستخەڕۆکردنەوە نابێ، ئەوانەی

کاری خەڵکیان خراپکردوە پێیان چاك ناکرێتەوە، پێیان چك بکرایەتەوە لەچارەکە سەدەیەك حکومڕانیدا چاکیان دەکردەوەو کۆتایی دەهات.

پێشنیار ئەوەیە:

*هەڵبژاردنی گشتی بەڕێوە ببرێ.

*ئەوانەی تا ئێستا جڵەوی فەرمانڕەواییان لەدەست بوە، توانای خۆیان تاقیکردۆتەوەو ناسیومانن، بەشدار نەبن لەپرۆسەکەدا، بکشێنەوە.

مەعلومە:

لەئێستاوە تا چارەکە سەدەیەکی تریش هەڵبژاردنی گشتی بەڕێوە ببرێ، ئەگەر ئەوان بەشداریی تێدا بکەن، هەر ئەوان دەردەچن (بێگومان بەتەزویرو فڕوفێڵ).

چاری میللەتێ چییە خۆرەی گەندەڵی دابێتیە جەرگی سیستمە سیاسیەکەی، نە قابیلی ئیسڵاحبێ و نە ژیان لەسایەیدا بگوزەرێ؟

٩ / ٢ / ٢٠١٦

.............................

## دەكرا دادوەران، ئەكادیمیان و مامۆستایانی زانكۆ، لەجیاتیی موچەی خۆیان، داوای هەڵوەشاندنەوەی حكومەت بكەن!

زۆری بەسەردا رەت نەبوە، هەموی چەند مانگێك پێش ئێستابو:

*ئەكادیمیان و مامۆستایانی زانكۆ (بەهەزاران)، بەیاننامەیان دەركرد (بەئیمزای درشتی خۆیانەوە)، تیایدا داوای درێژكردنەوەی ویلایەتی سەرۆكی هەرێمیان كرد، ئەگەرچی هەندێك لەوان بڕوانامەی باڵایان لەیاسادا هەبو، دەیانزانی ئەو مەسەلەیە لەڕوی یاساییەوە گرێكوێرەی تێكەوتوە، كردنەوەی بەدەستەوە نایەت.

*دادوەران (لەدادگای تەمیز) مكوڕترو دەستكراوەتر لەمامۆستایانی زانكۆ، نەك داوای درێژكردنەوەی ویلایەتی سەرۆكی هەرێمیان دەكرد، بەڵكو رێك لەجێی خۆیانەوە بەبڕیاری دادگاكەیان دو ساڵیان بۆ درێژ كردەوە!

*ئەفسەرانی پلەبڵندو پلەنەوی لەمەیدانەکانی جەنگدا دژی داعش، بۆ کامێرای تیڤیەکان دەدوان، دەیانگوت: موچە هەبێ و نەبێ گیانمان فیدای کوردستان دەکەین (ئەلحەقی شەهیدی زۆریشیان دا).

کەچی ئێستا، وەکو ئەوەی ئەو هەڵوێستانەی لەوەوبەر هەر هینی ئەوانیش نەبوبێ، لەڕێی بەیاننامەی دەستەجەمعی و گردبونەوەی ناڕازیانەوە، داوا دەکەن بەپێی سیستمی پێشوی موچە مەعاشەکانیان بدرێ دەنا ئیشەکانیان جێدێڵن!

ئەمە ئەنجامی ئەو دیزاینە کۆمەڵایەتییە خراپەیە کە (دەسەڵاتداران) هەرێمی کوردستانیان لەسەر بنیات نا!

ئەگەر لەسەر ئەو دیزاینە کۆمەڵایەتییە خراپە کۆمەڵگەیان رەسم نەکردایەو دابەشیان نەکردایە بۆ:

*چینی باڵای خۆشگوزەران (سەرمایەداران، شێخ و مەشایەخ، دادوەران، ئەفسەران، مامۆستایانی زانکۆ، وەزیرو پەرلەمانتار، پزیشك و ئەندازیار).

*چینی نزمی بەرماوەخۆر (وردەواڵەفرۆش و عەرەبانچی، فەرمانبەرانی ئاسایی، مامۆستایانی بنەڕەتی، کرێکارو کارگوزار).

ئەوا ئەمڕۆ ئەم دوفاقییەیان بەم زەقییە لەخەڵکی هەرێم (کام خەڵکی هەرێمیش: فەرمانبەرانی باڵا !) نەدەبینی:

*لەیەك یان دو وەرزی هەمان ساڵدا، جارێك داوای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بکەن، جارێك بەتوندی پشتی تێبکەن لەبەرئەوەی ئیمتیازاتەکانی خۆیان کەوتۆتە غەرغەرە!

کەواتە شینی پێشوی ئەو پلەباڵایانەو داکۆکیەکەیان لەو سیستمە سیاسی - ئیدارییە خراپەی چارەکە سەدەیەکە میللەتی نیگەران کردوە، بۆ خۆیان بو، بۆ ئەوەیانبو گەندەڵی بەرقەراربێ و لەسایەی گەندەڵیدا ئیمتیازاتەکانی خۆیان پارێزراوبێ!

پێویستە ئەمە ببێتە وانە بۆ هەر کەس و حیزبێکی پاشتر کە جڵەوی فەرمانڕەوایی خەڵکی دەکەوێتە دەست!

هەروەها ببێتە وانە بۆ خەڵکانی زەحمەتکێش و دڵگەرمی کۆمەڵگاش، تێبگەن:

هەندێجار کە کەسانی سەر بەچینی باڵای ناو کۆمەڵگە (ئەکادیمیان و مامۆستایانی زانکۆ، شێخ و مەشایەخ، یان سیاسەتمەداران و ئەفسەرانی باڵا - بۆ نمونە) دەدەنە پاڵیان و دێنە ناو جوڵانەوە سیاسیەکانیانەوە، بۆ پچڕینی بەشی خۆیان دێن، تەنانەت هەندێجار لەنیوەی رێدا جوڵانەوەکە جێدێڵن (ئەگەر دەسەڵاتداران پشی پشییان بۆ بکەن و دەمچەوریان بکەن).

دەمەوێ لەکۆتاییدا پرسیارێك بکەم بەڵام پەیداکردنی وەڵامەکەی جێبێڵم بۆ کەسانیتر:

-ئایا لەوڵاتانی تر، جیاوازیی موچە (موچە دەڵێم نەك داهاتی ئیشکردن لەکەرتی تایبەت) لەنێوان فەرمانبەرانی باڵا (مامۆستایانی زانکۆ، دادوەران، ئەفسەران، وەزیران و پەرلەمانتاران، پزیشکان و ئەندازیاران) و فەرمانبەرانی ئاسایی (مامۆستای بنەڕەتی، ئەوانیتری هاوپێڕیان) چەندەیە (دو قات، سێ قات، چوار قات)؟

-ئەی لای خۆمان؟

-ئایا فەرمانبەرانی پلە باڵای لای خۆمان، لەجیاتیی داوای موچەکەی پێشوی خۆیان، داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی ئێستاو دروستکردنی حکومەتێکی نوێیان بکردایە، روسورانەتر نەبو بۆیان؟

٢٠١٦ / ٢ / ٨

.....................

## پێداگیریی دادوەران، مامۆستایانی زانکۆو پزیشکان لەسەر سیستمی پێشوی موچە!

*سالانێکی زۆرە خەڵکی نارازی، نوسەرو ئەم و ئەو (لەناویشیاندا هەندێ مامۆستای زانکۆ)، بزوتنەوەی گۆڕان و حیزبیتر، سەریان لەسەر ئەم حکومەتەیە دەڵێن: لارێییەکی خراپت گرتوە، وەرەوە سەر رێ!

کەچی نابیسترێ!

ئێستا هەندێ بەرپرسی ناو حیزبەکەی سەرۆکی حکومەت دەڵێن: حکومەت لەسەر رێی راست نەبوە!

ئەی باشە ئەو سەردەمەی هەموان هەمان قسەیان دەکرد ئێوە نەبێ، بۆچی یارمەتیی حکومەتتان نەدا قسەی خەڵك ببیستێ؟

ئەمە كلۆڵییەك!

کڵۆڵییەکیتر:

*ساڵانێکی زۆرە خەڵکی ناڕازی، نوسەرو ئەم و ئەو (لەناویشیاندا هەندێ مامۆستای زانکۆ)، بزوتنەوەی گۆڕان و حیزبیتر، سەریان لەسەر ئەم حکومەتەیە دەڵێن: سیستمی موچەکەت سیستمێکی ناعادیلانەیە، چاکیکە!

کەچی ئێستا کە پارەی دابینکردنی موچە نەماوە (بەهۆی حەپەلوشکردنی داهاتی چەند ساڵەی نەوت، گومرگ، داهاتە ناوخۆییەکانی تری کەرتەکان: هاتوچۆ بۆ نمونە) و قسە هاتۆتە سەر رێکخستنەوەی موچە، فەرمانبەرانی باڵا (مامۆستای زانکۆ، دادوەرەکان، پزیشکەکان، ئەفسەران) داوا دەکەن حکومەت لەسەر هەمان سیستمی پێشوی موچە بڕوا دەنا ئیشوکارەکانیان جێدەهێڵن!

لەجیاتیی ئەوەی پێشنیار بکەن سیستمەکە بگۆردرێ بەسیستمێکی باشتر کە بەرژەوەندیی توێژەکانی خوارەوەو ئەوانیشی تێدابێ!

وەکو ئەوەی عەدالەت کۆمەڵگەی پێ وێران ببێ، کەمترین کەس پێشنیاری چارەسەری عادیلانە دەکا!

باشە گریمان ئەم حکومەتەو حیزبەکەی، کتوپڕ وەحی و ئیلهامیان بۆ هات، داوایان کرد بەزوترین کات ئامانەتەکەیان لێ وەربگیرێتەوەو کەسانیتر بێنە شوێنی ئەوان (بێگومان کارێکی زۆر باش دەکەن ئەگەر بیریان بۆ شتێکی وەها بچێ !)، ئایا ئەوانی پاشتر هەر لەسەر هەمان

سیستمی پێشوی موچە دەڕۆن؟ داهاتی گشتی بەهەمان شێوەی پێش قەیرانە داراییەکەی ئێستا بەسەر خەڵکدا دابەش دەکەن؟

بڕوا ناکەم!

ئەی بۆ کەسێکی بەرپرس نییە روبکاتە دادوەران، مامۆستایانی زانکۆ، پزیشکەکان، گەورە ئەفسەرانی ناو دامودەزگا ئەمنی و دیفاعیەکان و پێیان بڵێ:

داوا مەکەن سیستمی پێشوی موچە پەیڕەو بکرێ، داوا بکەن عەدالەت بچەسپێنرێ، داهاتی گشتی بخرێتە خزمەتی میللەت و لێی نەدزرێ، سیستمێکی نوێی موچە پەیڕەو بکرێ حەددی ئەدنای ژیانی هەموانی تێدا لەبەرچاو بگیرێ، زیادەکەشی تەرخان بکرێ بۆ پاداشتکردنی فەرمانبەرانی ماندوتر (دادوەر، مامۆستا بەگشتی لەناویشیاندا مامۆستای زانکۆ، هێزە ئەمنی و دیفاعیەکان).

جێگای داخە:

لەناو میللەتێکدا کە بەئەنفال و کیمیاباراندا پەڕیبێتەوە بۆ ناو ئەم سەردەمە، کەسانێك هەبن (خوێندەوارو دانا !) پێشنیارو داواکانیان لەخزمەتی دابەشکردنی کۆمەڵگەدابێ بۆ (شوێنێکی وەکو گریکی کۆن):

*چینی باڵای خۆشگوزەران (دادوەران، ئەفسەران، مامۆستایانی زانکۆ، وەزیرو پەرلەمانتار، پزیشك و ئەندازیار).

*چینی نزمی بەرماوەخۆر (فەرمانبەرانی ئاسایی، مامۆستایانی بنەڕەتی، کرێکارو کارگوزار).

پێداگیری لەسەر سیستمە خواروخێچەکەی پێشوی موچە (بەبیانوی رەتکردنەوەی لیستە قەڵب و قۆڕەکەی دوێنێ و پێریی حکومەت)، لەجیاتیی پێشنیارکردنی سیستمێکی نوێی دادپەروەرانەی موچەو سیستمێکی (سیاسی - ئیداری) ی سەرکەوتو، پێداگیرییە لەسەر هێشتنەوەی ئەو دۆخە (دارایی - سیاسی - ئیداری) یە خراپەی هەرێمی کوردستانی بەم رۆژڕەشییە گەیاند.

٢٠١٦ / ٢ / ٧

.......................

## لوبنان نرخی موەلیدەی ئەهلیی دابەزاند!

دابەزینی نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا، بۆ وڵاتانی نەوتفرۆش نەهامەتی، بەڵام بۆ وڵاتانی نەوتسێن خێرو بەرەکەتی بەدواوەبو.

وڵاتانی نەوتفرۆش یەکسەر کەوتنە پەلەقاژێ و گرتنەبەری رێ و شوێنی جۆراوجۆر، هەندێکیان ژیرانە، هەندێکیان هیستیریانە (وەکو هەرێمی کوردستان)، لەهەردو حاڵەتەکەدا بەشی هەرە زۆری باجی نەهامەتیەکە کەوتە ئەستۆی رەشەخەڵکەکە (چینی خوارەوە)، ئەو باقیی خەڵکەکە (کەمینەی سەرمایەدارو دەوڵەمەند) تەنها قازانجە بەردەوامەکەیان لەکورتیی دا، زەرەر بەر بژێوی و ئیسراحەتی ماڵ و منداڵیان نەکەوت.

بەڵام وڵاتانی نەوتسێن یەکسەر کەوتنە هەلەکەسەماو گیرفانگرتنەوە بۆ قازانج، لەوانە لوبنان.

بۆ ئاگاداربون لەچەندو چونی نێوان خەڵك و حكومەت و خاوەن مولیدە ئەهلیەكانی دابینكردنی كارەبا لەلوبنان پاش دابەزینی نرخی نەوت لەبازارەكانی جیهاندا، تەماشای ئەم لینكە بكە (http://www.jassemajaka.com/…).

نەوتی ئێمەومانان بەچۆكدا هاتوە، كەچی لەجیاتیی ئەوەی خەڵكی وڵاتی خۆمان لەو بەچۆكداهاتنە سودمەند بین، خەڵكی لوبنان سودمەند دەبن، ئەوان بەرۆكی بەرپرسانی وڵاتەكەیان دەگرن بۆ دابەزاندنی نرخی موەلیدە!

تێگەیشتن لەو هاوكێشەیە ئاسانە:

ئێمە زەرەرمەندین چونكە نرخی كاڵاكەمان لەبازاڕدا دابەزیوە، كەواتە بۆمان نییە چاوەڕوانی قازانجبین لەڕوداوی وەها.

لوبنانیەكان سودمەندن چونكە نرخی پێداویستیەكی گرنگی ژیانی رۆژانەیان لەبازاڕدا دابەزیوە، كەواتە بۆیان هەیە چاوەڕوانی قازانجبن لەڕوداوی وەها.

هەڵگێرانەوەی گەمەی (نەوت - بازاڕ) بەم دیوەدا كە ئێستا هەیە، دەستی رۆژئاواو ئەمریكای لەپشتەوەیە، فڕوفێڵی ئەوانە بۆ لەكۆڵخۆكردنەوەی دەرەنجامە خراپ و نەخوازراوەكانی سیستمە ئابوریەكەی خۆیان لەناوخۆی وڵاتەكانیاندا، هەرچەند ئەو فێڵە تاسەر بڕناكاو بەوە نەجاتیان نابێ (تەماشای ئەم ڤیدیۆیە بكە لەم لینكەدا،

بزانه ٣٠ ساڵ پێش ئێستا ئەمریکاو رۆژئاوا چۆن شای ئێران و میرو گزیری خەلیجیان هەڵپێچاوە بۆ دابەزاندنی نرخی نەوت لەپێناوی بوژاندنەوەی ئابوریی بەریتانیاو کویّ و کویّ، لەسەر حسابی خەڵکی رۆژهەڵات -https://www.youtube.com/watch?v=cIcGM-٩Kghw).

هەرچۆنێبێ تازه واجاریّ قەوماوە، خەڵکی لای ئێمە لەژێرەوەو هینی لای ئەوان لەسەرەوە.

٦ / ٢ / ٢٠١٦

……………………

## ڕێکخستنەوەی سیستمی موچە:

## هەرکەس بەئەمریکا خۆی داپۆشیبێ روتە

*ئەو قسەیەی سەرەوە (هەرکەس بەئەمریکا خۆی داپۆشیبێ روتە) قسەی کەسێکە ساڵانێکی زۆر بەئەمریکا خۆی داپۆشی، لەکۆتاییدا بۆی دەرکەوت روتە، ئەو کەسە (حوسنی موبارەك) ی کۆنە سەرۆکی مصرە، قسەکە قسەی ساڵی ٢٠٠٥ ە، هینی ئەو کاتەیە کە ناوبراو بۆی دەرکەوت ئەمریکا پشتی کردۆتە رژێمەکەی (تەماشای ئەم لینکە بکە:

https://www.maannews.net/Content.aspx?id=٨٢٥٤٥٨

( ، بەڵام تازە فرسەتی خۆ گرتنەوەی نەمابو ! خۆی بەکێ بگرتایەتەوە؟ گەل؟ لەهەمو گەل (گەلێکی حەفتا هەشتا ملیۆنی) تەنها داروودەستە تایبەتیەکەی خۆی و کەمینەیەکی سەرمایەداری لەپشت

مابو، بەهۆی دەرگاخستنە سەر پشت بۆ گەندەڵی و هەڵپەخوازیی سەرمایەداران.

قسەکەی موبارەك بەکەڵکی ئەوە دێت هەمو دۆستایەتییەکی نێوان هەر دودانە کیانێکی سیاسیی پێ بپێورێ: هەرێم - تورکیا، هەرێم - ئێران، هەرێم - بەغدا، عێراق - ئێران،... هتد. هەروەها ئەزمونە ناوخۆییەکەشی لەگەڵ گەلی مصر: بەکەڵکی ئەوە دێت نێوانی هەمو فەرمانڕەواو گەلێکی پێ بپێورێ.

دور نییە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هاتبنە سەر بڕواکەی موبارەك، بەتایبەتی لەم سەردەمی بێقیمەتییەی نەوتدا، بەتایبەتیتر پاش ئەوەی بەجارێ دەرگای ئەمریکاو ئەوروپایان تاقاندەوە بۆ بڕێك پارە بەقەرز لەپێناوی دابینکردنی موچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە، بەڵام دەست بەڕویانەوە نرا.

لەگەڵ ئەوەدا تا ئێستا (کە رەنگە هێشتا پشیلەکە دوگەکەی نەڕفاندبێ) مشورێکی جددیی حاڵی خۆیانیان نەخواردوە:

لەجیاتیی ئومێدهەڵچنین لەسەر رۆڵی دۆستی ئیقلیمی و غەیرە ئیقلیمی، بگەڕێنەوە دەست لەملانی گەلەکەی خۆیان ببنەوە (گەل بەمانای زۆرینە، نەك بەمانای کەمینەو دەستەودایەرەی دەسەڵات).

*تەماشا بزانە لەم رۆژڕەشییەدا کە چاوەڕوان دەکرا بڕیارەکانیان لەبارەی رێکخستنەوەی موچەوە لەبەرژەوەندیی زۆرینەی خەڵکبێ و

دەرسێکیان لەهەڵەی رابردوی خۆیان و ئەم و ئەو وەرگرتبێ، کەچی دیسانەوە دێنەوە پشت دەکەنەوە خەڵك (زۆرینەکەی خەڵك)، هاوکات خۆیان دەگلێننەوە هەمان خواروخێچی و ناپەسەندی کە چارەکە سەدەیەکە لەناویدان، بێئاگا لەوەی ئەم فرسەتە باشترین فرسەت بو بۆیان کۆتایی بەزۆرێك لەخواروخێچیەکانیان بێنن (ئیتر وایە: قاچی رەش و سپی لەبواردا دەردەکەوێ).

*سەری بێدەلاکتاشین:

سەرێك ئەگەر دەلاك نەیتاشیبێ، دواتر کە کەوتە بەردەستی دەلاك دەبێ رێك بکرێتەوە، ناکرێ کابرای دەلاك رێك لەسەر خەتی کابرای بێدەلاك (نادەلاك) بیتاشێتەوە، بەڵام دەلاکەکەی ئەمجارەی حکومەتی هەرێم (باشترە بڵێین: بەناو دەلاکەکەی)، رێك لەسەر خەتی کابرای بێدەلاك تاشیویەتیەوە:

سیستمی موچە لەمەوبەر چۆن بو وەکو خۆی هێشتویەتیەوە، بەبێ راستکردنەوەیەکی ئەوتۆ کە تۆزە عەدالەتێکی کۆمەڵایەتیی بەدوادابێ، ئەو راستییە لەقسەکەی حکومەت خۆیدا هاتوە کە دەڵێ: بڕە موچەی گلدراوەی فەرمانبەران، لەلای حکومەت وەکو قەرز دەمێنێتەوە، پاشەکەوت دەکرێ و لەکاتی گیرفانپڕیدا دەدرێتەوە.

ئەمە دەستگرتن نییە بەهەمان خواروخێچی و کەموکوڕییەوە کە ساڵەهایە لەسیستمی موچەدا هەیە؟ لەخزمەتی (افتراضي) ی هەمان

توێژی مەعیدە دو قات و سێ قاتدا نییە کە ساڵانێکی زۆرە لەسایەی بێدادی و نایەکسانییەکدا کە سیستمی موچە خراوەتە پێناوی قوڵکردنەوەی، دەخواو دەباو کۆدەکاتەوە؟ ئەگەر رۆژێ لەڕۆژان توانرا ئەو پاشەکەوتەی حکومەت بەڵێنی گەڕاندنەوەیی داوە، بگەڕێنرێتەوە بۆ فەرمانبەران (لەناویشیاندا بندیوارەکان)، بەشەکەی هەژار چەند دەبێ و هینی مەعیدە چەند قاتەکان چەند؟ بیر لەوە کراوەتەوە (ئەگەر بەڵێنەکە راست دەرچو) پاشەکەوتەکە چۆنچۆنی بگێردرێتەوە؟ بەچەند دەفعە؟ دەرەنجامە ئابوریەکانی گەڕاندنەوەکەی، چۆن دەبێ لەسەر بازاڕی ئەو وەختە؟

بێگومان ئەمانە پرسیار دەبون بۆ حکومەت (ئەگەر دڵنیابوایە لەبەڵێنەکەی خۆی: بەڵێنی پاشەکەوتکردن و دانەوەی موچەی گلدراوەی فەرمانبەران لەکاتی گیرفانپڕیدا)، بەڵام بەوەدا کە بیری پرسیاری لەوجۆرەی نەبوە، پێناچێ بەڵێنەکەی بباتە سەر، مەگەر لەبەختی یاری مەعیدە چەند قاتەکان (بێگومان چاکترە نەیباتەسەر، بەئاشکرا خۆی لەبەڵێنەکەی بکێشێتەوە) !

*ئەگەر ئەو بەڵێنە لەئارادا نەبوایە، نەدەتوانرا بگوترێ: حکومەت ئەمجارەش سەد دەر سەد خۆی هەڵداوەتەوە باوەشی توێژێکی تایبەتی لەخەڵك و پشتی کردۆتە زۆرینە، چونکە ئەنجامی ئیشەکە - رێکخستنەوەکە (ئەگەر وەکو ئەنجامی قەتعی و کۆتایی تەماشای بکەین

نەك وەكو ئەنجامێكی ناكۆتایی و یەكلایی نەكراوە) كەمێك باشە: جیاوازیی موچەی نێوان پلەی بەرزو پلەی نزمی (تاڕادەیەك) تێدا كەم كراوەتەوە، بەڵام كێشەكە لەوەدایە وەكو ئەنجامێكی ناقەتعی و نایەكجاری ڕاگەیەندراوە، هەروەها تا بنی بنەوە دەستی تێدا داگیراوە (وەكو دەگوترێ: تەنها موچەی پلەی دەو نۆ لەدەستكاریكردن بەدەركراوە) كە ئەمە شتێكی چاوەڕوان نەكراوبو.

*هەڵاواردنی پێشمەرگەو هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ:

دەگوترێ: موچەی پێشمەرگەو هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ هیچ بڕە پارەیەكی لێ گلنادرێتەوە (بۆ پاشەكەوت !).

ئەمە هەڵەیەكی كوشندەیە، لەبەر چەندین هۆ، لەوانە:

١ - ئەگەر وادابنێین ئیشی پێشمەرگە، پۆلیس و ئاسایش، ئیشێكی پیرۆز یان مەترسیدارە، ئەوا ئیشی مامۆستا و هەمو فەرمانبەرانی تریش وەكو ئیشی ئەوان پیرۆزەو مەترسیدارە.. پیرۆزە لەبەرئەوەی لەپاڵ كۆی كۆمەڵگەدا ماڵ و مناڵ و كەسوكاری پێشمەرگە، ئاسایش و پۆلیس خزمەت دەكەن، مەترسیداریشە: تەماشای قوربانیانی وەزارەتی كارەبا بكەن، بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتەكانی تریش خۆتان بەدواداچون بكەن.

ئەم هەڵاواردنە قسەیەكی (هیرۆ هیتۆ) ی ئیمپراتۆری ژاپۆن بەبیر دێنێتەوە:

لێیان پرسی: دوای تێپەڕبونی تەنها بیست ساڵ بەسەر وێرانکردنی هێرۆشیماو ناکازاکیدا، چۆن و کوێرا توانیتان ئەو هەمو پێشکەوتنە تەکنەلۆجییە لەوڵاتەکەتاندا مسۆگەر بکەن؟

لەوەڵامدا وتی: لەڕێی مامۆستاوە.. دەسەڵاتی قازی و هەیبەتی عەسکەرو موچەی وەزیرمان دا بەمامۆستا، بەرامبەر بەوە، مامۆستا ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجییە گەورەیەی لەوڵاتدا مسۆگەر کرد.

ئێمە لەکوردستان دێین پێچەوانەی دەکەینەوە...

٢ - زۆرینەی کادرانی حیزبەکان، هەروەها فەرمانبەرانی بندیوار، بەپلەی سەربازی خانەنشین کراون.

لەپاڵ کەسانی ماندوی ناو ریزەکانی پێشمەرگە، پۆلیس و ئاسایش، ئەمانیش سودمەند دەبن لەهەڵاواردنەکە.

لەکۆتاییدا ئەمە بەخەڵك قەبوڵ ناکرێ (ئەگەر سەرەتاش پێی نەزانن و بەسەریاندا تێبپەڕێ).

ئەم کارەی حیزبی دەسەڵاتداری کوردی (حەشاردانی دەستەو دایەرەی خۆیان لەناو وەزارەتی هەڵاواردراو لەهەڵپاچین !)، لەم رۆژڕەشییەدا (کە لەڕاستیدا دەست و دیاریی خۆیانە بۆ گەل)، بەڵگەیە لەسەر گەلنەویستی و رۆحییەتی حیزبسالارییان!

بەڵگە لەوە رۆشنتر چی:

بەبەرچاوی هەمو خەڵکی کوردستانەوە خەریکی کەشتیسازیین بۆ دەربازکردنی دەستەو دایەرەکەی خۆیان لەتۆفانەکە، باقیی خەڵك بۆ چەم !؟

٣ - ئەسڵەن ئەو هەڵاواردنە بۆچی؟

گریمان بازاڕو خەڵك وردە وردە ناچار دەبن خۆیان لەگەڵ حاڵی یەکتر بگونجێنن، ئەگەر وابێ ئەوا پێشمەرگە، ئاسایش و پۆلیسیش وەکو باقیی خەڵك، وردە وردە بەپێی حاڵی گیرفان و موچەیان (موچەی دەستکاریکراو) دەتوانن لەگەڵ بازاڕدا هەڵبکەن، ئیتر بۆچی لەخەڵك هەڵببوێردرێن؟ بۆ ئەوەی پەندەکەی زەمانی صەددام بەبیری خەڵك بهێننەوە: (ئەگەر ویستت پاشایانە بژییت، ببەرە ئەفسەر لەسوپای عێراق) !؟

مادەم وایە با هەر بەدەم ئەوەوە بیرێکی خۆیشیانی بخەنەوە: سوپا ملیۆنیەکەی صەددام (ئەفسەری لێدەرچێ کە پاشایانە دەژیا) بەموچەیەکی زۆر رەمزی خرابوە سەرپێ!

جگە لەوە:

ئەگەر سەقفێکی ئەدنای مەعقول بۆ موچە (لەسنوری نیو ملیۆن دینارێکدا) دیاری بکرێ، ئەوا پێشمەرگە، پۆلیس و ئاسایش (بەرپرسەکانیان نا) هیچ زەرەرێك لەوە ناکەن لەگەڵ باقیی فەرمانبەراندا حەشرو نەشر بکرێن و هەڵنەبوێردرێن، لەبەرئەوەی

موچەکەی ئێستایان هەر لەسنوری نیوملیۆن دینارێکدایە، کەواتە بەم شێوەیەش هەر پارێزراو دەبن لەمەقەستەکەی حکومەت (ئەگەر مەبەست لەهەڵاواردنەکە پاراستنی ئەوانە نەك بەرپرسە موچەبەرزەکانیان).

٤ - خۆ ئەگەر لەگریمانەکەماندا نەمانپێکابێ و رۆژڕەشیی بەردەم خەڵك پاش کلك وگوێکردنی موچە ئەمرێکی حەتمیبێ، با بۆ هەموان حەتمیبێ.. بۆچی چینێکی لێ هەڵببوێردرێ؟ لەبەرئەوەی پاسی دەسەڵات دەکا؟ یان لەبەرئەوەی پاسی وڵات و خەڵکی وڵات دەکا؟ ئەگەر مەسەلە پاسی خەڵکە ئەوا پاسی سك لەبرسێتی، لەبەرترە تا پاسی سەر لەتیغ!

- ٥موچەی دو وەزارەتی ناوبراو (پێشمەرگەو ناوخۆ) قەبارەیەکی قەبەی هەیە، ئەگەر سەرجەم فەرمانبەرانیان بەمەدەنی و غەیری مەدەنییەوە هەڵاواردنەکە بیانگرێتەوە، ئیدی چاکسازیی چی و حاڵی چی؟

*چۆنیەتیی گلدانەوەی ئەو برە پارەیەی ناو نراوە پاشەکەوت (خۆزگە ئەو ناوەی لێ نەدەنراو ئەو تەڵەیە نەدەنرایەوە بۆ مقۆمقۆی داهاتو):

سەرەتا دەبێ سەقفی ئەعلاو سەقفی ئەدنای موچە دیاری بکرێ.

نمونە:-

وادابنێین نیو ملیۆن دینار حەدی ئەدنایە (لەڕاستیدا هەق نییە لەوە نزمتربێ)، دو ملیۆن دیناریش حەدی ئەعلایە، هەمو بڕە پارەیەکی نێوان حەددی ئەدناو حەددی ئەعلا بەڕێژەیەکی هەڵکشاو بچوك بکرێتەوە (زۆر لەزۆر گل بدرێتەوە، کەم لەکەم)، بەم شێوەیە:

-هەمو بڕە پارەیەکی نێوان حەددی ئەدناو ملیۆنی یەکەمی موچە، نیوەی ببڕدرێ و نیوەی بهێڵدرێتەوە.

-هەمو بڕە پارەیەکی نێوان ملیۆنی یەکەم و ملیۆنی دوەمی موچە، سێ روبعی ببڕدرێ و روبعێکی بهێڵدرێتەوە.

-هەمو بڕە پارەیەکی نێوان ملیۆنی دوەم و ملیۆنی سێیەمی موچە، هەروەها هەمو بڕە پارەیەکی نێوان ملیۆنی سێیەم و ملیۆنی چوارەمی موچە، یەك لەسەر هەشتی بهێڵرێتەوە، باقیەکەی ببڕدرێ.

-هەر بەپێی هەمان پێوەری هەڵکشاو: هەمو بڕە پارەیەکی سەروی ملیۆنی چوارەم و پێنچەمی موچە بچوك بکرێتەوە، بەشێوەیەك کە: هیچ موچەیەك لەدو ملیۆن دینار سەر نەکەوێ (لەدوملیۆن دیناردا رابگیرێ).. تەنها نیو ملیۆنی یەکەم و بەرەو خوار، دەستکاری نەکرێ.

*هەرکاتێ حکومەت داهاتی وەکو جارانی لێهاتەوە، دەست بکات بەبەرزکردنەوەی موچە، بەڵام لەسەر ئەم ئەسڵە تازەیەوە، نەگەڕێتەوە سەر سیستمە ناعادیلانەکەی پێشو.

*گلدانەوەکە لەکۆی موچەبێ بەدەرماڵە شایستەکانەوە، ناقص ئەو دەرماڵە ناشایستانەی بۆ رازیکردنی توێژێکی تایبەت لەهەندێ وەزارەتدا دەدران: مەترسی، خوێندنی باڵا، ئەسڵەن دەکرێ هیچ دەرماڵەیەك نەهێڵرێتەوە.

*دەرماڵەی بڕوانامە:

لەم رۆژڕەشییەدا پرسیارێکی دروستە (دەرماڵەی بڕوانامە بۆچی)؟

ئەگەر دەرماڵە (دەرماڵە بەگشتی) لەئەسڵدا بۆ هاندانبێ (وەکو حافزێکی مادی) ئەوا دەکرێ شتێکی رەمزیبێ، هەموانیش بگرێتەوە (چایچی، پۆلیس، پارێزەر، مامۆستا،... هتد) بەقەدەر یەك یان بەجیاوازییەکی زۆر کەمەوە، لەسەر بنەمای ماندوبون لەوەزیفەدا نەك لەسەر بنەمای بڕوانامە، کابرا یان خانم بڕوانامەی باشی هەیە بۆ خۆیی هەیە، بۆ کەسی تری نییە، بەهۆی بڕوانامەکەیەوە خۆیی لەکارگوزاری، چادانان و زەوی سڕینەوە نەجاتداوە نەك کەسیتر، بۆچی دەبێ لەسەر حسابی کەسانی بێبڕوانامە کە رەنگە زۆر لەو ماندوتربن، دەرماڵەی بڕوانامەی بدرێتێ؟ ئەی ماندوبونی فەرمانبەرانی بێبڕوانامە چۆن پارسەنگ بدرێتەوە؟

خۆ ئەگەر دەرماڵە بۆ دروستکردنی جیاوازیی دەرونی و ئاستی بژێوییە لەنێوان فەرمانبەراندا (کە نیازێکی زۆر نامرۆڤانەیە)، ئەوا با لەسەر بنەمای بڕوانامەبێ ! بەڵام بۆچی لەم رۆژڕەشییەدا؟

ناکرێ دەوڵەت بەدرێژایی ساڵانی خزمەتی وەزیفی، تەنانەت لەڕۆژڕەشیەکانیشدا، لەجیاتیی باوك و دایك، پاداشتی فەرمانبەری خاوەن بڕوانامە بداتەوە (ئەگەر دەوڵەتێکبێ لەخزمەتی زۆرینەدا نەك لەخزمەتی کەمینەدا)، پاداشتی سەرکەوتنی مرۆڤ لەبواری خوێندندا دەبێ لای دایك و باوکی خۆیبێ، ئەویش یەکجار: رۆژی بەدەستهێنانی بڕوانامەکەی.

جگەلەوە: حکومەت لەکاتی دامەزراندنی فەرمانبەردا حسابی بڕوانامەی کردوە، هەر لەسەرەتای تەعینەوە جیاوازیی خستوتە نێوان کەسانی خاوەن بڕوانامەو کەسانی بێبڕوانامە (خاوەن بڕوانامە هەر یەکسەر لەسەرەتای تەعینەوە لەپلەیەکی بەرزتر لەپلەی بێبڕوانامەدا دادەنرێ)، با جیاوازیەکە تەنها لەو سنورەدا بهێڵرێتەوە، قوڵتر نەکرێتەوە، دەکرێ بۆ لەوەودوا (ئەگەر حکومەت داهاتی زیادی کردو بیری لەتەعینکردنی خەڵك کردەوە) تەنانەت ئەو هەندە جیاوازییەی سەرەتای تەعینش نەهێڵرێ، پاساوێکی لۆژیکی نییە بۆ هێشتنەوەی، جگە لەو مەیلەی کە هەندێ مرۆڤ هاندەدا بۆ قوڵکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی.

*دواجار:

کەمکردنەوەو رێکخستنەوەی موچە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، لەم رۆژڕەشییەدا، تەنانەت لەفەرەحیەکەی پێشوشدا (بەڵام لەسەر بنەمای

دادپەروەری) دەبێ جێگای ڕەزامەندی و دەسخۆشیبێ لەلای فەرمانبەران:

موچەیەکی کەم و بەردەوام (ڕێکخراو لەسەر بنەمای دادپەروەری) زۆر باشترە لەموچەیەکی پچڕپچڕی ناماقوڵی پڕلەفەرق و جیاوازی کەبەهۆی ناماقوڵیەکەیەوە لەڕێدابێ بەیەکجاری سەرنگوم ببێ.

ئەگەر حکومەت دادپەروەریی زیاترو درێژخایەن لەڕێکخستنەوەی ئەمجارەی موچەدا لەبەرچاو بگرێ (چش با پاش پێداچونەوەیەکیتر بێت)، ئەوا شایانی پشتگیرییە، ئەگەر نا نەوەڵڵا، ئەمە بۆ خۆیشی باشە: خراپ پرۆسەی چارەسەریەکە ببات بەڕێوە ئاخریەکەی دیسانەوە لەنیوەی ڕێدا پەکی دەکەوێتەوە، دەبێ دوای چەند مانگێکیتر (یان زوتر) سەرلەنوێ دەست بەڕێکخستنەوە بکاتەوە.

بێگومان پاش دابەشکردنی یەکەم موچە بەپێی سیستمە نوێیەکەو حاڵیبون لەوەزعی ئەوسای بازاڕو ژیانی فەرمانبەران، ڕەنگە تێبینیی زیاتر دروست ببن، حکومەت ئەوساش چاو بەکارەکەیدا بخشێنێتەوەو هەوڵی کامڵکردنی بدات هەر باشە.

٤ / ٢ / ٢٠١٦

.......................

## رزگارکردنی سەرمایەداری

## لەپێناوی زۆرینەدا نەك لەپێناوی کەمینەدا

ئەوەی سەرەوە ناونیشانی کتێبێکی نوێی ئابوریناسی ئەمریکیی بەناوبانگ (رۆبەرت رایخ) ە.

ناوبراو مامۆستای زانکۆی کالیفۆرنیایە لەبێرکلی، لەسەردەمی سەرۆکایەتیی بیل کلینتۆندا چەند ساڵێك وەزیری (هێزی کار) بوە، جگە لەم کتێبە خاوەنی چەندین کتێبی تری گرنگە کە هەمویان جێگای بایەخن.

نیوەدێری یەکەم (رزگارکردنی سەرمایەداری) ناونیشانی سەرەکیی کتێبەکەیە، نیوەدێری دوەم (لەپێناوی زۆرینەدا نەك لەپێناوی کەمینەدا) ناونیشانی فەرعیی کتێبەکەیە.

ئابوریناس و بیرمەندی ناسراوی عەرەب (د. جلال امین) خوێندنەوەیەکی وردی بۆ ئەم کتێبە کردوە (تەماشای ئەم لینکە بکە:

http://www.ahram.org.eg/NewsQ/٤٦٦٥٢٤.aspx (، ستایشێکی زۆری دەکا، فەزڵی دەدا بەسەر کتێبێکی گرنگی ئابوریناسی بەناوبانگی فەرەنسی (تۆماس بیکیتی) دا کە پارساڵ لەژێر ناونیشانی (سەرمایەداری لەسەدەی بیست و یەکدا) بڵاوبۆتەوەو هەرای گەورەی ناوەتەوە (بەقسەی دکتۆر جەلال(.

رایخ لەکتێبەکەیدا داوا ناکا واز لەو پاڵنەرە تایبەتییە تاکەکەسییە بهێنرێ کە لەلای مرۆڤ هەیەو هانی دەدا بۆ چالاکیی ئابوری، بەڵام داوا دەکا دەوڵەت لەبەرژەوەندیی زۆرینەی خەڵك، نەك لەبەرژەوەندیی چینی سەرمایەدار، تەدەخول لەبازاردا بکا.

بێگومان هەمومان هەواڵی لەمجۆرەمان بیستوە: فڵانە دەوڵەتی سەرمایەداری رێگە نادا دەسەڵاتەکان دەست وەربدەنە کاروباری بازار، یان فڵانە دەوڵەتی سەرمایەداری بەپێویستی دەزانێ دەسەڵاتەکان هەندێ رێ و شوێنی تایبەت بگرنەبەر لەپێناوی ئاراستەکردنی ئابوریی وڵاتدا بەرەو ئاقارێکی باش.. رایخ دەڵێ هیچ کاتێ نەبوە دەوڵەتانی سەرمایەداری دەست وەرنەدەنە کاروباری بازار، هەمو کاتێ دەستیان تێوەرداوە (چ لەرێی بەرئاوەڵاکردنەوە بۆ بازاری ئازاد، چ لەرێی ئاراستەکردنی بازارو دانانی رێ و شوێنەوە) هەمویشی لەخزمەتی کەمینەی سەرمایەداردا، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ: تەنانەت ئەو کاتانەشی دەسەڵاتەکان لەدەوڵەتی سەرمایەداریدا رێ و شوێن دادەنێن بۆ بازار (گوایە بۆ کەمکردنەوەی ئازادیی بازار)، لەخزمەتی کەمینەی سەرمایەداردا دەستیان وەرداوە.

بێگومان لەوەتەی سیستمی ئابوریی سەرمایەداری هەیە، نوسەرانێکی یەکجار زۆر لە (ئابوریناس، سیاسی، فەیلەسوف) رەخنەیان لەسەرمایەداری گرتوە، هەیانبوە لەروانگەی سیاسی و ئایدیۆلۆجییەوە، هەیانبوە لەروانگەی زانستیی پەتییەوە، هەشیانبوە لەروانگەی دڵسۆزی و لایەنگیرییەوە بۆ سیستمەکە (سیستمی

سەرمایەداری)، بۆ نمونە: پێشنیاریان کردوە دەوڵەت تەدەخول لەبازاڕدا بکات بۆ ئەوەی چینی ناوەند بەجارێ لەبنەوە هەڵنەتەکێ و کۆمەڵگە دابەش نەبێ بەسەر دو چیندا:

*چینێکی تەواو بەرتەسك (چینی سەرمایەدارانی زەبەلاح)

*چینێکی زۆر پان و پۆڕ (چینی هەژار)

لەبەینی چینی سەرمایەدارو چینی هەژاردا چینی سێیەم هەبێ (کە چینی ناوەندی پێ دەگوترێ)، لەبەرئەوەی ژیان لەسەردەستی ئەو چینەدا دەڕوا بەڕێوە، ئەگەر ئەو نەبێ ئەوا ژیان رادەوەستێ و سیستمە ئابوریەکە توشی نسکۆ دەبێ (تەماشای ئەم لینکە بکە:

http://www.siyassa.org.eg/…/-
%E٢%٨٠%AC%D٩%٨٤%D٩%٨٥%D٨%A٧%D٨…).

ئەمجۆرە تەدەخولەی دەوڵەت لەبازاڕدا کە لایەنگران و دڵسۆزانی سیستمی سەرمایەداری پێشنیاری دەکەن، بەدڵی دکتۆر جەلال ئەمین نییە، هەروەها بەدڵی (رۆبەرت رایخ) نییە (هەر لەناونیشانی کتێبەکەیەوە مەعلومە)، چونکە لەپێناوی بەرژەوەندیی زۆرینەدا نییە، بەڵکو دواجار لەپێناوی بەرژەوەندیی کەمینە سەرمایەدارەکەدایە، دکتۆر جەلال ئەمین لەبەرئەمەیە بەکتێبەکەی (رایخ) زۆر دڵخۆش و موعجەبە، هەر لەناونیشانەوە تا دەگاتە ناوەڕۆك و پێشکەشکردنەکەی (رایخ کتێبەکەی پێشکەشی رۆحی کۆچکردو ئابوریناسی بەناوباگی ئەمریکی جون کینیث گالبریث ی هاوڕێی کردوە کە خاوەنی هەمان ئاراستەی فیکری بوەو کتێبەکەی رایخ یش هەر درێژکراوەی نوسینەکانی ئەوە - بەقسەی دکتۆر جەلال ئەمین).

بێگومان جێگای دڵخۆشییە لەچەقی بەناوبانگترین و زەبەلاحترین کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا (ئەمریکا) کە ساڵی ١٩٥٤ بەقانون رێگەی لەبڵاوبونەوەی بیروباوەڕی لەوجۆرە گرت و هونەرمەندان و ئەدیبانێکی زۆری بەو قانونە سزا داوە (تەماشای ئەم لینکە بکە:

http://radicaly.net/…/%D٨%B٩%D٩%٨٦%D٨%AF%D٩%٨٥)%D٨%A٧-%D٨%A…/(

، کەسانی وەکو رایخ پەیدا ببن، رەخنەی قوڵ ئاراستەی سیستمی ئابوریی سەرمایەداری بکەن.

*ئەو دو وەهمەی دەبێ بڕەوێندرێنەوە:

وەهمی یەکەم ئەوەیە کە دەڵێ: سەرمایەداری، ئەگەرچی لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە تا چەند دەیەی سەرەتای سەدەی بیستەم بەوە دەناسرایەوە دادپەروەر نییەو جێی یەکسانیی تێدا نابێتەوە، بەڵام لەوە بەدواوە وردە وردە بەرەو چەسپاندنی دادپەروەری و کەمکردنەوەی نایەکسانی پێی هەڵگرتوە.

کتێبەکەی ئابوریناسی بەناوبانگی فەرەنسی توماس بیکیتی (سەرمایەداری لەسەدەی بیست و یەکدا) ئەم وەهمە دەڕەوێنێتەوە، بێگومان لەڕێی کۆکردنەوەو شیکردنەوەی داتای وردەوە کە بیست دانە وڵاتی سەرمایەداریی بۆ پشکنیوە.. ناوبراو دەیسەلمێنێ: سەرمایەداری بەردەوام خەریکی قوڵکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی، نایەکسانی و بێدادی بوە، ئەگەر رۆژێ لەڕۆژان کەمێك لەو ئامانجە کشابێتەوە، لەپێناوی هەندێ مەرامی تایبەتیی خۆیدابوەو بەشێوەیەکی کاتی بوە، چاوەڕوانیش ناکرێ شتی وا دوبارە ببێتەوە، مەگەر بەهۆی تەدەخولی دەوڵەتەوە لەخزمەتی زۆرینەی خەڵکدا.

وەهمی دوەم ئەوەیە کە دەڵێ: (سیستمی سروشتی) بریتییە لەسیستمی ئابوریی سەرمایەداری، هەر سیستمێکی تری غەیری ئەو سیستمە شتێکی دەستکردە، لەسەر زەوی جێگەی نابێتەوە، وەکو ئەوە وایە دەستکاریی (سروشت) بکرێ، واتە ئەسڵی ئابوری بریتییە لەو هەڵپەخوازییەی لەوڵاتانی سەرمایەداریدا بەدیدەکرێ.. ئەمە هەمان بۆچونی ئابوریناسی بەناوبانگ و تیۆرسیەنی سیستمی ئابوریی سەرمایەداری (ئادەم سمث) ە کە لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا (سامانی گەلان) داکۆکیی لێکردوە.

رۆبەرت رایخ ئەم وەهمە دەڕەوێنێتەوە، پێی وایە ئابوریناسەکەی پێش خۆی کە وەهمی یەکەمی رەواندۆتەوە کورتی هێناوە، نەك لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکەی ئەنجامی هەڵەی داوە بەدەستەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی دورتر نەڕۆیشتوەو ئیشی بۆ رەواندنەوەی وەهمی دوەم نەکردوە کە وەهمێکی قوڵترو ترسناکترە.

بێگومان ئەمەی رایخ دەیڵێ، پێشتر نوسەرانیتر وتویانە، بەڵام رایخ (بەقسەی دکتۆر جەلال ئەمین) زۆر وردو رێك و پێك وتویەتی و زیرەکانە داکۆکیی لێکردوە.

٢٠١٦ / ٢ / ٣

.........................

## بۆچی دەبێ خەڵکی کوردستان لەبارەی نەوتەوە زۆر شت بزانن؟

خەڵکی هەرێمی کوردستان، دەبێ لەبارەی نەوتەوە زۆر شت بزانن، لەبەر چەندین هۆ، لەوانە:

*نەوتێکی زۆر لەوڵاتەکەیاندا هەیە.

*حکومەت، بۆ دابینکردنی بودجەی گشتی، پشت بەداهاتی نەوت دەبەستێ، رەنگە هەشتا دەرسەد، لەوانەیە زیاتریش.

*گەندەڵییەکی زۆر باڵی بەسەر کاروباری حکومەتدا کێشاوە، بەپلەی یەکەم لەبواری ئیدارەدانی کەرتی نەوتدا.

*سیاسەتی وڵاتانی زلهێز، بەرامبەر بەوڵاتانی دەوڵەمەند بەنەوت (لەناویشیاندا هەرێمی کوردستان)، نەوت رۆڵی زۆری هەیە لەڕەسمکردنیدا.

لەبەر ئەو هۆیانەو چەندین هۆیتر، پێویستە زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان، زۆرترین زانیاریی گشتییان لەبارەی نەوتەوە هەبێ (وەکو سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی وڵات)، بەڵام کەسانی ئەکادیمی (بواری پسپۆڕیەکەیان هەرچیبێ: یاسا، سیاسەت، ئابوری، کیمیاو فیزیا، جوگرافیای سروشتی و سیاسی، و... هتد)، پێویستە زانیاریی زۆرترو وردتریان هەبێ.

بەداخەوە: هەرێمی کوردستان، لەڕوی زانیارییەوە دەربارەی نەوت، هەژارترین وڵاتی دەوڵەمەند بەنەوتە.

لەناو گەلانیتری خاوەن نەوتدا هاوکێشەکە بەوجۆرە نییە: زۆرترین زانیاری لەبارەی نەوتەوە لەمیدیاکاندا دەخرێتەڕو، خەڵکیش بەئاسانی لەناوەڕۆکی راپۆرت و زانیاریەکان تێدەگەن.

لەهەرێمی کوردستان، لەپاڵ ئەوەدا کە میدیاکان زۆر کەم بایەخ بەجیهانی نەوت دەدەن، زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکەکەش ناتوانن زانیاری لەبارەی نەوتەوە بەباشی تێبگەن، تەنانەت ئەگەر راپۆرت و زانیاریەکان بەزمانی کوردییشبن، مەگەر زۆر سادەو رەوانبن.

یەکێ لەهۆکارەکانی پشت ئەو حاڵەتە (دەسەڵات) ە:

*دەسەڵات حەزی نەکردوە خەڵك هیچ شتێ لەوبارەیەوە بزانێ، زەمینەی بۆ میدیاکان نەڕەخساندوە بەپێی پێویست زانیاری لەوبارەیەوە بڵاوبکەنەوە، چونکە ئەگەر خەڵك لەوبارەیەوە شت بزانێ،

سەققی داواکاریەکانی دەباتە سەرەوە، بەهەمو ئەمرو نەهییەکی حکومەت رازی نابێ!

تەماشا بزانە لەلای عەرەبەکان چەند بەڕونی رۆڵی نەوت لەسەر سیاسەت، رۆڵی سیاسەت لەسەر نەوت، سەروخواری نرخی نەوت و هەمو شتێکیتری تایبەت بەبازاڕی نەوت باس دەکرێ؟

یەکێ دەڵێ ئەمریکایە بریار لەسەر دیاریکردنی نرخی نەوت دەدا، بەئارەزوی خۆی یاریی پێدەکاو لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خۆی دەیگونجێنێ، تاوێ نرخی بەرز دەکاتەوە، تاوێ دایدەبەزێنێ (تەماشای ئەم لینکە بکە:

.)http://www.alamatonline.net/l٣.php?id=١٨١١٩٧

یەکێکیتر دەڵێ: نەخێر.. ئەمریکا تا ساڵی ١٩٧٠ دەیتوانی وەهابێ، چونکە تا ئەو ساڵە (١٩٧٠) یەکێ بو لەوڵاتانی نەوتهەناردەکەر، بەڵام لەدوای ئەو ساڵەوە تا ئێستا، ئەو رۆڵەی نەماوە، چونکە نەوتفرۆش نییە، ئێستا سعودییەیە بڕیار لەسەر دیاریکردنی نرخی نەوت دەدا، چونکە زەبەلاحترین بەرهەمهێنی نەوتە، بۆیەش لەئێستادا نرخی نەوتی هێناوەتە خوارەوە بۆ ئەوەی بەدیلەکانیتری نەوت (نەوتی بەردین، نەوتی لمین، و... هتد) نەبنە جێگرەوەی نەوت، توانایان نەبێ کێبەرکێ لەگەڵ نەوتدا بکەن.. بێگومان ئەگەر نەوت هەرزانبێ، ئەوا وزەی بەدیل: نەوتی بەردین و چی و چی، بەهۆی بەرزیی نرخی

تێچونیانەوە، فرۆشیان نابێ و توانای کێبەرکێی نەوتیان نابێ (تەماشای ئەم لینکە بکە:

.)http://www.alrai.com/article/٧٣٣٥٦٧.html

بەم بۆنەیەوە پێمخۆشە سەرنج بگوازینەوە سەر ڤیدیۆیەکی کۆنی محەممەد رەزاشای پەهلەوی لەبارەی سەروخواری نرخی نەوتەوە.

رەزاشا لەو ڤیدیۆیەدا (تەماشای ئەم لینکە بکە:-https://www.youtube.com/watch?v=cIcGM-٩Kghw(، بەرۆژئاواییەکان دەڵێ:

ئەگەر ئێوە نرخی کاڵاو شتومەکەکانتان ببەنە سەرەوە، ئێمەش نرخی نەوتەکەمان دەبەینە سەرەوە، هەروەها بەپێچەوانەوەش.

هەروەها دەڵێ: من ئامادەم نرخی نەوت ببەستمەوە بەنرخی شتومەکەکانی ترەوە:-

زوتر تۆنی گەنممان دەکڕی بە ٦٠ دۆلار، پار بەچوار بەرامبەری ئەوە کڕیومانە (٢٤٥) دۆلار.. زوتر رۆنی روەکیمان دەکڕی تۆنی بەکەمتر لەسەد دۆلار، پار تۆنی بە (١٢٠٠) دۆلار کڕیومانە.

رۆژنامەنوسێکی رۆژئاوایی لێیدەپرسێ: خەڵکێکی زۆری هەژار لەبەریتانیا لەسەرمادا هەڵدەلەرزن، ئێوە (لەگەڵ هاوتا عەرەبەکانتان) پرسیاری ئەوەتان لەخۆتان کردوە چ گرفتێکتان لەگەڵیان هەیە؟ ئایا

قازانجی ئێوەی تێدایە ئەگەر ئابوریی بەریتانیا توشی زەرەرو زیان ببێ؟

شا: مەسەلە تەنها ئابوریی بەریتانیا نییە، ئەگەر قسەیەك لەئارادابێ ئەوا ئابوریی هەمو جیهان دەگرێتەوە.. مەسەلە دژایەتیکردنی کەس نییە.. ئێمە تەنها داکۆکی لەداهاتی خۆمان دەکەین.

پرسیارێکی تری لێدەکرێ بەمجۆرە: ئەمریکا تا چەند زۆری لەئێوە کردوە نرخی نەوت داببەزێنن؟

شا: زۆر!

رۆژنامەنوس: چییان دەوێ؟ چی قابیلی قەبوڵە لای ئەوان؟

شا: هیچ ! چاوەڕوانی ئەوەن ئێمە نرخی نەوت سەرنەخەین، بەڵام ئەوان (بۆ نمونە) نرخی پۆڵاکەی خۆیان سەرخەن!

رۆژنامەنوسێکی تر: بە چ مەرجێ لەئایندەی نزیکدا نرخی نەوت دادەبەزێنن؟

شا: جا بۆچی دەبێ نرخی نەوت داببەزێنین؟

بەکورتی:

پێویستە خەڵکی هەرێمی کوردستان، وەکو خەڵکی هەمو وڵاتە نەوتفرۆشەکان، بەردەوام گوێ بۆ هەواڵی نەوت رادێرن، ئاگایان لەبازاڕی نەوتبێ، دەتوانن لەو رێیەوە بەوردی لەسیاسەتی زلهێزەکانیش حاڵی ببن.

بێگومان یەکێ لەو هۆکارانەی وایانکردوە سەرودەر لەسیاسەتی نێودەوڵەتی دەرنەکەین، کەم ئاگاییمانە لەبارەی وزەو پەیوەندیی وزە (نەوت و غاز) بەبەرژەوەندیی وڵاتانەوە.

میدیای کوردی لەمڕووەوە بەشی خۆی ئۆباڵی دەکەوێتە ئەستۆ.

٢٠١٦ / ١ / ٣١

..........................

## پیرۆزترین شوێن کەعبە نییە کێوی طورە

دانە بەدانەی گەلانی موسوڵمان، ئەوانەیان کە بەتوندی وابەستەی دینەکەیانن، لەهەر کوێی گۆی زەویدابن، بۆیان هەڵکەوێ، نەك هەر حەجێك یان عەمرەیەك، بەڵکو لەتەمەنی خۆیاندا چەندین حەج و عەمرە دەکەن.

بەلای ئەوانەوە کەعبە پیرۆزترین شوێنە لەسەر گۆی زەوی کە خوا دروستی کردوە، بۆیە ساڵانە بۆ حەجکردن رو دەکەنە ئەوێ، ملیارەها دۆلار بەو هۆیەوە دەچێتە گیرفانی دەسەڵاتدارانی سعودییەوە، ئەوانیش لەپشتگیریکردنی داعش، بڵاوکردنەوەی فیکری وەهابی، شەڕو ناکۆکیی تائیفیدا خەرجی دەکەنەوە.

هەر دوێنێ لەهەرێمی کوردستانەوە کاروانی عەمرەکارانی کورد سەرلەنوێ بەرەو سعودییە بەڕێ کەوتۆتەوە (تەماشای ئەم لینکە بکە:
http://www.xendan.org/dreja.aspx?=hawal&jmara=٥٨٧٥٣&Jor=١).

تا ئێستا موسوڵمانێکی کورد بەخەیاڵیدا نەهاتوە بپرسێ: بەڕاست، پیرۆزترین شوێن لەسەر گۆی زەوی کە خوا دروستی کردوە، کەعبەیە؟ ئایا شوێنی پیرۆزتر لەکەعبە کە شایستەی ئەوەبێ حەجی لێبکرێ و پلەی حەجەکەی لەحەجی کەعبە بەرزتربێ، لەسەر گۆی زەوی بونی نییە؟

کەسێك ئەو پرسیارەی کردوەو لەلایەن دکتۆر مصطفی راشد کە زانایەکی ئەزهەریی (مصری) و مامۆستای شەریعەتی ئیسلامی و سەرۆکی (یەکێتیی زانایانی ئیسلام لەپیناوی ئاشتی و رەتکردنەوەی توندوتیژی کە یەکێتییەکی جیهانییە - رئیس الاتحاد العالمی لعلماء الإسلام من أجل السلام ورفض العنف) بەوردی وەڵامی دراوەتەوە...

ئەمە پوختەی وەڵامەکەیە:

*پیرۆزترین شوێن لەسەر گۆی زەوی کەعبە نییە، بەڵکو کێوی طورە (الوادي المقدّس طوى) کە لەسورەتی (النازعات) دا ئاماژەی پێدراوە: (هَلْ أتَاكَ حَدِيثُ مُوسَى (١٥) إِذْ نَادَاهُ رَبُّهُ بِالْوَادِ الْمُقَدَّسِ طُوًى(١٦)

*الوادي المقدس طوى، کێوی طورە، ئەو شاخە پیرۆزەیە کە دەکەوێتە باشوری سینا لەمصر، رێك لەناوچەی (المطلب) کە تیایدا (داوا - دۆعا) گیرا دەبێ!

*کێوی طور سورەتێکی تایبەتیی بەناوەوەیە (سورەتی طور)، بەڵام کەعبە سورەتی بەناوەوە نییە.

*ناوی طور بەپێی ئەو ریزبەندییەی لەسورەتی (طور) دا بەدیدەکرێ، ناوی یەکەمە، بەڵام ناوی کەعبە (البیت المعمور) چوارەم ناوە:( وَالطُّورِ (١) وَكِتَابٍ مَسْطُورٍ (٢) فِي رَقٍّ مَنْشُورٍ (٣) وَالْبَيْتِ الْمَعْمُورِ (٤)

*کێوی طور پیرۆزترین شوێنە لەسەر گۆی زەوی، لەبەرئەوە داوا لەحکومەتی مصرو بەرپرسانی دەکەم زەمینەسازی بکەن بۆ ئەوەی ئەو شوێنە پیرۆزە بکرێتە شوێنی حەج و عەمرە بۆ هەمو ئایندارانی یەکتاپەرستی دنیا (موسوڵمان، یەهودی، مەسیحی)، هەروەها بۆ هەر کەسێ کە بڕوای بەخوا هەیە.

*حەجەکەش ساڵانە لەهەفتەی یەکەمی مانگی مارسدابێ.

*هەر رۆژێکی تری غەیری ئەو رۆژە، بۆ عەمرەبێ.

دکتۆر مصطفی راشد، لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا:

ئایا لەحەج پیرۆزتر چییە؟

دەڵێ: لەحەج پیرۆزتر زەکاتە (تەماشای ئەم لینکە بکە:

.)http://www.civicegypt.org/?p=٦٣٠٧٨

٢٥ / ١ / ٢٠١٦

## کوڕو نەوەی هەر کەسبین

خدێوی تۆفیق (١٨٥٢ - ١٨٩٢) شەشەم فەرمانڕەوای مصر لەخانەوادەی عەلەوی، کوڕی (خدێوی ئیسماعیل) ە لەخانمە منداڵخەرەوەکەی (نور هانم شفیق) کە یەکێك نەبوە لەچوار ژنەکەی، رەنگە هەر لەبەرئەوەبوبێ ئیسماعیلی باوکی کوڕەکانیتری رەوانەی ئەوروپا کردوە بۆ خوێندن، بەڵام ئەوەی لەگەڵ ئەم نەکردوە، هەروەها رەنگە لەبەر هەمان هۆ بوبێ نێوانی تۆفیق لەگەڵ باوکی نێوانێکی ناخۆش و خراپ بوە (تەماشای ئەم لینکە بکە:

https://ar.wikipedia.org/…/%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨

.)%AE%D٨%AF%D٩%٨A%D…

لەسەردەمی فەرمانڕەوایی خدێوی تۆفیقدا، مصر (بەهۆی قەرزی کەڵەکەبوی سەردەمی فەرمانڕەوایی خدێوی ئیسماعیلی باوکیەوە) تا بینەقاقا لەژێر قەرزی دەرەکیدا بوە، ناچار بەشی مصر لەداهاتی کەناڵی سوێس کە بریتی بوە لەپازدە دەر سەد، فرۆشراوە بۆ دانەوەی

قەرز. لەپێناوی رازیکردنی ئەوروپیەکاندا بیرمەندی ناسراو (جمال الدين الافغانى) ی نەفی کردوە، لەسەر رێنمایی و داوای خاوەن قەرزەکان قەیدو بەندی دارایی زۆری سەپاندوە بەسەر هاوڵاتیاندا، نیوە بەرەو سەری داهاتی مصری تەرخانکردوە بۆ دانەوەی قەرزی گشتی (قەرزەکانی سەر دەوڵەت)، بەو هۆیەوە ئابوریی میصر بەتەواوی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی بێگانە.

مێژوی مصر زۆری لەبارەی ئەو خانەوادەیەوە (خانەوادەی عەلەوی) تێدا نوسراوە، هەروەها هونەرەکەشی:

سرايا عابدين ناوی درامایەکی تەلەفزیۆنیی تایبەت بەو خانەوادەیە، هەرچەند لەلایەن کوڕی مەلیك فاروقەوە (مەلیك فاروق لەهەمان خانەوادەیە) رەخنەی لێگیراوە گوایە مێژوی بنەماڵەکەیانی تێدا شێوێنراوە (تەماشای ئەم لینکە بکە:

http://www.aljazeera.net/…/%D٨%A٧%D٨%AA%D٩%٨٧%D٨%A٧%D٩%٨٥-%… ).

ئەوەی گرنگە بزانرێ: نەسەبی بەرز پێگەی بەرزی لەمێژودا بۆ خدێویەکان مسۆگەر نەکرد (خدێویەکان نەوەی تێکۆشەری ناسراو محەممەد عەلی پاشابون).

٢٢ / ١ / ٢٠١٦

…………………

## پەنابەر یەکێتیی ئەوروپای پێ هەڵدەوەشێتەوە؟

دوای لێشاوی ئەم دواییانەی پەنابەرانی سوری، عێراقی، لیبی و هەندێ وڵاتیتر بەرەو ئەوروپا، لەهەندێ ناوەندەوە گوێبیستی ئەوە بوین:

لێشاوی پەنابەران بەرەو ئەوروپا، ئەگەر بەری پێ نەگیرێ، بۆی هەیە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی ئەوروپا.

ئەم قسەیە چەندی راستەو چەندی ناڕاست؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەبێ بزانین ئەو پایانە کامانەن یەکێتیی ئەوروپایان لەسەر دامەزراوە؟ ئینجا بەدوای ئەوەدا بزانین: پەنابەر کام لەو پایانەی پێ دەڕوخێنرێ؟ چۆنچۆنی دەتوانێ مەترسی بخاتە سەر یەکێتیی ئەوروپاو بەرەو هەڵوەشاندنەوەی ببا؟

یەکێتیی ئەوروپا لەسەر ئەم پایانە دامەزراوە:

١ - سڕینەوەی سنور لەنێوان وڵاتانی یەکێتییەکەدا، بەجۆرێ کە: هاتوچۆی هاوڵاتیانی هەر وڵاتێکی ئەوروپی بۆ هەر وڵاتێکی تری ئەوروپی پێویستی بەڤیزاو رێ و شوێنی رۆتینی و چاوەڕوانیی زۆر نەبێ.

٢ - دراوێکی یەکگرتو (یۆرۆ) کە لەتەواوی ئەوروپادا خەرج بکرێ.

٣ - بازاڕێکی هاوبەشی ناوخۆیی ئەوروپی کە دراوە یەکگرتوەکە (یۆرۆ) لەتەواوی ئەو بازاڕەدا قابیلی خەرجکردنبێ.

ئێستا هەمومان دەتوانین بەشداری لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکەدا (پەنابەر یەکێتیی ئەوروپای پێ هەڵدەوەشێتەوە؟) بکەین...

*پەنابەر کاتێ خۆی دەکا بەئەوروپادا بێگومان لەدەروازەی یەکێ لەوڵاتانی ئەوروپییەوە خۆی دەکا بەژوردا کە عادەتەن ئەو وڵاتە ئەوروپییە یەکێکە لەوڵاتانی هاوسنوری ئەو وڵاتانەی پەنابەریان لێوە دەپەڕێتەوە بەرەو ئەوروپا، هەندێجار پەنابەر هەر لەو وڵاتە ئەوروپییە پەنجەمۆریشی لێ وەردەگیرێ، بەڵام لەوێ ناوەستێتەوە، دەچێ خۆی دەکا بەقوڵایی ئەوروپادا، لەسویدو نەرویج و ئەڵمانیا داوای مافی پەنابەری دەکا.

ئەمە بۆتە هۆی دروستکردنی کێشەو خستنەوەی چەندوچون لەنێوان وڵاتانی یەکێتییەکەدا، هەیانە پێی وایە: پەنابەر لەکام وڵاتی ئەوروپییەوە هاتۆتە ژورەوە دەبێ هەر لەوێ بگیرسێتەوەو داوای

مافی پەنابەری بکا، یان لەکوێ پەنجەمۆری لێوەرگیراوە لەوێ بمێنێتەوە، هەیانە ئەوی تریان تۆمەتبار دەکا بەکەمتەرخەمی و بەرەڵڵاکردنی سنورەکان و... هتد.

ئەم کێشەو چەندو چونە، بەئەنجامێکی گەیاندون سنورەکانیان لەئاستی یەکتردا قایم بکەن...

بەڵام ئەمە پێشێلکردنی گرنگترین پایەی یەکێتیەکەیانە:

وەکو ئاماژەی پێدرا: سڕینەوەی سنور لەنێوان وڵاتانی ئەوروپادا، بنەڕەتیترین پایەی یەکێتیەکەیانە.

ئەگەر سنورەکانی نێوانیان قایمکرانەوە، هاتوچۆی هاوڵاتیی ئەوروپی لەوڵاتێکی ئەوروپییەوە بۆ وڵاتێکی تری ئەوروپی ناڕەحەتیی تێکەوت، کەواتە بازاڕە هاوبەشە ناوخۆییەکەشیان توشی تەگەرە دەبێ، لەئەنجامدا بازاڕە لۆکاڵیەکان دەبنە شوێنگرەوەی، ئەوسا ئیتر پێویست ناکا دراوێکی یەکگرتوی ئەوروپی هەبێ (لەکوێ خەرج بکرێ؟).. کەواتە هەمو ئەو پایانەی یەکێتیی ئەوروپایان لەسەر دامەزراوە، بەجارێ کەوتنە بەر هەڕەشە!

لەدروستکردنی ئەم هەڕەشەیەدا، تورکیا دەستی سەرەکیی هەبو، لەپاڵ هەندێ وڵاتی سەر بەیەکێتیەکە (بۆ نمونە ئەڵمانیا - کە بەپێی سیاسەت و لێکدانەوەی تایبەتیی خۆی پێی وابو دەرگاخستنە سەرپشت بەڕوی

پەنابەراندا، زەمینە دەڕەخسێنێ بۆ گەنجبونەوەو بوژاندنەوەی کۆمەڵگەی ئەڵمانی).

پێدەچێ تورکیا ویستبێتی دەستێك لەئەوروپا بوەشێنی لەتۆڵەی ئەوەدا کە ساڵەهایە لەیەکێتیەکەیاندا بەئەندام وەری ناگرن و دەستی دەستیی پێدەکەن، یان لەتۆڵەی ئەوەدا کە بەشدارییی جدی ناکەن لەیەکلایی کردنەوەی رەوشی سوریا، بەڵام بەنیسبەت ئەڵمانیاو ئەو وڵاتانەی تری ئەوروپاوە کە بەسەخاوەتی زۆرەوە بەشدارییان لەوەگەڕخستنی شەپۆلی پەنابەراندا کرد، رەنگە مەسەلەکە بەهۆی هەڵەیەکەوە بوبێ لەخەملاندندا، ئەوەتا دواجار ئیعترافیان کرد کە:

بەهۆی لێشاوی پەنابەرەوە یەکێتیەکیان لەبەردەم هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەدایە.

٢٣ / ١ / ٢٠١٦

..................

**موچەیەکی نیوەوناچڵ و کلك و گوێکراو قەبوڵ مەکەن ئەگەر حکومەتی ناوەند بەهای دیناری عێراقیی لەئاست بەهای دۆلاردا هێنایە خوارەوە...**

ئەزمونی عێراقی شیعی، لەبەهاری ٢٠٠٣ ەوە دەرکەوتوە.

ئەزمونی هەرێمی کوردستان، لەبەهاری ١٩٩١ ەوە دەرکەوتوە.

واتە: ئەزمونەکەی ئێمە، دو عومر یان شتێ کەمتری ئەزمونی شیعەکانی هەیە.

هەرێمی کوردستان کە دامەزرا، قەرزی کەسی لەسەر نەبو.

عێراقی شیعی کە دامەزرا، ملیارەها دۆلار قەرزی کوەیتی لەسەربو کە صەدام بەمیراتی بۆی جێهێشتبو.

(بەڵام داتام لەبەردەستدا نییە بزانم هەرکام لەو دوانە کاتێ هاتونەتە سەر حوکم، کەوتون بەسەر چەند بڕ پارەی دەسەڵاتدارانی پێش خۆیاندا، هەر کەس بیەوێ دەتوانێ بەدوایدا بچێ).

ژمارەی دانیشتوانی عێراقی عەرەبی (بەشیعەو سوننەیەوە) پێنج ئەوەندەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زیاتر نەبێ کەمتر نییە.

داهاتی هەرێمی کوردستان، تا کاتی دەرکەوتنی حکومڕانیی شیعە لەعێراقدا، چاوی حکومەتی بەغدای لەسەر نەبوە، چەند پەیدا کراوە، چۆن پەیدا کراوە، چۆن خەرج کراوەو چەندی لێخەرج کراوە، کەس هەقی نەبوە بەسەریەوە.

لەدوای ئەوەی چوەوە بندەستی بەغداش، داهاتەکەی (بەپێی ژمارەی دانیشتوان بیژمێرین) بەشی هەر سەر زەلام و مرۆڤێکی کوردستان، ئەگەر لەبەشی هەر سەر زەلام و مرۆڤێکی عێراق زیاتر نەبوبێ، کەمتر نەبوە.

ژمارەی بەرپرسی دزو گەندەڵ لەعێراقی عەرەبیدا، ڕەنگە دەیان ئەوەندەی ژمارەی بەرپرسی دزو گەندەڵ بوبێ لەهەرێمی کوردستاندا.

کەچی داهاتی عێراق (تا ئێستاو ئەم دەققەیە) بەشی دزی و گەندەڵیی بەرپرسان، موچەی فەرمانبەران، دەعمی بەهای دینار، شەڕی داعش و زۆر شتی تریشی کردوە.

بەڵام داهاتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٤ ەوە تا ئێستا بەپشتدا دێتەوە، بەرێکوپێکی بەشی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی نەکردوە: نە بەشی موچە، نە بەشی بنیاتنانی ژێرخانی کەرتەکان: پەروەردە، تەندروستی، کشتوکاڵ، کارەبا.. نە بەشی شەڕی داعش و... هتد.

هۆیەکەی ئەوەیە:

بەرپرسانی گەندەڵ لەهەرێم، ئەگەرچی ژمارەیان زۆر کەمترە لەژمارەی بەرپرسانی گەندەڵ لەعێراقی عەرەبیدا، بەڵام دەستێکی باشیان لەداهات و ئابوریی گشتی وەشاندوە.

ئەگەر گرفتەکە لەدو هاوکێشەی کورتدا رەسم بکەین، بەمجۆرە دەبێ:

-داهاتی عێراقی عەرەبی و هەرێمی کوردستان، تا ئەم دەقەیە (بەپێی ژمارەی دانیشتوان بیژمێرین) وەکو یەك بون: بەشی هەر سەر زەلام و مرۆڤێکی کوردستان، ئەگەر لەبەشی هەر سەر زەلام و مرۆڤێکی عێراق زیاتر نەبوبێ، کەمتر نەبوە.

-داهاتی بەرپرسی گەندەڵ لەکۆی داهاتی گشتی (لەعێراقی عەرەبی و هەرێمی کوردستاندا)، تا ئەم دەقەیە، زۆر نابەرامبەربوە: هینی ئەوانی کوردستان زۆر بەرزتربوە لەهینی ئەوانی عێراقی عەرەبی.

لەبەرئەوەیە:

حکومەتی ناوەند تا ئێستا نە دەستی بردوە بۆ موچەی فەرمانبەران، نە بەهای دیناری لەئاست بەهای دۆلاردا دابەزاندوە.

بەڵام حکومەتی هەرێم موچەی پێنج مانگی فەرمانبەران قەرزارەو بەتەمایە (ئەگەر موچەی لەمەودوای پێ بدرێ) بەنیوەوناچڵ و ناڕێك و پێکی بیدا (کەمی بکاتەوە - بەڕێژەیەك کە جارێ تەنها خۆی دەیزانێ) .

مەترسییەکی تری چاوەڕوانکراو لەبەردەم فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستاندا ئەوەیە:

حکومەتی ناوەند ناچار ببێ بەهای دیناری عێراقی لەئاست بەهای دۆلاردا کەم بکاتەوە!

ئەوسا موچە کلك و گوێکراوەکەی زۆرینەی فەرمانبەرانی هەرێم، هەر بەشی هیچ ناکا!

بۆیە دەبێ هەر لەئێستاوە، حکومەتی هەرێم ئاگادار بکرێتەوە کە:

ئەگەر هاتو حکومەتی ناوەند بەهای دیناری لەئاست بەهای دۆلاردا هێنایە خوارەوە، شاگەشکە نەبێ و بەتەما نەبێ فەرمانبەران ئەوساش بەموچە کلك و گوێکراوەکە هەر بیژەنن.. دەبێ موچەکەیان بۆ چاك بکرێتەوە...

٢٠١٦ / ١ / ٢١

.......................

## هەتا پشیلەکە دوگەکەی نەڕفاندوە

وڵاتێك ئەگەر وڵاتبێ و هاووڵاتیەکانی بەسەروەتی خۆی بزانێ، کاتێ قەیرانی دارایی دادەکەوێ (خەڵك بێپارە دەبن)، یەکەم شت کە دەیکا قەرزدانە:

*قەرز دەدا بەهاووڵاتیان بەبێ سود، تەنانەت ئەگەر پارەی حازری نەبوبێ و ناچاربوبێ لەدەرەوەی یاساوڕێسا داراییە ئاساییەکان پارە چاپ بکا (ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٨ دا ئەمەی کرد).

هەرێمی کوردستان وڵات نییە دەسەڵاتی هەبێ لەم کاتی ناچارییەدا پارە چاپ بکا، تازە روی ئەوەشی نییە قەرز بدا، لەکاتێکدا بەخۆی موچەی پێنج مانگی خەڵك قەرزدارە.

لەناو ئەو هەمو راوتەگبیرەی کەسانی دڵسۆزیشدا تەگبیری کەسێکی تەبەننی نەکرد بۆ ئەوەی چارەیەکی دەردی خۆی و خەڵکەکەی پێ بکا،

پێدەچێ دایکی تێی نەگەیاندبێ: برسێتی و دەسکورتی رەگی هارییان بەدەمەوەیە!

بەڵام لەمێژە تەگبیری ئەوەی کردوە ئەگەر خەڵکی لێکەوت بەقیناو شەقام وروژا، خەڵك بەچی تۆمەتبار بکا!

نازانێ خەڵك ئەوەندە هۆشوگۆشی هەیە: رۆژی ١٧ ی شوبات نا (بۆ ئەوەی مافەکانی نەبێ بەژێر پێی پارتی و گۆڕانەوە)، بەڵکو ٧ / ٣ (رۆژی زەماوەندەکەی سلێمانی)، یان نەورۆز، یاخود ٩ ی نیسان (رۆژی روخاندنی یەکجارەکیی رژێمی بەعس) بڕژێتە سەر جادە.

دەسەڵاتدارانی حیزبی و حکومی دەڵێن:

ئەگەر زانیمان خەڵك لەوە زیاتر بەرگەی بێموچەیی ناگرێ، قەرزی دەرەکی دەکەین.

قەرزی دەرەکی نەکەن، قەرزی ناوخۆیی بکەن، لەکۆمپانیاکانی خۆیانی بکەن، ئەگەر لەبۆرسەکانی ئەوروپا و ئەمریکاو خەلیجدا سەرمایەکانیان لەدەست نەداوە!

یان بێنە سەر شاشەی یەکێ لەتەلەفزیۆنە زۆروزەبەندەکانیان، بەبێ پێچ و پەناو هەڵخەڵەتاندن، باسیکەن: چییان لێقەوماوە وا موچەی خەڵکیان پێ نادرێ.

ئێستا کە هێشتا پشیلەکە دوگەکەی نەڕفاندوە، بێنە سەر شاشە، قسەیەکی راست بدەن بەگوێی هاوڵاتیاندا، زۆر باشترە لەوەی لەکاتی

تەنگەتاوی و وروژانی شەقامدا (کاتێ پشیلەکە دوگەکەی رفاندوە) بێنە سەر شاشە، وەکو حوسنی موبارەك بەشڵەژاوییەوە خیتابێکی کورتوکوێر بدەن؟

٢٠١٦ / ١ / ١٧

......................

## کەر لەکوێ کەوتوەو کونە لەکوێ دڕاوە

یەکێ لەبیرۆکە خراپەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دەربازبون لەم قەیرانە داراییەی ئێستا، فرۆشتنی (بەشێ یان زیاتر) ی کەرتی کارەبایە بەکەرتی تایبەت.

ئەمە وەك ئەوە وایە بێیت گورچیلەی گەنجێك بفرۆشی بۆ دابینکردنی پارەی چارەسەرکردنی کابرایەکی پیری پەککەوتە کە رەنگە دوای دەرهێنان و فرۆشتنی گورچیلەکە، بەتەکەتەك یەك دو ساڵیتر تەمەن بکاو نەکا!

*ئەو کەسەی دەبێ بیر لەژیانی بکرێتەوە گەنجەکەیە نەك کابرای پیر (میللەتە نەك حکومەت).

*گرانکردنی نەوت، بەنزین، کارەبا و ئارد، یان هەڵپێچانی خەڵك بۆ تەسلیمکردنی پارەی ئاو و کارەبا، لەم کاتەدا کە موچەیان

لێگیراوەتەوە، زۆر ناژیرانەیە.. وڵاتانی کەنداو ئەگەر ئەوەیان کردوە، لەپاڵەوە موچەی خەڵکیشیان داوە.

*مەکەن.. گورچیلەی گەنج مەفرۆشن بۆ درێژەدان بەتەمەنی سیستمێکی سیاسیی پیر.. دابەزینی نرخی نەوت زۆر ناکێشێ، هەموی چەند ساڵێکیترە، وەزیری نەوتی سعودییە (خۆشمژدەبێ) لەگەڵ بەرپرسێکی مەکسیکی کۆبۆتەوەو وتویەتی: بەهەوڵی هەمو لایەکمان نرخی نەوت سەر دەخەینەوە، بەڵام چەند ساڵێکی دەوێ تا ئەوە دەکەین.

*دەتوانن ئەم چەند ساڵە دەست لەقوڵکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی هەڵگرن (وەزیرو گزیر وەکو خەڵك بژین)، سیستمێکی دادپەروەرانەی موچە بچەسپێنن، بەمجۆرە:

-هەمو برە پارەیەکی سەروی ملیۆنی یەکەمی موچە، نیوەی ببڕدرێ (مەبەستم: ملیۆنی ئیسمی نییە، بەڵکو ملیۆنی صافی، بەئیسمی و دەرماڵەوە).

-هەمو برە پارەیەکی سەروی ملیۆنی دوەم، سێ روبعی ببڕدرێ و یەك روبعی بهێڵرێتەوە.

-هەمو برە پارەیەکی سەروی ملیۆنی سێیەم، سێ روبع و نیوی ببڕدرێ و نیو روبعی بهێڵرێتەوە.

-هەر بەپێی هەمان پێوەری هەڵکشاو: هەمو بڕە پارەیەکی سەروی ملیۆنی چوارەم و پێنجەم بچوك بکرێتەوە، بەشێوەیەك کە: هیچ موچەیەك لەدو ملیۆن دینار سەر نەکەوێ (لەدوملیۆن دیناردا رابگیرێ).. تەنها ملیۆنی یەکەم و ملیۆن بەرەو خوار دەسکاری نەکرێ.

بڕوام وایە:

تەنانەت ئەگەر دو مانگ جارێك یەك موچە (یان نیو موچە) ش بدرێ، بەڵام بەپیی سیستمێکی لەوجۆرە، رەنگە خەڵك زۆر لەدڵی نەگرێ!

بەڵام موچە نەبێ و ئەگەر بوش بەسەر یەکەوە یەك بڕی گەورەی بۆ پلە باڵاکانبێ کە هەمویان کادرو بەرپرسی حیزبین، لەپاڵ ئەوەدا کەرتی کارەبا بدرێتە دەست کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی باشتر دەست بگاتە خەڵك و تەنگیان پێ هەڵبچنرێ بۆ تەسلیمکردنی پارەی مانگانە، ئەوا چاوەڕوانی خێر مەبن.

١٨ / ١ / ٢٠١٦

....................

## هەرێمی کوردستان خۆی لەکێشەی سوریا دەرباز بکا

لەوانەیە زۆرێك لەخەڵکی کوردستان ئاگایان لەوە نەبێ:

نێوانی دیمەشق و دو دوژمنە عەرەبە سەرسەختەکەی ئێستای کە بریتین لە (دەوحەو ریاض) ساڵی ٢٠٠٩ خەریکبوە رێکەوتنی ستراتیژیی گرنگی لێبکەوێتەوە.

نوسەرو بیرمەندی مصری (جمیل مطر)، لەزمانی ئەفسەری ئەمریکی (رۆب تایلۆر) ەوە دەگێڕێتەوە:

ساڵی ٢٠٠٩ بەرپرسانی قەتەر پێشنیارێکیان خستوتە بەردەم حکومەتی دیمەشق بۆ رایەڵکردنی هێڵێکی گواستنەوەی غاز بەسوریادا، بەمەبەستی رەوانەکردنی غازی قەتەرو سعودییە بەرەو تورکیا، لەوێشەوە بەرەو ئەوروپا، کەچی کتوپڕ لەکاتێکدا هێشتا هەردولا (دەوحەو دیمەشق) خەریکی تاووتوێکردنی مەسەلەکەبون و لەگەرمەی دانوستاندابون، هەواڵ دەبیسترێ: دیمەشق لەگەڵ بەغداو تاران

ڕێکەوتوە بۆ ڕایەڵکردنی هێڵێکی گواستنەوەی غاز، بەمەبەستی ڕەوانەکردنی غازی ئێران بەرەو ئەوروپا، ریاض و دەوحە مەسەلەکەیان وەها لێکداوەتەوە دیمەشق مەزهەبچێتیی کردوە: فەزڵی غازی شیعەی داوە بەسەر غازی سوننەدا، لەسەر ئەم بنەمایە کەوتنە پیلانگێری بۆ روخاندنی رژێمی ئەسەد ( تەماشای ئەم لینکە بکە:

.)http://www.shorouknews.com/columns/view.aspx…

ئێستا نزیکەی حەوت ساڵ بەسەر ئەو گفتوگۆ سەرنەکەوتوەی نێوان دەوحەو دیمەشق، هەروەها پێنج ساڵ بەسەر پیلانگێڕیی ریاض و دەوحە دژی دیمەشق، تێپەڕیوە، جەنگی ناوخۆی سوریا هێشتا کۆتایی نەهاتوە، هەر لەو نێوەدا ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا روبدا (دەستوەردانی ڕاستەوخۆی مۆسکۆ لەجەنگەکە، بەردانەوەی فڕۆکەی جەنگیی روسیا لەلایەن تورکیاوە) لەم ئاخرو ئۆخرەدا رویدا.

ئێستا ئیتر بەتەواوی رونبۆتەوە بەرپابونی جەنگی ناوخۆی سوریا، پەیوەندیی بەجوگرافیای سیاسیی سوریاوە هەیە کە وەها هەڵکەوتوە ببێتە بایسی ململانێیەکی توندی (ئیقلیمی - نێودەوڵەتی) لەنێوان دو میحوەری (روسیا - شیعە) و (ئەمریکا - سوننە) بەو حوکمەی ڕێڕەوی غازی وڵاتانێکی زۆری ناوچەکەیە بەرەو ئەوروپا!

*سەرەنجام چی؟

سەرەنجام:

- ١پاش ئەوەندە ساڵ ململانێی خوێناوی لەسەر پێگەی سوریا، حاڵی حازر خودی دەوڵەتی سوریا خواخوایەتی لایەنە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیەکانی ناو ململانێکە بگەنە تەواوفوق و ئاوێك بکرێ بەو ئاگرەدا کە هەموانی کردوە بەمەسخەرەی مێژو (ئەگەر خواستی پرۆفیسۆر عماد فوزی الشعيبي - لایەنگری حکومەتی دیمەشق، کە لەبەرنامەی پانۆرامای تەلەفزیۆنی روسیاوە خستیەڕو) گوزارشتبێ لەخواستی دەوڵەتی سوری.. الشعيبي لەو بەرنامەیەدا هەوڵی دەدا لەناو لایەنەکانی هاوکێشەکەدا، سەرنجی دۆستی دیمەشق (روسیا)، بەر لەنەیاری دیمەشق (ئەمریکاو سعودییەو قەتەر)، بەلای داواکەی خۆیدا رابکێشێ، دەیوت: هیواخوازبوم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی، لەبەینی خۆیاندا بگەنە رێکەوتن لەسەر پێگەی سوریاو بەکارهێنانی سوریا وەکو رێڕەوی پەڕاندنەوەی غاز بۆ ئەوروپا، ئەمە زەرەری روسیای تێدا نییە، ئەوروپا بۆ پڕکردنەوەی پێویستیی خۆی لەبواری وزەدا، لەسەدا ٥٤ پشت بەغاز دەبەستێ، روسیا لەباشترین حاڵەتدا تەنها دەتوانێ لەسەدا ٤٦ ی پێداویستیی ئەوروپا لەبواری غازدا دابین بکا، باقیەکەی لەوڵاتانی ترەوە (سوریا، ئێران، سعودییە، قەتەر) دابیندەکرێ (تەماشای ئەم لینکە بکە:https://l.facebook.com/l.php…)

- ٢میری قەتەر یەك دو رۆژی رابردو بەدەم و زمان و سیاسەتێكی تازەترەوە خۆی كرد بەمۆسكۆدا، ئیحتیمالی ئەوە هەیە (دەوحەو ریاض) یش چەند مەترێك لەكەلی شەیتان هاتبنە خوارەوە.

- ٣ئەمریكا كە لەدوای هەڵوەشاندنەوەی یەكێتیی سۆڤیەتەوە، بەبیانوی بنیاتنانی (ئاسیای ناوەڕاست) ی گەورەو (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) ی گەورە، بەگەرمی لەخەیاڵی دەستكاریكردنی جوگرافیای سیاسیی (ئاسیای ناوەڕاست) و (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) دابو (بەسوریاو عێراقیشەوە)، وەكو دو پڕۆژەی ستراتیژیی گرنگ لەپێناوی كۆنترۆڵكردنی رێڕەوی گواستنەوەی غازی دو ناوچەی ناوبراو بەرەو ئەوروپا، تا ئێستا بەهۆی دەركەوتنەوەی جەسورانەی روسیای میراتگری یەكێتیی سۆڤیەتەوە، هیچی ئەوتۆی لەو دو پڕۆژەیە بۆ جێبەجێ نەكراوە، بگرە وا دەردەكەوێ تا رادەیەك پاشەكشەی كردبێت لێیان، وەكو بڵێی جارێ گیرۆدەی كێشەیەكی هەناوی خۆیبێ!

لەڕاستیشدا وایە: بونی روسیایەكی بەهێزو داعشێكی دڕندە زیانی ئەوتۆی بۆ ئەمریكا نییە، دوژمنی ئەو، سیستمە ئابوریەكەی خۆیەتی كە وایكردوە لەناوخۆی خۆیدا بكوڵێ، بەردەوام لەقەیرانی داراییدابێ، داهاتی یەكدەرسەدی كۆمەڵگە (سەرمایەدارە قەبەكان)، زیاتربێ لەداهاتی نەوەت و نۆ دەرسەدەكەی تری كۆمەڵگە (چینی هەژارو ناوەند)، پسۆڕە سیاسی - ئابوریەكانی وڵات بەردەوام دڵیان

لەمشتیاندابێ و هۆشداری بدەن لەمەترسیی درێژەکێشانی ئەو دۆخە (تەماشای ئەم لینکە بکە: -http://www.siyassa.org.eg/…/ ‎.)%E٢%٨٠%AC%D٩%٨٤%D٩%٨٥%D٨%A٧%D٨…

ئەمریکا، رەنگە بۆی دەرکەوتبێ نەك هەر روسیا، بەڵکو صینیش بکا بەپارو بیکا بەقورگی خۆیدا، لەکۆتاییدا هەلومەرجی ئابوری لەناوخۆی خۆیدا هەر وەکو لەوەوبەر دەمێنێتەوە: داهاتی یەکدەرسەدی کۆمەڵگە، یەکسان دەبێ بەداهاتی نەوەت و نۆ دەرسەدی کۆمەڵگە، واتە هیچ لەمەسەلە ناگۆڕدرێ، ئەگەر ئاوڕێکی جددی لەهەناوی خۆی نەداتەوەو تەرکیزی خۆی لەسەر سیاسەتی دەرەکی نەگوازێتەوە بۆ سەر سیاسەتی ناوخۆ.

بێگومان بڕوابون بەوەی ئابوریی سەرمایەداری، لەکۆتاییدا بەخۆی هەڵەی خۆی راستدەکاتەوەو خۆی لەگرفتەکانی هەناوی خۆی رزگار دەکا، بڕوایەکی نالۆژیکی نییە، بەڵام بڕوابون بەوەی ئەو شتە خۆبەخۆ رودەداو پێویست ناکا لەو پێناوەدا دەوڵەت تەرکیزی خۆی لەسەر سیاسەتی دەرەوە بگوازێتەوە بۆ سەر سیاسەتی ناوخۆ، بڕوایەکی نالۆژیکییە، قەیرانە داراییە جیهانیەکەی ساڵی ٢٠٠٨ دەریخست: بەبێ بەشداریی دەوڵەت، ئابوریی سەرمایەداری (کە بەردەوام لەڕێی قەیران و گرفتی گەورەدایە) توانای خۆڕزگارکردنی نییە، ئەم بۆچونە نزیکە لەبۆچونی دیموکراتەکانی ئەمریکایشەوە، لەم کاتەدا کە

وڵاتەکەیان بەڕێی ئامادەسازییەوەیە بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، بەردەوام قسەی لەوجۆرەیان لێدەبیستریً (تەماشای لینکی پێشو بکە)، وەکو بڵێی خەڵکانێك هەبن لەئەمریکا هاتبنە سەر ئەو بڕوایەی: بەرژەوەندیی باڵای ئەمریکا (کە لەئابوریدا چڕبۆتەوە) لەڕێی لاسەنگکردنی بەرژەوەندیی باڵای وڵاتانی ترەوە دەستەبەر نابێ.

هەرچۆنێبێ ئەمریکا لەدوای دەستوەردانی روسیاوە، حەماسەکەی پێشوی نەماوە بۆ درێژەدان بەململانێ لەسەر سوریا، رەنگە بەهۆی ئەوەوەبێ ماوەی سەرۆکایەتیی ئۆباما بەرەو کۆتایی دەڕوا، یان هەردو زلهێزی نێودەوڵەتی (ئەمریکاو روسیا) ژێربەژێر گەیشتبنە تەوافوق لەبارەی مەسەلەکەوەو بەو ئەنجامە گەیشتبن گەمەکە بەم ئاقارەی ئێستایدا ببرێ، یان هەر شتێکیتر.

- ٤رێکەوتنی ئێران - رۆژئاوا کە بو بەڕەسید چوە سەر حسابی میحوەری (روسیا - شیعە) و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی هەنگاوێکیتر لەتەسوییەی کێشەی سوریا نزیك خستەوە.
ئەم روداوە ئەوەندە جێگەی نیگەرانیی بەرپرسانی سعودی بو، لەبەینی خۆیاندا وەکو سەرەتای لێکپچڕانی پەیوەندیی نێوان وڵاتەکەیان و ئەمریکا لێکیان دایەوە.. تازەترین و سەیرترین لێدوان لەوبارەیەوە،

هینی یاریدەدەری بەڕێوەبەری پۆلیسی دوبەیە.
ضاحي خلفان (یاریدەدەری بەڕێوەبەری پۆلیسی دوبەی)، دەڵێ:

ئۆباما بەرەگوڕیشە شیعەیە، ئیسرائیل هێنای کردی بەسەرۆکی ئەمریکا، بەمەبەستی ڕاگرتنی بەرنامە ئەتۆمیەکانی ئێران!

هەروەها دەڵێ: لەزانستی (سروشتناسیی مرۆڤ) دا، مرۆڤ فێر دەکرێ چۆن خۆی لەمەترسی لابدا، جولەکەکان بۆ ناسینی سروشتی ئێرانیەکان پشتیان بەو زانستە بەستوە، کەسێکیان بۆ هێنان کە بەرەگوڕیشە شیعیی کینییە.. براڤۆ!

دەشڵێ: هەڵبژاردنی گشتی لەئەمریکا دەستی نهێنیی لەپشتە، ئامانجیش لێی مسۆگەرکردنی ئاسایشی ئیسرائیلە.. براڤۆ جولەکە!

سوێند دەخوا، دەڵێ: وەڵڵاە، هەر کە ئۆباما سوێندی خوارد وتی من باراك حسين ئۆبامام، لەدڵی خۆمدا وتم: تەواو، بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران ئاشتی باڵی بەسەردا کێشا، هێناویانە بۆ قۆستنەوەی فرسەتەکە!

خەلفان دەپرسێ: بڵێی ئۆباما پێش جێهێشتنی کورسیەکەی، سەردانی ئێران بکا؟ وەڵام دەداتەوە دەڵێ: سەرۆکی ئێران حەسەن ڕۆحانی لەوانەیە بانگهێشتی ئۆباما بکا بۆ ئێران.. هەروەها دەڵێ: ڕێی تێدەچێ ئۆباما سەردانی قوم و مەشهەدو گەورترین حسەینییەی ئێران بکا (تەماشای ئەم لینکە بکە: http://cnn.it/١Rx٩rDB).

لەم بەینەدا، ئەوەی تا ئێستا نوقمی کێشەی سوریایە، مشوری خۆی ناخواو لەکێشمەکێشی نێوان (شیعە - سوننە) و (ئەمریکا - روسیا) دا گیری خواردوە، تورکیاو هەرێمی کوردستانە.

بڕوام وایە:

دەبێ دوای عماد فوزی الشعیبی، وتەبێژی هەرێمی کوردستان دوەم کەسبێ دڵنیایی بداتە روسیا (وەکو یاریچیی یەکەم لەساحەی ئێستای سوریا) کە: هەرێم دژی بەرژەوەندیی ئەو نییە، خوازیارە کێشەی سوریا بەڕێگەی سیاسی یەکلایی بکرێتەوە، لایەنە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکان لەبەینی خۆیاندا بگەنە رێکەوتن لەسەر پێگەی سوریاو بەکارهێنانی سوریا وەکو رێڕەوی پەڕاندنەوەی غاز بۆ ئەوروپا... و هتد!

٢١ / ١ / ٢٠١٦

.......................

## دیموکراتیی نەوت و غاز

چاخی بەردین کۆتایی هات، لەبەرئەوە نا بەرد کۆتایی هات، بەرد کۆتایی نەهات، چاخی نەوتیش هەروەها: کۆتایی هات، ئەگەرچی نەوت کۆتایی نەهاتوە.

ئەوەی سەرەوە قسەی پسپۆڕی دارایی روس (غیرمان غریف) ە کە سەرۆکی گەورەترین بانکی روسیایە بەناوی (سبیربەنك)، رۆژی هەینی ١٥ / ١ لەکۆڕبەندی (غیدار)ی ئابوری درکاندی.

ناوبراو دەڵێ: رەنگە چاخی نەوت دە ساڵێکی تریش درێژە بکێشێ، تا ئەو کاتەی ژێرخانی ئوتومبێلی کارەبایی بەتەواوی خۆی دەگرێ.

هەروەها دەڵێ: داهاتو بۆ تەکنەلۆجیای زانیارییە.

دەشڵێ: کاتی ئەوە هاتوە ئابوریی جیهان کۆتایی بەسەروخوارو بەرزو نزمی نرخی نەوت بهێنێ و چیتر پشتی پێ نەبەستێ.

ئەم قسانەی ناوبراو، لەلایەکەوە رێنماییین، ئاراستەی حکومەتی مۆسکۆو پایتەختە نەوتفرۆشەکانی دنیا کراون، لەلایەکی ترەوە گوزارشتن لەترس و دڵەڕاوکێی وڵاتێکی زەبەلاحی نەوتفرۆش (روسیا) کە وەکو باقی وڵاتانی نەوتفرۆش، دەیانساڵە بەشی هەرە زۆری داهاتەکەی لەڕێی فرۆشتنی نەوتەوە مسۆگەر دەکرێ.

لەناو ئەم مقۆمقۆیەی تایبەت بەنرخی نەوت و پاشەڕۆژی وڵاتانی نەوتفرۆش، تەنها ئەو وڵاتانە بێباك و ئاسودەن کە لەسەر نەوت ناژین.

سوریا یەکێك دەبو لەوان (ئەگەر بهێڵرایە هەبێ و توشی ئەم رۆژڕەشییە نەکرێ).

بێگومان هەمومان دەزانین:

حکومەتی دیمەشق، بەدرێژایی تەمەنی حکومڕانیی بنەماڵەی ئەسەد، حکومەتێکی ئەمنی بوە، هەر کەس سەری قوت کردبێتەوەو وتبێتی لەل، لەسەری دراوە، جا کوردبوبێ یان عەرەبی سوننە.

وتارێکی عماد فوزی الشعیبی هەیە بەناونیشانی (ئایا سەرۆك بەشار ئەسەد حکومڕانیی سوریا دەکا؟)، ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوبۆتەوە، وەڵامی ئەو کەسانەی تێدا دەداتەوە کە بەشار بەلاواز دەدەنە قەڵەم و پێیان وایە دەزگا ئەمنیەکانن وڵات بەڕێوە دەبەن نەك ئەو.. لەژێر ئەو وتارەدا کە شەش حەوت ساڵ بەر لەهەڵگیرسانی شەڕەکەی ئێستا بڵاوبۆتەوە، چەندین کەسی سوری و نا سوری کۆمێنتیان نوسیوە، تیایاندایە بەتوندی دژی نوسەرو سەرۆکەکەی وەستاونەتەوەو دەڵێن: سوریا لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە بەڕێوە دەبرێ.

ئەمە نزیکەی شەش حەوت ساڵ بەر لەهەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، ئەی ئێستا لەم گەرمەی شەڕەدا دەبێ چۆنبێ !

بەڵام بەجیا لەڕەوشی سیاسی و ئەمنی، سوریا (بەر لەم شەڕە) خاوەنی سیستمێکی ئابوریی گرنگ بوە، لەساڵی

١٩٦٣ ەوە تا ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر سیستمی ئابوریی ئیشتیراکی بەڕێوە چوە، لە ٢٠٠٠ ەوە روی کردۆتە سیستمی ئابوریی بازاڕ (ئازاد)، لەهەردو قۆناغەکەشدا خاوەنی ئابورییەکی فرە چەشنی فرە سەرچاوە بوە کە ئەگەر لێی نەشێوایەت ئەوا نرخی بەرمیلێك نەوت دابەزیایەت بۆ خوار نرخی سەرێك مریشکیش نەك قەل، بەخەیاڵیدا نەدەهات !

تەماشاکە بزانە پێش شەڕ چۆن بوە:

* رێژەی پشتبەستن بەکشتوکاڵ بۆ دەستەبەرکردنی داهات لەسەدا بیست و شەش:

- بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٨٧ یەك ملیۆن کرێکار لەکەرتی کشتوکاڵدا ئیشیان کردوە، بەمەرجێ ئەو کرێکارانە حساب نەکراون کە لەبواری کەرتی پیشەسازیی کشتوکاڵیدا ئیشیان کردوە.

- شەشەم دەوڵەتی بەرهەمهێنی زەیتون و دەیەم دەوڵەتی بەرهەمهێنی لۆکە بوە لەسەر ئاستی جیهان.

- ئاسایشی خۆراکی بەتەواوی دەستەبەر کردوە، نوقسانیی نەبوە لەهیچ جۆرە بەروبومێکدا، لێیشی زیاد بوەو هەناردەی دەرەوەی کردوە.

* لەپاڵ کشتوکاڵدا بایەخێکی زۆری بەئاژەڵداری داوە:

- خاوەنی یەك ملیۆن و دو سەد هەزار سەر مانگا، دو ملیۆن سەر مەڕ، سەدو بیست ملیۆن سەر مریشك، ساڵانە حەڤدە هەزار تۆن ماسی، هەنگ، گەنم، درەختی جۆراوجۆری بەردار بوە.

* خاوەنی پیشەسازیی قورس بوە: چیمەنتۆ، پەیین، پاڵاوتنی نەوت، کەرەستەی بیناسازی، یەك کارگەی بەرهەمهێنانی ئوتومبێل، بەرهەمهێنانی کارەبا (لەساڵی ٢٠٠٢ ەوە بەتەواوی پشتی بەخۆی بەستوە بۆ دابینکردنی کارەبا).

* خاوەنی کەرتی بازرگانی و خزمەتگوزاری کە لەسەدا چل و دوی داهاتی وڵاتی پێ دەستەبەر کراوە.

* خاوەنی کەرتی گەشتوگوزاریی بەهێز: لەسەدا سی و یەکی پێداویستیی وڵات لەبواری دراوی قورس (دۆلار)، لەڕێی کەرتی گەشتوگوزارەوە دابینکراوە، ساڵی ٢٠١٠ (یەك ساڵ پێش هەڵایسانی شەڕ) شەش ملیۆن گەشتیاری

دەرەکی رویان کردۆتە سوریا، جگە لەگەشتیاری ناوخۆ (خەڵکی وڵات)، وەکو یەکێ لەباشترین شوێنەکانی دنیا بۆ گەشت و گوزار، پۆلێن کراوە.

* بیست و حەوتەمینە لەڕیزی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوتدا:

- رۆژانە تەنها چوارسەد هەزار بەرمیل بەرهەمهێنراوە، بەشی پێداویستیی ناوخۆی کردوە، بڕێکی کەمی لێ هەناردەی دەرەوە کراوە بۆ ئەوەی پارەی موشتەقاتە نەوتیەکانی (وەکو بەنزین) ی پێ دابین بکرێ.

* خاوەنی غازێکی زۆر، بەڵام تەنها بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆیی بەکاری هێناوە.

* خاوەنی فۆسفات: نۆیەم وڵاتی بەرهەمهێنی فۆسفاتە لەسەر ئاستی جیهان.

* ساڵی ٢٠١٠ (یەك ساڵ پێش شەڕ) بایی دەملیارو پێنجسەد هەزار دۆلار کاڵاو شتومەکی هەناردەی دەرەوە کردوە.. بایی پازدە ملیار دۆلاریش کاڵاو شتومەکی هاوردە کردوە.

* بەمەرجێ لەساڵی ٢٠٠١ ەوە ئابلۆقەی ئابوریی ئەمریکای لەسەر بوە.

ئەمە بوە ئەو سوریایەی کە ئێستا هەیە !

* لەم چاخەدا کە دەگوترێ چاخی کۆتاییهاتنی نەوتە، هەق نییە ئەو ئەزمونە ئابورییە بەبیر بهێنرێتەوەو بپرسرێ:

رۆژئاوایەك کە بەعالەمی ئاشکرا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش (نەك لەسەر بنەمای بەهای سیاسی و کۆمەڵایەتیی هاوبەش) پەیوەندیی خۆی لەگەڵ دەرەوەی خۆی بنیاتناوە (بۆ نمونە لەگەڵ سعودییەو وڵاتانی تری کەنداو)، بۆچی بەبیانوی چەسپاندنی دیموکراتی کە بەهایەکی سیاسی - کۆمەڵایەتییە، لەسوریای هەڵپێچاو شێواندی؟ بەنیازبو لەسەر چ بنەمایەکی (ئابوری - سیاسی) بنیاتی بنێتەوە؟ دیموکراتیی نەوت و غاز؟ بۆ ئەوەی نەوت بفرۆشێ بە دە دۆلارو لەدە ساڵی ئایندەدا (کە بەقسەی کابرای روس دوایین چرکەساتی چاخی نەوتە) بەئارامی پێ بنێتە ناو چاخی تەکنەلۆجیای زانیارییەوە؟

ئەم دیموکراتییەیە بۆ هەرێمی کوردستانیش لەقوتو نراوە؟

١٦ / ١ / ٢٠١٦

..........................

## شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی

ماوەیەکە رۆژانە گوێبیستی هەواڵی دەستتەنگی و مایەبەزایەی وڵاتانی ناوچە دەبین، پرسیارێك کە دەبێ بەو بۆنەیەوە بکرێ، ئەمەیە: بۆچی تەنها وڵاتانێك؟ بۆچی زۆربەی وڵاتانی دنیا نا؟ ئەگەر قەیرانێکی (دارایی - ئابوری)ی جیهانی سەریهەڵداوە، دەبێ زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بگرێتەوە، نەك تەنها وڵاتانێکی دیاریکراو!

ئەم هەواڵەی خوارەوە وەڵامی ئەو پرسیارە ئاسانتر دەکا:

بەمزوانە، نزیکەی ٣٧ ملیۆن مرۆڤ، لەبەکارهێنانی بەناوبانگترین تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوك) و بەدەم ئەویشەوە لەبەکارهێنانی تویتەرو گۆگڵ بێبەشدەکرێن، ئەوانە ئەو کەسانەن کە: خاوەنی مۆبایلی زیرەکن بەڵام مۆبایلەکانیان کۆنە، هینی پێنج ساڵ پێش ئێستایە، یان خاوەنی کۆمپیوتەرن و کۆمپیوتەرەکانیان سیستمی ویندۆزی کۆن بەکاردێنێ وەکو XP SP٢ یان کۆنتر.. زۆربەی ئەو کەسانە خەڵکی

مصر، سۆدان، یەمەن و چینن.. ئەو کەسانە چاریان تەنها ئەوەیە مۆبایل و کۆمپیوتەری تازەتر بکڕن (تەماشای ئەم لینکە بکە:

.)https://l.facebook.com/l.php…

بەپێی قسەی کۆمپانیای فەیسبوك، هۆکاری ئەم بڕیارە ئەوەیە: بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پارێزراوبن لەهاککەرو چەتەو بەئاسودەییەوە بەیاناتەکانیان هەڵبگرن.. ئەمەش تەنها بەگۆڕینی مۆبایل و کۆمپیوتەرە کۆنەکانیان دەبێ.

ئەم هەواڵە لەکاتێکدایە جیهان بەڕێوەیە هەواڵی (شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی) رابگەیەنێ.

بۆ ئاگاداریی ئەو کەسانەی لەم پۆلێنکارییە ئاگادار نین:

*شۆڕشی یەکەمی پیشەسازی، ساڵی ۱۷۸۷ دەستی پێکردوە، دەستکەوتەکەی بریتی بوە لەزیادکردنی ئاو و هەڵم بۆ بواری پیشەسازی کە داهێنانی مەکینەی بەرهەمهێنانی لێکەوتەوە.

*شۆڕشی دوەم، ساڵی ۱۸۷۰ دەستی پێکردوە، دەستکەوتەکەی بریتی بوە لەزیادکردنی کارەبا بۆ بواری پیشەسازی کە بەرزبونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی لێکەوتەوە.

*شۆرشی سێیەم، ساڵی ۱۹٦۹ دەستی پێکردوە، دەستکەوتەکەی بریتی بوە لەزیادکردنی ئەلیکترۆنییات و تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ

بواری پیشەسازی کە بو بەهۆی (بەئۆتۆماتیککردن - اتمتة) ی بەرهەم.

*ئەمەی چوارەم کە دەویسترێ وەکو گەڕێکی تری شۆڕشی پیشەسازی بناسێنرێ، لەهەشتاکان و نەوەتەکانەوە سیمای خۆی بەدیار خستوە، دەست و دیاریەکەی بریتییە لە: داهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، ئوتومبێلی خۆلێخوڕ (پێویستی بەمرۆڤ نییە لێی بخوڕێ)، زیرەکیی دەستکرد، وێنەی سێ رەهەندD٣ ، سەیڤکردنی وزە، رۆبۆت.... هتد (تەماشای ئەم لینکە بکە:

.)https://l.facebook.com/l.php…

بێگومان زۆربەمان ئەوەمان بیستوە:

گەشەسەندنی تەکنەلۆجیای پیشەسازی، قازانجی ئەو مرۆڤانەی تێدا نییە کە تەنها هێزی بازو شك دەبەن بۆ خۆژیاندن، چونکە وا دەکا: بەرهەمهێنان ئەوەندە پێویستی بەهێزی بازو نەبێ.

بەڵام هەواڵی بێبەشکردنی ٣٧ ملیۆن مرۆڤ لەبەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، تەنها لەبەرئەوەی مۆبایل و کۆمپیوتەرەکانیان کۆنەو توانای کڕینی هینی تازەتریان نەبوە، دەریدەخا:

شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی، زەرەرو زیانەکەی بۆ چینی هەژارو ناوەند، هەروەها بۆ وڵاتانی ناسراو بە (جیهانی سێ) زۆر زیاتر دەبێ لەوەی پێشبینی کراوە.

هەر ئێستا بەهۆی ئەو شۆڕشەوە:

*زەمینە رەخساوە بازاڕی ئەوراقی مالی و موزارەبە، پەرە بسێنێ و بەئەندازەی قومار زیان لەدارایی و ئابوریی وڵاتی ئێمەو وڵاتانی نەوتفرۆشی دەوروبەرمان بدا.

*تێچوی نەوتی صەخریی ئەمریکی کەم ببێتەوەو نرخی نەوتی وڵاتی ئێمەو وڵاتانی نەوتفرۆشی دەوروبەرمان هاڕە بکا بۆ خوارەوە.

*زۆرێك لەوڵاتانی جیهانی سێ بەرەو ئەوە بڕۆن بکەونە سەر ساجی عەلی، ژیانی هاووڵاتیانیان رو لەسەختی بکاو شەڕو ئاشوب بکەوێتە ناویان.

ئەوەتا حکومەتێکی پێشتر سەروەتمەندی وەکو سعودییە، بەهۆی دەستتەنگییەوە، بەنیازە کۆمپانیای ئارامکۆ بخاتە سەرفرۆشتن کە زەبەلاحترین کۆمپانیای حکومیی وڵاتە، بگرە زەبەلاحترینی ناوچەشە.

پسپۆڕان لەوبارەیەوە دەڵێن: فرۆشتنی ئارامکۆ واتە کۆتاییهێنان بەڕێکخراوی ئۆپیك و سپاردنی نەوت و سیاسەتی نەوتیی هەمو ناوچە بەکەرتی تایبەت.

*ئەگەر راستبێ سعودییە بەرێی مایەپوچبونەوەبێ (هەندێ کەسی وەکو عبدالباری عطوان دەڵێن راستە، هەندێکی وەکو احمد المسلماني دەڵێن پڕوپاگەندەی رۆژئاوایە بۆ شکاندنی ویقاری سعودییە...(

*هەروەها ئەگەر ئەو گومانە بەهەند وەربگرین کە دەڵێ: سەرمایەدارە زەبەلاحەکانی دنیا، ئەوانەی کۆمپانیا جیهانییە هەرە زەبەلاحەکانیان هەیە، زۆربەیان جولەکەن و بەشێکیان چەتەی ئابورین، یان لەباشترین حاڵەتدا کەسانی چینایەتیخوازن و دۆلارپەرستی دینیانە...

ئەوا مەعلومە:

*دوای فرۆشتنی ئارامکۆو کۆمپانیا حکومیە گرنگەکانی ناوچەو خەصخەصەکردنی کەرتە ئابوریە نیشتیمانیەکانی وەکو کارەبا، ئاو، تەندروستی و رەنگە خوێندنیش تیایاندا...

*هەروەها دوای راگەیاندنی شۆڕشە پێشەسازیە رانەگەیەنراوەکەی چوارەمی جیهان بەو دەستکەوتە کۆمەڵایەتییە نایابەیەوە بۆ ٣٧ ملیۆن مرۆڤی دەسکورتی جیهانی سێ...

وڵاتانی جیهانی سێ و نرخی نەوتیان و ئابوریەکەیان، چییان بەسەردێ !

ئەوەی مەعلوم نییە ئەمەیە:

*ئایا ئەو سەروەتە زۆرەی وڵاتانی وەکو سعودییە دایدەجرنگێنن (لەدەستی دەدەن)، چیی لێدێ؟ خۆ ناسوتێ و نەسوتاوە ! ئەوەی رو دەدا تەنها گیرفانەو گیرفانکردنێکە بەسەروەتەکە: لەم گیرفانەوە بۆ ئەو گیرفان!

*ئەو گیرفانە بەشەڕواڵی کێوەیە سەروەتی داجرنگاوی گەلانی قلوچکراوی بۆ دەڕوا؟

٢٠١٦ / ١ / ١٣

....................

## ئەگەر قازێکی رەش بەڕێوە نەبێ!

مانگی (١١) ی ئەمساڵ (٢٠١٦) هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بەڕێوە دەچێ.

ئەم روداوە هاوکاتە لەگەڵ هەلومەرجێکی خراپی نێودەوڵەتیدا.

لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئەمریکا:

*کۆمەڵگە بەردەوام لەکەرتبون و دابەشبوندایە بەسەر دەوڵەمەندو هەژاردا.

*جیاوازیی چینایەتی لەنێوان (دەوڵەمەندو هەژار) دا، تادێ توختر دەبێتەوە، مرۆڤەکان تا دێ لەیەکتر دورتر دەکەونەوە:

لەڕوی جوگرافی، شێوازی ژیان، جۆری ئەو شتومەکانەی بەکاریان دێنن، هەروەها پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوییەوە.

*چینی ناوەند تادێ بەرەو داخوران و بچوکبونەوە دەچێ.

*بەهۆی داخوران و تیاچونی چینی ناوەندەوە (خواست / طلب) لەسەر بەرهەم و کاڵا بەردەوام لەکەمبونەوەدایە.

*ئاستی بەکاربردن (استهلاك) تادێ بەرەوخواردێ.

*بەهۆی دابەزینی ئاستی بەکاربردن و خواستەوە، ئابوریی وڵات رۆژ لەدوای رۆژ لەڕکودو کارەسات نزیکتر دەبێتەوە.

*هەمو بەرنامەکانی دەوڵەت بۆ پەرەپیدانی مرۆیی و ئابوری، ئەگەرچی سەرەتا بەو ئامانجە دادەڕێژرێن سودی گشتییان تێدابێ، کەچی لەکۆتاییدا تەنها بەقازانجی چینی دەوڵەمەندو زەرەری چینی ناوەند کۆتاییان دێت، لەسەردەمی رۆناڵد رێگنەوە تا ئێستا سەرەنجامی هەمو پلانەکان بەوجۆرەیە.

*بەهۆی نایەکسانییەوە لەداهات و بژێویدا، متمانەی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەدا، تادێ خۆ لەکەمی دەدا.

*دەوڵەت تا دێ دەستنوقاوتر دەبێ و پشتیوانی لەسەر خزمەتگوزاریەکان کەمتر دەکاتەوە.

بەهۆی ئەو دۆخەوە کە ئاماژەی پێدرا، ئابوریزانەکانی وڵات پێشنیار دەکەن دەوڵەت هێزی خۆی لەبەهێزی و پانوپۆڕیی چینی ناوەنددا ببینێتەوە، پشتیان تێ نەکا، دەست بداتە باڵیان، ئەوەندە پشت بەچینی دەوڵەمەند نەبەستێ و خۆیی پێوە هەڵنەواسێ، کارێك نەکا تاسەر هاوکێشەی ئابوری بەوجۆرەبێ:
لەسەدا یەکی کۆمەڵگا، لەسەدا نەوەت و پێنجی داهاتی سەرلەبەری وڵات بنێنە گیرفانیانەوە!

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی:

*سیستمی دارایی و ئابوریی جیهان، هێشتا گرفتاری ئەو گورزەیە کە لەقەیرانە داراییە جیهانیەکەی ساڵی ٢٠٠٨ دا بەری کەوت.

*نرخی نەوت بەردەوام لەدابەزیندایە.

*بودجەی ساڵی نوێ و چەندین ساڵ لەوەوبەری وڵاتانێکی زۆر، کورتی هێناوە.

*وڵاتێکی وەکو سعودییە، وێڕای سەروەتە قەبەکەی، بەپێی پێشبینیی هەندێ ناوەندی پسپۆڕ، رەنگە ٤ ـ ٥ ساڵیتر بەتەواوی مایەپوچ ببێ و پارەی یەدەگی بەدەستەوە نەمێنێ.

*گەورەترین دارِمان (تەنها لەم چەند رۆژەی ساڵی نوێدا) لەبازاڕی ئەوراقی مالیی ئەمریکیدا تۆمار کرا کە (بەقسەی شارەزایان) لەسەد

ساڵی رابردودا وێنەی نەبوە، بەجۆرێ کە: مەترسی هەیە قەیرانە دارایيە جيهانيەکەی ساڵی ۲۰۰۸ بەدوای خۆيدا بێنێتەوە.

*فەوزايەکی سياسی و سەربازيی گەورە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە.

*روسيا بەتوندی هاتۆتەوە مەيدانی ململانێی نێودەوڵەتی.

*ناڕۆشنی باڵی بەسەر بارودۆخی دارايی و ئابوريی چيندا کێشاوە، نازانرێ ئاخۆ ئەويش يەکێکی ترە لەو هەڕەشانەی رويان کردۆتە سيستمی دارايی و ئابوريی جيهانی يان نا.

ئەمانە بەسەريەکەوە گرفتی گەورەن، بەشی ئەوە دەکەن نەك هەر ئەمريکا، بەڵکو سەرلەبەری کۆمەڵگەی نيودەوڵەتی لەبنەوە هەڵتەکێنن.

دەبێ گۆڕينی سەرۆکێك بەيەکێکيترو ئيدارەيەك بەئيدارەيەکيتر لەئەمريکا، چی لەو هەمو نارێکييە بگۆڕێ، ئەگەر قازێکی رەش بەرێوە نەبێ؟

۱۰ / ۱ / ۲۰۱٦

........................

## تیۆری قازی ڕەش

ئەوەی هەمو لایەکمان و گەلانی دنیاش دەیانزانی ئەوەبو: قازی ڕەش لەدنیادا نییە، قاز هەمیشە سپییە.

بەڵام دواجار لەئوسترالیا قازی ڕەش دۆزرایەوە...

(دۆزینەوەی قازی ڕەش لەئوسترالیا) بنەمای تیۆری (قازی ڕەش) ە.

تیۆری قازی ڕەش دەربڕی هەمان بیرۆکەی قازە ڕەشەکەیە: کام ڕوداو پێشبینی ناکرێ ڕوبدا، لەڕێدایە ڕوبدا!

-خاوەنی ئەم تیۆرییە بیرمەندی لوبنانی (نسیم نقولا طالب) ە.

-ئەو کتێبەی کە ئەم تیۆرییەی تێدا خستۆتەڕو هەڵگری هەمان ناوە (قازی ڕەش).

-ساڵی ٢٠٠٧ چاپ بوە.

-زیاتر لە سێ ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە.

-بۆ سی و یەك زمان وەرگێردراوە.

-دیارترین کتێبی ناوبراوە لەبەرئەوەی پێشبینیی قەیرانە داراییە جیهانیەکەی ساڵی ٢٠٠٨ ی تێدا کردوە.

-طالب خۆی، ساڵی ١٩٦٠ لەلوبنان لەدایکبوە.

-مامۆستای زانکۆیە لەئەمریکا.

لەگفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا دەڵێ: روداو رودەدا، بەشێوەیەك کە هیچ کەس پێشبینیی نەکردوە، کەچی رۆژی دواتر هەموان وەها راڤەی دەکەن و لێکی دەدەنەوە کە: حەتمەن دەبو رێك بەهەمان شێوەی کە رویداوە روبدا!

جەوهەری تیۆریەکەی (ئەگەرچی لەمەتنی کتێبەکەیدا وەکو تیۆری ئاماژەی بۆ نەکردوە) بریتییە لەمە:

ئەوەی لەتەوەقوعی کەسدا نییە روبدا، قابیلی ئەوەیە رو بدا!

ئەم بیرمەندە لوبنانییە رەخنەی جددیی لەسیستمی دارایی ئەمریکی هەیەو دەڵێ:

ئەو فیکرەیەی دەمەوێ لەرێی نوسینەکانمەوە، بەتایبەتی لەرێی کتێبی (قازی رەش)ەوە، بیگەیەنمە خەڵك ئەمەیە:

بەپێچەوانەی کەسانی ئەکادیمییەوە، لەناویشیاندا پسپۆرانی بواری ئابوری، کە پێیان وایە هەمو شتێك لەبارەی دنیاوە دەزانن و دەیانەوێ هەمومان لەسەر بیرکردنەوەی ئەوان برۆین بەرێوە، من هەمو

بەیانییەك كە لەخەو رادەبم دەزانم كە: نازانم چی لەڕێدایەو دەبێ چی روبدا.

ئەمە جەوهەری تیۆریەكەیەتی...

نمونە بۆ روداوی وەكو (روداوی قازە رەشەكە):

*داهێنانی كۆمپیوتەری شەخسی.

*رودانی جەنگی جیهانیی دوەم.

*رودانی كارەساتی ١١ سێپتیمبەر.

*دەستوەردانی راستەوخۆی روسیا لەسوریا.

*دەرپەڕاندنی سەرۆكی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان لەكارەكەی!

ئومێد بەدەركەوتنی قازی رەش

ترس لەدەركەوتنی قازی رەش

وردبونەوە لەدیاردە سیاسی و ئابوری و داراییەكان، لەڕوانگەی تیۆری قازی رەشەوە، بۆی هەیە هەر یەك لەم شعورانەی بەدوادابێ:

*ئومێد:

ئەو كەسانەی پشتبەست بەمیتۆدە باوەكانی راڤەكردن و خوێندنەوە، هیچ رۆشناییەك لەبەردەمی كۆمەڵگەی مرۆییدا نابینن بۆ گۆڕان و باشبون، پێیان وایە مرۆڤایەتی گەیشتۆتە بنبەست، دەتوانن دواجار

پشت بەتیۆری قازی ڕەش ببەستن و هیوای ئەوە لەناخی خۆدا هەڵچنن کە:

ڕەنگە دواجار قازێکی ڕەشی چاوەڕواننەکراو پەیدا ببێ و سەرلەبەری هاوکێشەکە (بەباری خێردا) پێچەوانە بکاتەوە.

*بێئومێدی:

ئەو کەسانەی پێیان وایە هەمو شتێك بەدروستی ڕۆیشتوە بەڕێوە، ژیانی کۆمەڵگەی مرۆیی لەلوتکە نزیك بۆتەوەو وادەی ئەوە هاتوە جاڕی کۆتایی مێژو بدرێ (گوایە ئەم جێیە ئەو لوتکەیەیە کە مرۆڤایەتی خەونی پێوە دەدی)، وردبونەوە لەتیۆری قازی ڕەش ڕەنگە خۆشخەیاڵیەکەیان لێبشێوێنێ و بیانگەیەنێ بەو بڕوایەی کە: نەخێر، ڕەنگە دواجار قازێکی ڕەشی چاوەڕواننەکراو پەیدا ببێ و سەرلەبەری هاوکێشەکە (بەبارێکی نەخوازراودا) پێچەوانە بکاتەوە.

*ریسك:

ئەو کەسانەی گیانی سەرکێشییان تێدایەو بەردەوام حەزیان لەڕیسکە، وردبونەوەی زۆر لەتیۆری قازی ڕەش، بۆی هەیە گیانی سەرکێشییان تێدا لاواز بکا، وایان لێبکا سڵ لەئەنجامی ریسکەکانیان بکەنەوە، لەچاوەڕوانیی ئەنجامی چاوەڕواننەکراودا ڕایانبگرێ.

ئەو کەسانەی بەپێچەوانەوەن: لەبنەڕەتەوە گیانی سەرکێشییان تێدا نییە یان لاوازە، ئەوانیش دەتوانن لەتیۆری قازی ڕەش بەهرەمەند بن و

جاروبار لەبوارێکی دیاریکراودا ریسکێك بکەن، بەو هیوایەی قازێکی رەشیان لێ دەرکەوێ و ریسکەکەیان بەخێر بۆ بگەڕێنێ.

*ئەم تیۆرییە، لەم سەردەمەدا کە ئاڵۆزی و شەڕو قەیرانی جۆراوجۆر بەرۆکی کۆمەڵگەی مرۆیی گرتوە، ئومێدبەخشە بۆ ئەو کەسانەی کەوتونەتەبن: ئومێد بەدەرکەوتنی قازی رەش.. بەڵام ئومێدپڕوکێنە بۆ ئەو کەسانەی کەوتونەتەبن: ترس لەدەرکەوتنی قازی رەش.

١٠ / ١ / ٢٠١٦

......................

## سوتاندنی شاخە دۆلارەکانی ناو بۆرسەکان

ساڵانێکی زۆرە بەلێشاو نەوت لەوڵاتانی نەوتفرۆشەوە هەناردەی رۆژئاوا دەکرێ، بەشی هەرە زۆری پارەی ئەو نەوتە کە بەدۆلار کەڵەکە کراوە، لەرۆژئاوا، لەدەستی خودی کڕیارانی نەوتدا ماوەتەوە، نەگەیشتۆتەوە دەستی وڵاتانی نەوتفرۆش.

زۆڵێتی و شارەزایی وڵاتانی رۆژئاوا (نەوتسێن) لەدۆزینەوەی فڕوفێڵی دارایی و یاسایی و سیاسیدا بۆ رێگریکردن لەگەڕانەوەی پارەی نەوت بۆ وڵاتانی نەوتفرۆش، لەپاڵ هەبونی گەندەڵیی زۆرو شلۆقیی ناوخۆیی لەناو وڵاتانی نەوتفرۆشدا، ئەو هۆکارانەن کە وایانکردوە پارەی نەوتی فرۆشراو نەگاتەوە ناو وڵاتانی نەوتفرۆش.

ئەمە زیانی گەورەی داوە لەوڵاتانی نەوتفرۆش:

-وایکردوە سەروەتەکانیان وەکو بارە بڕنەو وابێ بەپشتی کەرەوە کە گورگ دەیخواو بارە بڕنەو فریای ناکەوێ، یان وەکو رازیانە وابێ لەماڵی کەسانی بێعەقڵدا کە بەدەردی دڵئێشە دەمرن و ناتوانن سود لەدەرمانی دڵئێشەکەیان (رازیانە) وەربگرن!

ئەوەتا بەردەوام نەوتەکەیان بەدۆلار دەفرۆشرێ، دۆلارەکەش لەبۆرسەکانی رۆژئاوادا جێدەهێڵرێ، ناهێنرێتەوە بۆ وڵات، لەوێ موزارەبەی پێوە دەکرێ (تۆ بڵێ قومار)، باجی زۆری دەچێتەسەرو قازانجی کەم، هەندێجار زیانی گەورەشی بەردەکەوێ، وەکو ئەو گورزەی لەقەیرانە داراییە جیهانیەکەی ساڵی ٢٠٠٨ دا بەریکەوت، تەنانەت رێدەکەوێ هەندێجار بەبیانوی سیاسی بلۆکیش بکرێ.

هاوکات میللەتی خاوەن نەوت، لەناوخۆی وڵاتدا ناڵەناڵیەتی بەدەست بێدادی و گەندەڵی و خۆسەپێنیی دەسەڵاتدارانەوە کە نەوتیان کردوە بەتێڵا بەدەست خۆیانەوە بۆ سەرکوتکردن.

بێگومان وڵاتانی نەوتسێن هەتا بۆیان بکرێ لەهەوڵدا دەبن بۆ ئەوەی پارەی نەوت لەناوخۆی خۆیاندا بهێڵنەوە، نەیەڵن بگەڕێتەوە ناوخۆی وڵاتانی نەوتفرۆش، لەو پێناوەدا چاوپۆشی لەهەمو ستەمکارییەکی دەسەڵاتداران دەکەن لەناوخۆی وڵاتانی نەوتفرۆشدا.

قازانجی ئەو سیاسەتە رۆشنە:

*چی لەوە باشترە خەڵكی لادێیەك بتوانن سەرجەم كاڵاو كەلوپەلی كابرایەكی دەسگێڕ كە بۆ ساغكردنەوەی كاڵاكانی رێی كەوتۆتە گوندەكەیان بكڕن، لەهەمانكاتدا پارەی شت و مەك و كاڵاكانیشی لەدەست دەربێننەوە، بەدەستی بەتاڵ بینێرنەوە، جا چ بەفێڵ لێیان كیشابێتەوەو نەیانهیشتبێ بیباتەوە، یان بەرامبەر بەچەند ژەمە خۆراك و شەومانەوەو حەوانەیەك!

ئەمریكا كە لەساڵی ١٩٧١ ەوە روپۆشی زێڕی لەسەر دراوەكەی هەڵگرتوەو توانای نییە ئەو هەمو شاخە دۆلارەی لەبریتیی نەوت كەڵەكەبوە، بۆ خاوەنەكانی بگۆڕێتەوە بەزێڕ، ئەی بۆیان بگۆڕێتەوە بەچی؟ چۆن چارەسەری ئەو مەسەلەیە بكا؟ لەڕێی هەناردەكردنی گۆشتەوە؟ گۆشتەكەی تەنها بەشی خۆی دەكا ! ئوتومبێلەوە؟ جادە لەوە زیاتر ئوتومبێل هەڵناگرێ ! تەكنەلۆجیاو خزمەتگوزاریی تەكنەلۆجی؟ كەمترە لەبەهای ئەو هەمو شاخە دۆلارە ! ئەی چار؟

چار ئەوەیە كە هەندێ لەكەسانی هوشیاری ناوخۆی وڵاتانی نەوتفرۆش دەیڵێن:

نانەوەی شەڕو تەمویلكردنی!

ئەمریكا، مەگەر لەڕێی نانەوەی شەڕو تەمویلكردنیەوە، بتوانێ ئەو هەمو دۆلارەی وڵاتانی نەوتفرۆش كە ساڵەهایە لەلای خۆی كەڵەكەی دەكاو شاخ لەسەر شاخی لێهەڵدەچنێ، یان لەوڵاتانی تری رۆژئاوایی

کەڵەکە دەبێ و دەبێتە ئیلتیزام بەسەر بانکی ناوەندیی ئەمریکییەوە، بکاتە بەفری تواوە:

رەشکردنەوەی هەر چیایەك دۆلار، بەرامبەر بەنرخی هەر جۆرە صاروخێکی نوێ کە دەینێرێ!

ئەمریکا، دەکرا لێگەڕێ وڵاتانی نەوتفرۆش پارەی نەوتەکەیان ببەنەوە، ژێرخانی خۆیانی پێ تۆکمە بکەن، بەڵام ئەوسا لەوانەبو بیانپەرژێتە سەر بنیاتنانی کەرتە ئابوریەکانیتر (کشتوکاڵ، پیشەسازیی خۆراك و کەرتی بیناسازی و هیتر)، ئەوسا لەوانەبو ناچار نەبن نەوت بەپارەیەکی بێروپۆشی وەکو دۆلار بفرۆشن ! ئەمەش زیانی گەورەی دەبو بۆ ئەو!

ئابوریە زەبەلاحەکەی ئەمریکا بەو رێگایە زەبەلاح بوە!

٨ / ١ / ٢٠١٦

…………………

## بەتەنیشتی هەمو تورکیاو ئێرانێکەوە هەرێمێکی کوردستان

وەکچۆن لەتەنیشتی هەمو ئاوەدانییەکەوە بەنزینخانەیەك، لەتەنیشتی هەمو سەیارەیەکی حوتئاساوە خەزانێکی بەنزین، لەتەنیشتی هەمو چاخۆرێکەوە دەبەیەکی بیست لیتریی چا، پێویستە هەبێ.. ئاوەهاش لەتەنیشتی هەمو گەڕەك و سیتییەکی دەوڵەمەندنشین و مەسئولنشینی ناو شارەکانەوە چەندین گەڕەکی هەژارنشین، لەتەنیشتی هەمو قەڵاو مەصیفێکی سەرۆکنشینەوە، دامێنێك بۆ نیشتەجێکردنی دەست و پێوەند، لەتەنیشتی هەمو باکورێکی پاك و خاوێنی وڵاتەوە باشورێکی لیتەگرەوە، لەتەنیشتی هەمو خێڵ و تیرەو تایەفەیەکی دەسەڵاتدارەوە، خێڵ و تیرەو تایەفەگەلی پەراوێزخراو، پێویستە هەبن.

تا بڕوا وابێ دادپەروەری خەیاڵی خەڵکانی عاتیفییە نەك زەرورەتێکی (زانستی - کۆمەڵایەتی)، جوگرافیای دابەشبونی دانیشتوان بەو شێوەیە دەبێ، هەم لەناوخۆی وڵاتاندا، هەم لەپەیوەندیی نێوان وڵاتاندا (وڵاتێك و وڵاتێکیتر).

لەسەر ئەو بنەمایەیە ئەم هاوکێشە ناوخۆیی و ئیقلیمی و جیهانیانە هەڵکەوتون:

بەتەنیشتی زۆنی زەردەوە لەهەرێمی کوردستان زۆنی سەوز، بەتەنیشتی زۆنی سەوزەوە گردەکەی زەرگەتە.

بەتەنیشتی حوتێکی لوشەری وەکو تورکیاوە، پەترۆلستەیشنێکی گەورەی وەکو هەرێمی کوردستان.

بەتەنیشتی ریاض و مەککەو مەدینەی سوننەنشینەوە لەسعودییە، شەرقی شیعەنشین و شارەکانی (قطیف، الاحساء، العوامیة و صفوی).

بەتەنیشتی کۆمەڵگە ئاخوندنشینە خۆشگوزەرانەکانەوە لەئێران، کۆمەڵگەی برسی و تینوی کوردی، کۆمەڵگەی سەرکوتکراوی عەرەبیی ئەحواز.

بەتەنیشتی ئەردۆغانەوە ئیمرالی و ئامەدو جەزیرە.

بەتەنیشتی روسیاوە ئاسیای ناوەڕاست (قێرخیزستان، تورکمەنستان، ئۆزبەکستان، تاجیکستان، کازاخستان).

لەژێر نفوزی سیاسیی ئەمریکادا وڵاتانی خەلیج.

حەتمەن هەمو دو تەنیشتێك یەکێکیان تەنکیی ئاو و خەزانی سوتەمەنی و شادەماری ئابوریی ئەوی تریانە.

تەماشاکە بزانە بۆچی ئێران لەسەر شیعەی سعودییە دەیگەیەنێتە بایکۆتی پەیوەندیی دیپلۆماتی لەگەڵ ریاض، بەڵام ئەو حەماسەی نییە بۆ شیعەی ئەفغان؟

رۆژنامەی ئەلیکترۆنیی (هەشتی صوبح) ی ئەفغانی، دوای سوتاندنی باڵیۆزخانەی سعودییە لەتاران بەهۆی ئیعدامکردنی باقر النمر لەلایەن دەسەڵاتدارانی سعودییەوە، وتارێکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (لەئاگری شەڕی ئێران و عەرەبستانی سعودییە خۆ دوربگرین)، تیایدا هاتوە:

پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە:

ئایا بەڕاست، لەڕوی مەزهەبییەوەیە کە ئێران نیگەرانی روداوی لەسێدارەدانی باقر النمرە؟

بەوردی دەیسەلمێنێ کە نەخێر مەسەلەکە پەیوەندیی بەمەزهەبەوە نییە، ئەوەندەی پەیوەندیی بەسیاسەتی بەرژەوەندخوازییەوە هەیە، دەنا بۆچی هەڵوێست و

پەرچەکرداری تاران لەئاست نارەحەتیەکانی ژیانی شیعەی دنیادا وەکو یەك نییە !

نمونە دێنێتەوە:

(عبدالعلی مزاری - رابەری پارتی وەحدەتی شیعیی ئەفغانی) لەلایەن بزوتنەوەی سوننیی تاڵیبانەوە کوژرا، هیچ کام لەگەورە بەرپرسانی ئێران روداوەکەیان مەحکوم نەکرد، تەنها (مهاجری) بەڕێوەبەری بەرپرسی رۆژنامەی (جمهوری اسلامی ایران) سەرۆکایەتیی هەیئەتێکی کردو هاتە مەراسیمی ناشتنەکەی لەشاری مەزار شەریف، هاوکات لەگەڵ کوژرانی رابەری ناوبراودا ئەندامە هەرە دیارەکانی پارتەکەی، لەئێران وەدەرنران و رەوانەی ئۆردوگای سفیدسنگ کران.

لەگەڵ چەندین نمونەی تری زیندو...

بەهۆی ئەم دابەشبونە جوگرافییەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوییەوە، سیستمی سیاسی و ئابوری لەزۆربەی وڵاتاندا، ئێستا لەهەمو کاتێکی لەوەوبەر زیاتر، مەترسیی هەرەسهێنانی هەیە.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی:

بانگەشە بۆ چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی (لەسەر هەردو ئاستی: ناوخۆیی و پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان)، ئەگەر هەندێجار پاڵنەرەکەشی شعوری بەرزی شاعیرانەبوبێ، بەڵام سەنەدێکی (زانستی - سیاسی) ی راستەقینە هەیە پشتیوانیی لێبکا.. نەبێ نابێ !

٦ / ١ / ٢٠١٦

.....................

## دوەمین ئیستیفزازی میحوەری سوننە بەرامبەر بەمیحوەری شیعە

لەسێدارەدانی باقر النمر و هاوکاروانانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی سعودییەوە، دوای بەردانەوەی فڕۆکەکەی روسیا لەلایەن تورکیاوە، دوەمین روداوی ئیستیفزازیی میحوەری (ئەمریکا - سوننەیە) بەرامبەر بەمیحوەری (روسیا - شیعە) کە دەریدەخا مەیلێکی تۆخ لەئارادایە بۆ نانەوەی شەڕێکی راستەقینە لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەڵام میحوەرە ئیستیفزازکراوەکە هیچ کام لەدو روداوە ئیستیفزازیەکەی بەتوندی نەگرتەخۆ، بەهەندێ سزای ئابوری و دیپلۆماتی داکەوت و ئاوی بەئاگرەکەدا کرد، ئەگەر ئیستیفزازی سێیەم و چوارەمیان بەدوادا نەیەت و ئاخریەکەی نەگەیەنرێتە شەڕ.

هەردو روداوە ئیستیفزازیەکە هاوکاتن لەگەڵ دۆخێکی (دارایی - ئابوری) ی جیهانیی قەیراناوی کە پێماندەڵێ: هۆکاری هەر

ئیستیفزازو شەڕێکی موحتەمەل لەناوچەکەدا، بەرلەوەی سیاسیبێ، ئابورییە.

بەپێی بۆچونی کەسانێکی شارەزا، ئەمریکاو هەمو ئەو وڵاتانەی سیستمی ئابوریی خۆیانیان بەتوندی بەستۆتەوە بەسیستمی ئابوریی سەرمایەداریی ئەمریکی و ئابوریی نەوتەوە، بەدوای قەیرانە داراییەکەی ساڵی ٢٠٠٨ ی ئەمریکادا کە بەقەیرانی کەرتی خانوبەرە ناسراوە، هێشتا هەر گرفتارن و نەیانتوانیوە بەتەواوەتی قەیرانەکە جێبهێڵن، هێشتا هەر بەدوای چارەسەرەوەن.

بەپێی ئاگاداریی ئەو کەسە شارەزایانە، ئەمریکا بۆ رێگەگرتن لەهەرەسهێنانی سیستمە (دارایی - ئابوری) ەکەی خۆی لەو ساڵەدا (ساڵی ٢٠٠٨ ) بڕێکی زۆر قەبە دۆلاری چاپ کردوە بەبێ هیچ روپۆشێکی زێڕ، بەو رێگایە بەری لەهەرەسی سیستمە (دارایی - ئابوری) ەکەی خۆی گرتوە.

ئەمە رێگایەکە لەچەشنی (فێڵ)، زەرەری هەمو ئەو وڵاتانەی تێدایە کە مامەڵە بەدۆلار دەکەن و خاوەنی دۆلاری یەدەگن، ئەگەر تا ئێستا چوبێتە سەر، رەنگە لێرە بەدواوە نەچێتە سەر، پێویستبێ بیر لەدۆزینەوەی رێگەچارەیتر بکرێتەوە.

دابەزاندنی نرخی نەوت لەجیهاندا (بەکۆمەکی سعودییە) و بیرکردنەوە لەدروستکردنی کۆسەڵەیەکی جیهانی لەڕێی شەڕێکەوە، رەنگە بەر

لەهەر ئامانجێکی سیاسی، بەئامانجی روبەڕوبونەوەی دەرەنجامە خراپەکانی ئەو رێگەچارە چەوتەبێ کە ئەمریکا لەچارەسەرکردنی قەیرانە داراییەکەیدا گرتیەبەر.

بێگومان چاپکردنی پارە بەبێ بونی روپۆشی زێڕ، لەناوخۆی وڵاتێکی ئاسایی وەکو عێراقدا، بەمەبەستی تێپەڕاندنی قەیرانی دارایی، وەکو ئەوەی رژێمی بەعس لەدوا دوای تەمەنی خۆیدا کردی، کارێکی ئاساییە، مەترسیی نابێ بۆسەر سیستمی ئابوریی جیهانی، ئەگەر مەترسیی لێبکەوێتەوە تەنها بۆ سەر وڵاتەکە خۆیەتی کە پارە بێڕوپۆشەکەی چاپکردوە.

بەڵام چاپکردنی دۆلار، لەدەرەوەی یاساوڕێسا داراییە نێودەوڵەتیەکان، مەترسیی گەورەی دەبێ بۆ سەر کۆی سیستمی (دارایی - ئابوری) ی جیهان چونکە دراوێکی گڵۆباڵە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مامەڵەی پێوە دەکرێ.

مومکین نییە وڵاتێکی زەبەلاحی وەکو چین کە بەپێی هەندێ سەرچاوە خاوەنی یەدەگێکی قەبەی دۆلارە، رازیبێت ئەمریکا بەکەیفی خۆی دۆلار چاپ بکا بەبێ هیچ روپۆشێکی زێڕ.

چۆن دەبێ ئەو هەمو مەوادە خام و کاڵا پیشەسازییە زۆرانەی وڵاتان بەرهەمیان هێناون، بەپارەیەکی بێقیمەتی بێڕوپۆش گۆڕدرابنەوە؟

بەم بۆنەیەوە دەمەوێ ئاوڕێکی کورت لەشەڕی روخاندنی رژێمی بەعس بدەمەوە!

سەردەمێك لەلای خۆمان باوبو دەگوترا: نییەتی ئەمریکا لەڕوخاندنی رژێمی بەعس نەوت و پارە نەبوە، گوایە ئەو خۆی پارەیەکی زۆری لەشەڕەکەدا خەرج کردوە کە رەنگە ساڵەهای ساڵ نەوتی عێراقیش ببات نەیەتەوە مایە!

بەڵام بەپێی هەندێ سەرچاوە ملیارەها دۆلاری لەو شەڕەدا دەست کەوتوە لەڕێی ساغکردنەوەی چەك و گەرمکردنی بازاڕی چەکەوە.

دەمەوێ بڵێم:

ئەگەر لەمەوبەریش لەشیکردنەوەی هاوکێشەگەلی سیاسی و سەربازیدا بیر بۆ ئەوە نەچوبێ فاکتەری ئابوری بەوردی لەبەرچاو بگیرێ، لەدوای قەیرانە داراییە جیهانیەکەی ساڵی ۲۰۰۸ وە، دەبێ هەمیشە فاکتەری ئابوری بەوردی لەبەرچاو بگیرێ.

٥ / ١ / ٢٠١٦

.........................

## ڕێگە نەدەین چەتەی ئابوریی نێودەوڵەتی دەست بەسەر هەرێمدا بگرن

سێرچێك لەگۆگڵ بۆ پەیداکردن و خوێندنەوەی بابەت لەبارەی چەتەکانی ئابوری (قراصنة الاقتصاد)، بەکارێکی پێویست دەزانم بۆ هەر هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان.

دڵنییام هەر کەس هەندێ مەقال و راپۆرت لەوبارەیەوە پەیدا بکاو بیخوێنێتەوە، تێدەگا هەرێمی کوردستان و ناوچەکەش لەڕێی چ نەهامەتییەکی گەورەدان، هەروەها تێدەگا کە: خۆبەستنەوەی حکومەت و چینی حاکم (لەکوردستانبێ یان لەهەر شوێنێکی جیهانی سێ) بەئابوریی سەرمایەداریی ئەمریکی، قەرزو قۆڵە لەبانك و کۆمپانیای رۆژئاوایی و یەهودی، لەگەڵ پرس و راوێژ بەموستەشاری ئابوریی رۆژئاوایی و نێودەوڵەتی، چ مەترسییەکی گەورەیە.

مەترسیی خۆبەستنەوە بەئابوریی رۆژئاوا، بازرگانیی نەوت و خەصخەصەکردنی کەرتە ئابوریە حکومیەکان لەسەر راو تەگبیری

راوێژکارانی ڕۆژئاوایی، لەوەدا نییە کە: دواجار خەڵکی وڵات دەکاتە دیلی هەتا هەتایی بنەماڵەی حاکم و چینێك لەسەرمایەدارانی زۆر قەبە، یان بنەماڵەی حاکم دەکاتە دیل و شەریکی چەتەکان و لێدەربازبونیان نابێ، بەڵکو لەوەدایە: برسێتی، بێکاری و ژیانێکی مەمرەو مەژیی سەخت بۆ زۆرینەی خەڵکی وڵات بەدوای خۆیدا دەهێنێ کە بەنیسبەت خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییش لەبەرچاوی هەموان دەخا.

هیوادارم زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان، بەرلەوەی ڕەزامەندی لەسەر هیچ پڕۆژە یاساو پێشنیارێك دەرببڕن و بەبەڵێ وەڵامی هیچ ڕاپرسییەك بدەنەوە، بەدوای ئەم مەسەلەیەدا بچن، هەندێ لەو زانیاریانە دەسخەن کە ئاماژەم پێدان.

هەروەها هیوادارم بەوە تێنەکەون کە فڵانە کەرتی ئابوریی نیشتیمانی لەلایەن فڵانە تەکنۆکراتی کوردەوە بەڕێوە دەبرێ و ئیتر مەترسی لەئارادا نییە، دەبێ بزانین: زۆرێك لەشەریك و کارمەندی کۆمپانیا ڕاوێژکارییە ئابورییە چەتەگەرە نێودەوڵەتیەکان، کەسانی محەلین و پسپۆڕیشن، لەچەندین شوێنی دنیا شتی وا ڕویداوە.

٥ / ٥ / ٢٠١٦

.........................

## پەیامی هونەر

ڕەوانەکردنی پەیام، لەڕێی هونەرەوە، بەتایبەتی لەسەر زمانی منداڵەوە، زۆر باشترو کاریگەرترە، وەك لەهەر ڕێیەکیتر، وەکچۆن گەیاندنی هەواڵ لەڕێی فۆتۆ دانسقەکانەوە، باشترەو دەنگدانەوەی زۆرتری دەبێ.

لەم کاتەدا کە خەڵکی کوردستانی باکور گیریان بەدەست شەڕی ئاکپارتییەوە خواردوە، شارو شارۆچکەکانیان شوێنی شارو شارۆچکەکانی دەیە خوێناویەکانی عومری فەلەستینیان گرتۆتەوە، هیچ شتێ بەقەد هونەر باش نییە بۆ گەیاندنی فریادو هاواریان.

هەقوایە خەڵکی باشوری کوردستان و حکومەت و حیزبەکانیان دەستپێشخەربن لەخستنەسەرپێی هەڵمەتێکی وەهادا، بەو هەمو کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانی و کەوادرە پڕۆفیشناڵەوە کە هەیانە.

بۆچی دەتوانن لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بگەڕێن بۆ ناسکترین دەنگ و چیهرە، باشترین تێکست، دیارترین میوزسیەن، باشترین تەکنیکی وێنەگرتن و ریکۆردکردن، بۆ ئەوەی کارێکی هونەریی پێ دروست بکەن هەڵمەتەکەی پێ گەرم بکەن، لەو پێناوەدا دەیان هەزار دۆلار خەرج دەکەن، بۆچی ناتوانن لەپێناوی سەرخستنی دۆزی خەڵکی باکوری کوردستان بڕێك لەتواناى کادرو کاتی شاشەکانیان تەرخان بکەن؟

بۆچی دەتوانن جۆرەها بەرنامە لەتەلەفزیۆنەکانیانەوە تەرخان بکەن بۆ لێکترازاندنی کوردی پارچە جیاجیاکانی کوردستان، بۆچی ناتوانن چەند کارێکی هونەریی بەرزو باش بۆ چەند منداڵێکی ژیکەڵەی باکورو رۆژئاواو رۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکەن لەپێناوی گەیاندنی پەیامی ئاشتیخوازانەو دادو فریادی خۆیان و کەسوکاریاندا؟

بەقەدەر کازم ساهیرو نانسی عەجرەمیان پێ ناکرێ؟

٢٠١٦ / ١ / ٣

........................

## دابەزینی بەهای دیناری کوردی

قەیرانی دارایی کە بریتییە لە: دابەزینی نرخی (اصول) ی مادی و مالی و ئەوانیتر، ئەگەر لەخراپەوە سەریکێشا بۆ خراپترو خراپترین، ئەگەر لەکەرتی ئابوریی مالییەوە سەریکێشا بۆ کەرتە ئابوریەکانیتر، ئەوسا ئیتر مەترسیی ئەوە دێتە ئارا قەیرانی ئابوریی گەورەی لێ بکەوێتەوە، بەهای دراو دابەزێ و گەشەو نەشونمای ئابوری لەکەرتە جۆراوجۆرەکاندا رابوەستێ.

قەیرانی دارایی بەهۆی قەرزدان و قەرزکردن و ئەو پرۆسە بانکی و داراییانەوە کە پێیان دەوترێ (موزارەبە: قازانجسازی) دێتە ئارا. سالّی ٢٠٠٨ بەهۆی قەرزوقۆڵەی بێسەروبەرەی زۆرەوە بۆ بەردەوامیدان بەپەرەسەندنی کەرتی خانوبەرە لەئەمریکا، قەیرانی

دارایی گەورە لەجیهاندا، بەتایبەتی لەئەمریکا، روی دا. مەسەلەکە بەمجۆرەبو:

خەڵکێکی زۆر سەریان کردبوە سەر کڕینی خانو و شوققە بەقەرز، بانکە قەرزدەرەکان کەوتبونە ناو ئیشەکەوە، قەرزیان دەدا بەهاوڵاتیان بەسودی زۆر لەبەرئەوەی گرەنتیی دانەوەی نەبو، بەو بڕوایەوە کە ئەگەر هاووڵاتیان نەشیانبێ بیدەنەوە خانو و شوققەکانیان هەیە لێیان بسەنرێتەوە بۆ ئەوەی بفرۆشرێن و قەرزەکانیان لێ هەڵبگیرێتەوە.. بەڵام لەکۆتاییدا قەوما:

ژمارەیەکی یەکجار زۆر خانو و شوققەی هاوڵاتیان بەو هۆیەوە خرانە سەر فرۆشتن، ئەوەبو حکومەت فریاکەوت، لەڕێی پڕۆژە یاسایەکەوە شانی دایە بەر کێشەکە، ملیارەها دۆلار یارمەتیی پێشکەش کرد، هەم رێی لەئیفلاسبونی بەشێك لەکۆمپانیاو بانکەکان گرت، هەم کاری هاووڵاتیانی رایی کرد.

-ئایا حکومەتی هەرێم وەکو حکومەتی ئەمریکاو بانکە قەرزدەرەکانی ئەمریکای ساڵی ٢٠٠٨ ی کردوە: ملیارەها دۆلاری لەکەرتی خانوبەرەدا خەرج کردوەو پارەکەی کەوتۆتە لای خەڵك و خەڵك نییەتی بیداتەوە؟ یان ملیارەها دۆلاری پێشکەشی بانکە ئەهلیە قەرزدەرەکان کردوە بۆ ئەوەی ئیفلاس نەکەن و هاووڵاتیانی قەرزدار تەنگەتاو نەکەن؟ لەبەرئەوەیە پارەی بەدەستەوە نەماوە مەعاشی خەڵك

بدا؟ چیی لێقەوماوە وا بەجارێ خۆی مراندوە؟ ئایا خەزێنەکەی پارەی تێدایە یان نە؟ ئەسڵەن خەزێنەی هەیە یان نە؟ ئەگەر نییەتی ئەی پارەی ئەو هەمو نەوتە فرۆشراوە کەوتۆتە کوێ؟ بۆچی چاو لەحکومەتی عێراق ناکا پێمان بڵێ ساڵی ٢٠١٥ چەند داهاتی هەبوە؟ بۆچی دەبێ حکومەتی عێراق لەساڵی ٢٠١٥ دا ٤٩ ملیار دۆلار بەرەوسەرتر داهاتی صافیی نەوتی هەبوبێ، رۆژانە سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار بەرمیل نەوتی فرۆشتبێ، بەوەرگرتنی گرەنتیی قانونییەوە داهاتەکەیی خستبێتە بانکێکی ئەمریکییەوە بۆ ئەوەی بەناوی سەندنەوەی قەرزی سەردەمی رژێمی بەعسەوە دەستی بەسەردا نەگیرێ، رێگەی دابێ کۆمپانیای سۆمۆ لەژێر رەقابەی پسپۆڕانی نێودەوڵەتیدابێ، هەمو زانیارییەکیش لەوبارەیەوە لەبەردەستی خەڵك و خوادابێ، بەڵام حکومەتی هەرێم ئامادە نەبێ بەخەڵك بڵێ: داهاتی ساڵی ٢٠١٥ ی (چش لەساڵانی پێشوتر) ئەوەندە ملیار دۆلار بوە، لەفلانە بانکدا هەڵگیراوە، بەفلانە مەرجی قانونی، سیقەو متمانەی بانکەکەش ئەوەندەیە؟

حکومەتی عێراق تا ئەم دەقیقەیە رۆژانە لەرێی بانکی ناوەندییەوە دۆلارێکی زۆر دەخاتە بازاڕەوە بۆ پشتگیریی بازرگانیی دەرەکی، هەرچەند بەو هۆیەوە لەپاڵەوە گەندەڵییەکی ساڵانەی بەردەوام و رێکخراو، درێژەی هەیە، هاوکات بەهای دیناری عێراقی، سەرەڕای

هەمو واتەواتێکی تایبەت بەکورتهێنانی بودجەو دابەزینی نرخی نەوت لەبازاڕە جیهانیەکاندا، تا ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوە، نەهاتۆتە خوارەوە.

حکومەتی هەرێم چ شتێکی هاوشێوەی ئەوەی کردوە، دواجار بەو هۆیەوە توشی نسکۆی دارایی بوبێ و پارەی بەدەستەوە نەمابێ و وایکردبێ بەهای (دیناری کوردی) بێتە خوارەوە؟!

ساڵی ٢٠١٥ لەهەرێمی کوردستان:

-بەپێی قسەی هەندێ بەرپرس، ڕۆژانە یەك ملیۆن بەرمیل نەوت فرۆشراوە.

-بانکێکی حکومی نەبوە پشتگیریی بازرگانان بکا، ڕۆژانە دراوی قورس بەنرخی جێگیر بخاتە بازاڕەوە .

-هیچ کۆمپانیایەك لەکوردستاندا نەبوە (کۆمپانیای ئەهلی دەڵێم نەك حیزبی) لەکاتی دەستەنگیدا حکومەت دەستی دابێتە باڵی و قەرزی دابێتی بۆ ئەوەی لەئیفلاسبون ڕزگاری بکا.

-بڕی هەرە زۆری خەرجیی شەڕی داعش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەئەستۆی گرتوە نەك حکومەتی هەرێم.

کەچی حکومەت خۆی شپرزە کردوەو بەردەوام خەریکی بڵاوکردنەوەی هەواڵی خراپە لەبارەی توانای دارایی و ئابوریی خۆیەوە.

لەڕاستیدا دەکرێ بڕوا بەوە بکەین جکومەت لەمەودوا (تا ئەو کاتەی نەوت هەڵدەستێتەوە) توانای دارایی و ئابوریی لاوازە، بەهۆی ئەوەی تەنها یەك سەرچاوەی ئابوری شك دەبا کە نەوتە، بەڵام ناکرێ بڕوا بەوە بکرێ لەساڵی رابردوشدا هەر بەوجۆرەبوە، لەکاتێکدا لەتە گەورەکەی حکومەتی وڵات (حکومەتی بەغدا) باسی دەیان ملیار دۆلار داهاتی نەوتی ساڵی رابردو دەکا.. دەی خۆ حکومەتی هەرێمیش رۆژانە یەك ملیۆن بەرمیل نەوتی فرۆشتوە، با بڵێین بەنرخێکی هەندێ کەمتر لەنرخەکەی بەغدا فرۆشتویەتی ! ئەی کوا داهاتەکەی؟ تێکڕا چەندی لێخەرجکردوە (بۆ موچەو ئاوەدانکردنەوەو... هتد)؟ کورتی هێناوە یان زیاد؟ بۆچی حسابێکی لەوجۆرە لەبەردەستی خەڵکدا نەبێ؟

حکومەتی هەرێم با وەزارەتی سامانە سروشتیەکان نەخاتە ژێر رەقابەی بیانییەوە، بیخاتە ژێر رەقابەی پەرلەمانەوە، عەیب لەم پێشنیارەدا هەیە؟ ئاخر خۆ چاکسازی بەبێ شەفافیەت هەرگیز مومکین نییە، ئەگەر دەیەوێ نەڕوخی و ناچار نەبێ بەشەڕو شۆڕ داکۆکی لەمانەوەی خۆی بکا، دەبێ بەو پەڕی شەفافیەتەوە هەمو زانیارییەك لەبارەی کەرتی نەوت و هەر کەرتێکی تری ئابورییەوە کە هەیەتی بخاتە بەردەستی لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ دۆزینەوەی رێگای دەربازبون لەقەیرانی دابەزینی نرخی نەوت، خۆ ناکرێ کتوپڕ لەڕێی خەصخەصەکردنی هەندێ لەکەرتەکانەوە خۆی توشی نەهامەتیی

گەورە بکاو وەکو روسیای پاش هەڵوەشاننەوەی سۆڤیەت بەسەر خۆی بهێنێ:
بەپەلە کەرتی نەوتی خەصخەصە کردو بەبڕێك پارە فرۆشتی بەکۆمپانیایەك، کۆمپانیاکە دوای تەنها یەك ساڵ فیت دەستمایەی کڕینی نەوتەکەی هێنایەوە!

ئەگەر خەصخەصەکردن و فرۆشتنەکە بەکۆمپانیاکانی حیزب بێت ئەوا مەترسیی نییە، هاوکێشەکە هەر وەکو لەوەوبەر دەمێنێتەوە: پارەو داهات لەگیرفانی حکومەتدا نابێ، لەگیرفانی حیزبدا دەبێ، مەترسی لەمەدا نییە، تەنها ئەوەیە خەڵك بێمەعاش دەمێننەوە.. مەترسی لەوەدایە خەصەخەصەو فرۆشتنەکە بەکۆمپانیای تورکی و ئێرانی و رۆژئاوایی بێت!

٣ / ١ / ٢٠١٦

......................

## هەرێمی قلوچی کوردستان

بەبەرچاوی هەموومانەوە هەرێمی کوردستان کەوتۆتە سەر چۆك و قلوچ بوە:

*کارەبا (بەهەردو جۆرەکەیەوە: نیشتمانی و موەلیدە) لەشەو و رۆژێکدا ١٢ سەعات هەیە: چەند سەعاتێکی شەو لەگەڵ چەند سەعاتێکی سەرەتای رۆژ.. بەرەو داکشانی زیاتریش دەڕوا.

*موچە دەنگی نەماوە، دەبێ وردە وردە دەست ببرێ بۆ گۆشتی لاڕانی خۆ، ئەگەر چەند پرزۆڵێکی کەمی پێوەبێ بەشی پڕکردنەوەی هەندێ لەپێداویستیەکانی ئەم رۆژە رەشانەی خاوەن ران بکا.

*نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا تادێ نرخی بەرەو خوارتر دەبێتەوە، داهاتی لەوەوبەریشی نادیارە، بەتاڵان چوە.

*حیزبە سەروەتمەندەکان و بەرپرسە ملیاردێرەکانی هەرێم باوەشیان بەپاشەکەوتی خۆیاندا کردوە، ئامادە نین دەست لەبڕێکی کەمی هەڵبگرن بۆ ئەوەی چەند ڕۆژێکی ئەم ڕۆژە رەشانەی میللەتی پێ پینە بکەن.

هەمو ئەم ڕۆژڕەشی و ناخۆشیانە بەسەر یەکەوە، ئەگەر درێژە بکێشن، چەند ئەنجامێکیان دەبێ (لەدو سەرەوە):

لەسەری خەڵکەوە:

*ئەنجامی یەکەم: سەعاتەکانی بێکارەبایی کە زۆربەیان دەکەونە ڕۆژەوە، ئێستا بەهۆی سەرماو سۆڵەو بارانەوە دەکرێ لەعومر بکرێنە دەرەوەو حسابی نەبویان بۆ بکرێ: لەدائیرە بەتاڵخانەکاندا بەدەم خەم و کەسەرەوە بەبا بدرێن، یان لەناو ماڵی تاریکدا بدرێنە دەم خەو ! بەڵام ناتوانرێ تا سەر بەو جۆرە بەڕێ بکرێن، بەتایبەتی هاوین: زۆر مەحاڵە ئەو هەمو سەعاتەی بێکارەبایی بەم بێدەنگی و ئاسانییەی ئێستا لەخەڵك بگوزەرێن.

*بەدوای ئەنجامی یەکەمدا: زەحفی ناگەهانی خەڵك بەرەو شوێنە گشتیەکان (شەقام و چاخانەو مەیدانە میللی و جەماوەریەکان: ئەوانەی عادەتەن دەبنە چەقی کۆکردنەوەو یەکخستنی دەنگی نارەزایی خەڵك، وەکو لەڕابردودا هەبون).

لەسەری دەسەڵات (حیزب و حکومەت) ەوە:

ئەنجامی یەکەم: ئەگەر نەوت وەکو سەرچاوەی داهات باوی نەمێنێ و بۆ ئەوە دەست نەدا پشتی پێ ببەسترێ، رەنگە بیر لەقۆرخکردنی سەرچاوەکانی تری داهات بکرێتەوە: دەستبەسەرداگرتنی زەوی و زاری کشتوکاڵیی خەڵك لەلایەن دەرەبەگانێکی نوێوە، بازاڕەکان، مەرزە بازرگانیەکان، شوێنە گەشتیاریەکان... هتد.

ئەنجامی دوەم: پەنابردنە بەر توندو تیژی بۆ پاراستنی دەسەڵات و بەرپەرچدانەوەی ناڕەزایی خەڵك.

ئەمانە پێشبینیی ناڕۆشن و هەرزەکارانە نین، بەبیری هەمو کەسێکی بیرتیژدا دێن، بەبیری بەرپرسانی هەرێمیشدا نەهاتبن، بەبیری زلهێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکاندا هاتون و دێن: ئەوان دەزانن کۆمەڵگە (هەر کۆمەڵگەیەکبێ) بەدوای رۆژڕەشییەکی لەو جۆرەدا لەرێی چیدایە!

گومانکردن لەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی سازندەی ئەو رەوشە (ئابوری - ئەمنی - سیاسی) یەیە لەهەرێمەکەی ئێمەو کۆی ناوچەدا، گومانێکی بێجێ نییە.. دەکرێ بگوترێ: چاوەڕوانی ئەنجامەکەشیەتی!

تەنانەت گومانکردن لەوەی:

رەنگە زلهێزە نێودەولەتیەکان (روسیا، رۆژئاواو ئەمریکاو ئەوانی تریش) لەنێوانی خۆیاندا رێکەوتبن لەسەر یەکلاییکردنەوەی چارەنوسی کۆی گەلانی ناوچە (ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) لەرێی زەمینەڕەخساندن بۆ: پێکدادانی ناوخۆیی لەناویاندا، قلوچبون و

مایەپوچبونیان لەڕوی ئابورییەوە، تێکچونی رەوشی ئەمنی و کۆمەڵایەتی و دواجار هەرەسهێنانیان لەناوەوەی خۆیاندا، گومانێکی بێجێ نییە.

گومانبردن تا ئاستی ئەوەی پێمانوابێ:

پلانەکە پلانێکی گشتگیرە، بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەرلەبەری جوگرافیای سیاسیی ناوچەکەیە (بەتورکیاو ئێرانیشەوە)، لەڕێی لاوازکردنی سیستمی ئابوری و سیاسییەوە لەناوچەکەدا، گومانێکی بێجێ نییە.

بەڵام ئەمە شەرعیەت نادا بەدەسەڵاتدارانی هەرێم لێگەڕێن هەمو شتێ لەوڵاتدا هەرەسبێنێ گوایە لەدەسەڵاتی ئەوان بەدەرە!

بەپێچەوانەوە: ئەگەر ئەوان دەیانەوێ مێژویەکی پرشنگدار بۆ خۆیان تۆمار بکەن، ئێستا فرسەتیان بۆ رەخساوە ببنە بلیمەتی بیرتیژو حاتەمی تەی و کەریمی عەلەکەو فریادڕەس بۆ میللەتی خۆیان، دوای لەخۆبوردویی و بیربەخەرجدانی دڵسۆزانەیان لەپێناوی هاونیشتیمانیانی خۆیاندا چی رودەدا با روبدا، خۆ ئەوان ناوە باشەکەیان بۆ دەمێنێتەوە.

لەڕاستیشدا تەنها دو رێگەیان لەبەردەمدایە:

یان ببنە فریادڕەس، یان داپڵۆسێنەر...

ئەم رەوشە (ئابوری - سیاسی) یە، ئەگەر درێژە بکێشێ، تەنها یەکێ لەو دو کاراکتەرە بەدوای خۆیدا دێنێ.

٢٠١٦ / ١ / ١

......................

## ملیۆنی دووەمی دوای ملیۆنی یەکەمی موچە

روداوە سیاسی و ئابوریەکان وا دەردەخەن:

شەڕی ئیقلیمگیری داعش لەکۆڵ دەبێتەوە، یان دەکرێ بگوترێ: بچوك دەکرێتەوە (دەخزێنرێتە روبەرێکی جوگرافیی تەسك)، نۆرەی شەڕێکی تری ئیقلیمگیر دێت کە لەناو چاڵێکی گەورەدا دەگوزەرێ.

ئەم چاڵە چاڵێکی ئابورییە، بۆ ئەو گەل و وڵاتانە هەڵکەنراوە کە لەسەر داهاتی چاڵە نەوتەکان دەژین، پێدەچێ زۆر بەوردیش هەڵکەنرابێ.

بڕوام وایە چەندین وڵات و نەتەوە، بۆ ماوەی ساڵانێکی نامەعلوم، دەبن بەژێر ئەو چاڵەوە.

نامەعلومیی ژمارەی ئەو ساڵانە، پەیوەستە بەتوانای چاڵهەڵکەنەکانەوە لەقوڵکردنەوەی چاڵەکەدا، هەروەها پەیوەستیشە بەتوانای چاڵبۆهەڵکەنراوەکانەوە: کەی توانای ئەوەیان دەبێ لەچاڵەکە بێنە دەرەوەو دەربازیان ببێ لێی.

بێگومان هەتا چاڵبۆهەڵکەنراوەکان بژێویی خۆیانیان بەستبێتەوە بەچاڵی نەوتەوە، توانای ئەوەیان نابێ لەچاڵەکە بێنە دەرەوەو دەربازیان ببێ لێی، چونکە ئەو چاڵەی بۆیان هەڵکەنراوەو دەویسترێ بەسەریاندا بڕوخێنرێ یان ماوەیەکی باش گیر بدرێن تیایدا، رێك هەمان چاڵە کە ساڵەهای ساڵە بژێویی خۆیانی لێ دەردێنن (واتە: چاڵی نەوت) ! کەی توانییان دەستبەرداری چاڵی نەوت ببن و بەدوای سەرچاوەیەکی تری بژێویدا بچن ئەوا رزگاریان بوە !

هەوڵدان بۆ روخاندنی چاڵە نەوتەکان بەسەر خاوەنەکانیاندا، یان بۆ بەستنەوەی خاوەنەکانیان لەناویاندا، بۆ پارسەنگدانەوەی هاوکێشە (ئابوری - سیاسی) یە جیهانییە لاسەنگەکەی چەند ساڵی رابردوە.

ئێستا کە فرسەت رەخساوە خاوەنی چاڵە نەوتەکان لەچاڵەکانیاندا گیر بدرێن و بەشێوەیەکی سیحری، سیحری

خاوەکەیان بەتاڵ بکرێتەوە، دو دەسکەوتی گرنگ (یەکێکیان ئابوری، ئەوی تریان سیاسی) بۆ ئەمریکاو وڵاتە پیشەسازە نەوتهاوردەکەرەکان دەستەبەر بوە:

یەکەم / قەیرانی دارایی و ئابورییان لەکۆڵی خۆیان کردۆتەوە.

دوەم / رکابەرە سیاسیەکانی خۆیانیان هێناوەتە سەر چۆك، بەتایبەتی روسیاو ئێران کە تاڕادەیەکی زۆر پشتیان بەنەوت و گاز بەستوە بۆ بژێوی.

هەرچەند لەپاڵ ئەوەدا هەندێ زەرەرو زیانیان بەهەندێ دۆستی خۆیشیان گەیاندوە، بەڵام هەمومان دەزانین: ئەمریکاو رۆژئاوا دۆستی هەمیشەییان بریتییە لەبەرژەوەندیە هەمیشەییەکەی خۆیان.

بۆ ئەوەی ئەم بۆچونەی لێرەدا خراوەتەڕو باشتر لەزەیندا جێی ببێتەوە، کەمەکێك ئاگایی لەبارەی مێژوی ململانێ (دارایی - ئابوری) یە جیهانیەکانی شەش حەوت دەیەی رابردو پێویستە (لەوبارەیەوە وتارێکی وەرگێردراو کە ساڵانێك بەر لەئێستا وەرمگێڕاوە , بەدوای ئەم وتارەدا، دەخەمەوە بەرچاو).

هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی ئەگەر فریای خۆی نەکەوێ رەنگە لەهەموان زیاتر لەچاڵەکەدا گیر بخوا، ئەوانیتر (ئێران، وڵاتانی کەنداو، روسیا،.... هتد) سەرچاوەی بژێویی تریان هەیە (وەك: ئاو، رێڕەوی ئاویی بارگانی، کشتوکاڵ، پیشەسازیی سوك و قورسی ناوخۆیی)، وەکو ئێمەیان لێ ناقەومێ، زۆر لەمێژەشە مشوری خۆیانیان خواردوە.

هەرێم تەنها بەو ئیجرائاتە (دارایی) انە رزگاری نابێ کە دەستی داوەتێ، چاڵەکەو قەیرانەکە ئابورییە، دەبێ لەپاڵ ئەو ئیجرائاتانەدا رێ و شوێنی ئابوری بگرێتەبەر بۆ روبەڕوبونەوەی.

هەرێم ئەمریکا نییە خاوەنی هێزی تەکنەلۆجی و سەربازی بێت، خاوەنی هێزی قانونیی نێودەوڵەتی بێت، بتوانێ بیانخاتە گەڕ، تەنها شتێ بەکەڵکی بێت بیکا (ئەگەر بتوانێ و زو پێڕابگا) بریتییە لەهەمەچەشنکردنی سەرچاوەی ئابوری کە تا ئێستا نەك بیری لێ نەکردۆتەوە، بگرە بەربەستیشی لەبەردەمدا داناوە.

بیرکردنەوە لەهەمەچەشنکردنی سەرچاوەی ئابوری، لەوێوە دەست پێدەکا: حیزبەکان (یەکێتی و پارتی) بیر لەهەڵگرتنی

ئەو بەربەستانە بکەنەوە کە لەڕێی کاسبکاراندا دایانناوە، بەکورتی: داوای بەش نەکەن بۆ حیزبەکانیان لەپڕۆژەی ئابوری و بازرگانیی خەڵکدا !

پڕۆژەی ئابوری و بازرگانیی خەڵك، بۆچی دەبێ بەشی حیزبی تێدابێ (بەرێژەی لەسەدا شەست و لەسەدا پەنجاو ئەوەندە !)؟ خەڵك رەعیەتی حیزبە کاسبی بکا، نیوە بەرەوسەری بۆ حیزب بێت (حیزب نەك حکومەتیش !)؟ کێ بێتاقەت نییە لەکاسبیی وەهاو تاقەتی هەیە بیکا؟

ئەگەر ئەم سیاسەتە ئابورییە چەوتە بۆ ئەوە بوبێ دەوڵەمەند دەوڵەمەندتر نەبێ و حکومات لەناو حکومەتدا دروست نەبێ کە رەنگە یەکێتی و پارتی حەزیان بەوە نەکردبێ و لێی ترسابن، ئەوا دەتوانرا بەشێوەیتر ئەو سیاسەتە پەیڕەو بکرێ، بۆ نمونە لەڕێی سەندنی باجەوە (بێگومان بۆ قاسەی حکومەت نەك بۆ قاسەی حیزب).

ئێستاش زۆر درەنگ نییە بۆ کۆتاییهێنان بەو سیاسەتە ئابورییە چەوتە:

با حیزب دەستبەرداری بەش ببێ لەناو پڕۆژەی ئابوری و بازرگانیی خەڵکدا، دەست نەهێنێتە رێی ئەو کەسانەی

دەیانەوێ کارگەی پیشەسازیی جۆراوجۆر دابمەزرێنن، تەنها دو شتیان لێ داوا بکا:

یەکەم: باجدان بەشێوەیەکی رێکوپێك.

دوەم: جێکردنەوەی فەرمانبەرانی زیادەی حکومی لەپرۆژەکانیاندا بەپێی پێویست، بەمەرجی دابینکردنی موچەکانیان، یان برێ لەموچەکانیان، هەندێجار زیاتر لەموچەکانیشیان (بەپێی لێوەشاوەیی کەسە فەرمانبەرەکان).

بەو جۆرە حکومەت موچەی بەشێك لەفەرمانبەرانی لەکۆڵ دەبێتەوە (دەکەوێتە ئەستۆی کەرتی تایبەت)، هەروەها بواری بۆ دەرەخسێ وردە وردە هاوکاری بکا لەدەرکەوتنی ئابورییەکی هەمەچەشن و هەمە سەرچاوەدا.

ئەوسا ئیتر رەنگە پێویست بەوە نەبێ ئیندۆمی لەدەرەوە هاوردە بکرێ، گەنمی کوردستان بفرۆشرێتە حکومەتی بەغداو بکرێتە عەمبارەکانی ئەوەوە، پارەی جوتیاریش نەدا، لەکۆتاییشدا بۆ هێنانەوەی رببەیەك گەنمی خۆمان ناچاربین دەستی ماچ بکەین !

لەلایەکی ترەوە:

ئەگەر نەوت هەروا لەدابەزیندابێ، هەروەها ئەگەر موچەی وەزیرو پەرلەمانتارو پلەباڵاکان وەکو خۆی

بمێنێتەوە (پێنج شەش هەزار دۆلاربێ)، رۆژێ دێت پارەی هەزار دانە بەرمیل نەوتی فرۆشراو تەنها بەشی دابینکردنی موچەی یەك مانگی یەك دانە لەو فەرمانبەرە پلە باڵایانە دەكاو ناكا !

بۆیە لەجیاتیی ئەو دەسكارییە كورت وكوێرەی لەموچەكانیاندا كرا، دەبوایە سەقفێكی ئەعلای گونجاو بۆ موچەیان دیاری بكرێ، بۆ نمونە دو ملیۆن دینار، بەمجۆرە:
هەمو برە پارەیەكی سەروی ملیۆنی یەكەمی موچە، نیوەی ببڕدرێ، هەمو برە پارەیەكی سەروی ملیۆنی دوەم، سێ روبعی ببڕدرێ و یەك روبعی بهێڵرێتەوە، هەمو برە پارەیەكی سەروی ملیۆنی سێیەم سێ روبع و نیوی ببڕدرێ و نیو روبعی بهێڵرێتەوە، هەر بەپێی هەمان پێوەری هەڵكشاو: هەمو برە پارەیەكی سەروی ملیۆنی چوارەم و پێنچەم بچوك بكرێتەوە، بەشێوەیەك كە: هیچ موچەیەك لەدو ملیۆن دینار سەر نەكەوێ (لەدوملیۆن دیناردا رابگیرێ).. تەنها ملیۆنی یەكەم و ملیۆن بەرەو خوار دەسكاری نەكرێ.

رێكخستنی موچە بەشێوەیەكی لەو جۆرە، وا دەكا درەنگتر بیر لەوە بكرێتەوە سیستمی دابەشكردنی موچە وەكو

سیستمی دابەشکردنی بایەعیی لی بکرێت: بۆ هەر سەر فەرمانبەرێك (بەبێ رەچاوکردنی هیچ جۆرە جیاوازییەك لەپلەو پایەو ساڵی خزمەتدا) بڕێك موچەی وەكیەك.

حكومەتی هەرێم، بۆ خۆ دەربازكردن لەچاڵەكە، پێویستی بەتەكانی قورسە، هەروەها پێویستی بەكەمێك خۆسەرزەنشتكردنە لەسەر ئەوەی تا ئەم دەقەیە ئامادە نەبوە گەڕی خاوێك لەخۆی و لەخەڵكی كوردستان دورخاتەوە كە حاڵی حازر ئەوەی سیحربێ نەیماوە.

٣٠ / ١٢ / ٢٠١٥

................................

**خوێندنەوەی کتێب:**

**مێژوی دۆلار لەبەرایی دەرکەوتنیەوە تا ئەوکاتەی بو بەدراوی سەرلەبەری جیهان**

ناوی کتێب / چیرۆکی ژیانی دۆلار

ساڵی چاپ / ٢٠٠٨

نوسینی / کرایغ کارمین

وەرگێڕانی / فەرەیدون پێنجوێنی

بیرۆکەی (دراوی گڵۆباڵ) بیرۆکەیەکی نوێ نییە.. زیاد لە (١٠) جۆر (دراو)ی جیاجیا هەبووە کە سەدان ساڵ لەوەوبەر، لە دەرەوەی سنوری نەتەوەیی خۆیان، دەستاو دەستیان پێ کراوەو بەکاربراون.

(دراخما)ی یۆنانی یەکێکە لەو دراوە گڵۆباڵانەو بگرە لەوانەیە یەکەمینیشیان بوبێت، پێنج سەد ساڵ بەر لەزایین دەرکەوتوە، پاشان (لیانگ)ی چینیو دراوە زیوینە هیندیەکانو دیناری ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەراستداو (دۆکاتۆ)ی فینیتی لەسەردەمی ڕێنیسانسی ئیتالیاداو (خیلدر)ی هۆڵەندی لە سەدەی حەڤدەدا، هەروەها پاوەنی ئیستەرلینی لە سەدەی هەژدەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست و ئەوجا دۆلارو یۆرۆ.

ئەمەی دواییان (یۆرۆ) هەندێ کەس بەڕکابەری سەرسەختو یەکەمینی دۆلاری دەدەنە قەڵەم، ئەو دۆلارەی کە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دوەمی جیهانییەوە، لەسەر عەرشی بازاڕە جیهانیەکان، پاڵی لێداوەتەوە.

هاوکات لەگەڵ وەجوڵەکەوتنی (دۆزەرەوەکان)و گەشتو گەڕانەکانیان بەدەوری جیهاندا، قسەکردنیش لە سودو قازانجی ئەوەی (دراو)ێك هەبێت سوك بێت بۆ هەڵگرتنو لەهەمو سنورو دەوڵەتە جۆراوجۆرەکاندا (بچێت!) بو بەقسەی سەردەم.

(کرایغ کارمین)ی نوسەری کتێبی (چیرۆکی ژیانی دۆلار/ ٢٠٠٨) ئاماژە بۆ دو جۆر بۆچونی جیاواز دەکات دەربارەی ئەم (دراوە یەکگرتوە).

بۆچونی یەکەمیان ئەوەی ئابوریناسی زانکۆی کۆڵۆمبیاو خاوەن نۆبڵ (ڕۆبەرت ماندل)ە کە ئامۆژگاریی یەکیەتیی ئەوروپای کرد (دراوی یۆرۆ) چاپ بکات و.. ئەم (ڕۆبەرت ماندل)ەش بەشبەحاڵی خۆی ئاماژە بۆ پێشنیارێکی کۆنتی سەدەی شازدەی ئیتالیا (گاسبارۆ سکارۆفی) دەکات کە کاتی خۆی بانگەشەی دەرچواندنی (دراوی ئەلتیفینۆ)ی کردوەو داوای کردوە لەسەرانسەری جیهاندا کاری پێبکرێت ( ئەلتیفینۆ/ واتە: ڕۆشنایی راستەقینە).

بۆچونی دوەمیان، ئەوەی (مۆریسۆن بۆنباس)ی سەرۆك و دامەزرێنەری (ڕابیتەی دراوی یەکگرتوو)ە.

ئەم (مۆریسۆن بۆنباس)ە پێی وایە مەبەست لەدەستەواژەی (جیهان) لەبانگەشەکەی کۆنتی ئیتالی (گاسبارۆ سکارۆفی) دا، بریتی بوە لەئەوروپای ڕۆژئاواو بەس، نەك هەمو جیهان، ئەو کەسەی بانگەشەی (هەسارەیەکی ئایدیال)ی کردوە کە تیایدا سەرجەم نەتەوەکان یەك دراوی یەکگرتو بەکار بێنن، فەیلەسوفی بەریتانی (جۆن ستیوارت میل) ە..

( میل) لەکتێبەکەیدا بەناوی (یاساو رێساکانی ئابوریی سیاسی و چۆنیەتیی پراکتیزەکردنیان لەفەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا) کە ساڵی ١٨٤٨ بڵاوبۆتەوە، نوسیویە: (با وایدانێین سەرجەم وڵاتانی دنیا یەك دراویان هەیە.. سەرەنجام رۆژێك دادێ پێشکەوتنی سیاسی ئەمەی لێ بکەوێتەوە).

بەدوای ئەم گریمانە ئایدیالیەی (جۆن ستیوارت میل) دا، حکومەتی بەریتانیا دەستی کرد بەدەرچواندنی (دراوێکی کاغەزین) کە زۆر سەختە بتوانرێ تەزویر بکرێ.. هاوکات بانکە ناوەندیەکانی بەریتانیاش بەوەوە نەوەستان تەنیا باوەش بۆ ئەسپاردەی ئاڵتون بگرنەوە، بەڵکو ئارەزویان بۆ پێشوازیکردن لەئەسپاردەی دراوی کاغەزینی بیانی تا دەهات پەرەی دەسەند.

بەپێی ئەوەی (کرایغ کارمین) لەکتێبەکەیدا (چیرۆکی ژیانی دۆلار) باسی دەکا، چرۆکردنی بیرۆکەی (دراوی گڵۆباڵ) ی نوێ، لەو سەردەمەوە دەستی پێکردوە، شاری لەندەنیش ڕۆڵی بانکێکی گڵۆباڵی تێدا گێڕاوە.

لەدرێژەی کاروانی (گڵۆبالیزەبون) ی پاوەنی ئیستەرلینی، لەندەن پشتی بەست بەناوچە کۆڵۆنیاڵیە پێشکەوتو و

بەربڵاوەکانی خۆی لێرەو لەوێی دنیا.. لەناوچە کۆلۆنیاڵیەکانیدا چەندین لقی بانکی کردەوە.. بانکی ئەو وڵاتە کۆلۆنیالیانەش بەشبەحاڵی خۆیان، نوسینگەی نوێنەرایەتیان لەلەندەن کردەوە.. ئەوەبو هەر ئەو سەردەمە پاوەنی ئیستەرلینی خۆی گەیاندە ئەمێریکای باکورو لەوێوە بۆ خۆرهەڵاتی دورو بەرەو خوار بۆ باشوری ئاسیا.. وای لێهات ساڵی ١٨٩٩ پاوەن بو بەدراوی رەسمیی هیندستان.

بێگومان بەریتانیا دەسەڵاتی ئیمپراتۆریانەی خۆی خستەگەڕ بۆ سەپاندنی پاوەنی ئیستەرلینی بەسەر کۆلۆنیاڵیەکانیدا.. بەڵام پاوەن خۆیشی بەچەندین شێوە توانای خۆسەپاندن و بڵاوبونەوەی هەبو.. پاوەن بەر لەهەر شتێك دراوی بەریتانیا بو.. بەریتانیاش خاوەنی گەورەترین ئابوری بو.. دیارترین دەوڵەتی کۆمەکبەخشیش بو..

تا ساڵی ١٨٧١، پاوەن تاکە دراو بو لەجیهاندا کە پاڵپشتی (ئاڵتون) ی هەبێت، واتە تاکە دراو بو کە گرەنتیی بێمەرجی لەگەڵدابێ بگۆڕدرێتەوە بەئاڵتون (بەپێی سەنگ و بەهای خۆی).. کەچی (بۆ نمونە) بانکی ناوەندیی فەرەنسا، بەدرێژایی سەدەی نۆزدە داوای ئەو حکومەتە بیانیانەی ڕەت دەکردەوە کە فرەنکی فەرەنسییان هەبو و هەوڵیان

دەدا بیگۆڕنەوە بەئاڵتون و تەنیا بۆی دەگۆڕینەوە بەزیو (کرایگ کارمین).

لەسەرەتای سەدەی بیستدا، پاوەنی ئیستەرلینی، وەکو (دراوێکی گڵوباڵ) کە لەسەرانسەری وڵاتاندا ئاڵوێری پێبکرێ، خۆی سەپاند.. بەڵام لەئەوروپا شتی سەیرو سەمەرە ڕویدا.. ئەوەبو ئەسپاردەی فرەنکی فەرەنسی و مارکی ئەڵمانی لەبانکە ناوەندیەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا، پێشی ئەسپاردەی پاوەنیان دایەوەو، پاوەن بەهۆی رکودە ئابوریە بەناوبانگەکەی سییەکانەوە، دوچاری نسکۆیەکی گەورە هات و پشتیوانە ئاڵتونیەکەی لێ لابرا! لەو ماوەیەدا بانکە ناوەندیەکانی ئەوروپا تا دەهات خواستیان لەسەر کڕینی ئاڵتونو گۆڕینەوەی پاوەن بەئاڵتون زیاتر دەبو.. ئەوەبو بەریتانیا مامەڵەی (ئاڵتون بەپاوەن) ی لەساڵی ١٩٣١ دا ڕاگرت.

وێڕای ئەم ڕکودە گەورەیەی ساڵانی سی، لەبەرایی سەدەی بیستدا، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمێریکا دەستی کرد بەخۆسەپاندن وەکو گەورەترین هێزی ئابوری لەجیهانداو، بواری بۆ دۆلاری ئەمێریکی ڕەخساند ڕۆڵە گڵۆباڵە بەردەوامەکەی خۆی تا ئەمڕۆ درێژە پێبدا.

لەڕاستیدا دۆلار (وەکو ئەوەی کرایگ کارمین) ی سەربوردەنوسی دۆلار باسی دەکات، لەڕێی کێبەرکێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پاوەندا، شوێنە جیهانی و گڵۆباڵەکەی پاوەنی نەگرتەوە، چونکە کێبەرکێی پاوەن بەدرێژایی سەدەی نۆزدە لەگەڵ فرەنکی فەرەنسی و مارکی ئەڵمانی و دراوە ئەوروپیەکانی تردا بو..

ئەو سەردەمە دۆلار تەنها لەئەمێریکای باکور بڵاوبو.

(کارمین) لەزمانی مێژونوسی ئابوری (جی لۆرانس بروز) ەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمێریکا تاکە زلهێزی بازرگانی بو لەجیهاندا کە دراوەکەی نەبو بو بە (دراوی گڵۆباڵ).

هەڵکشانی (دراوی نەتەوەیی) بەرەو پێگەی جیهانی (بەو شێوەیەی کارمین نوسیویەتی) دو مەرجی گرنگی پێویستە:

یەکەم / دەبێ لەئاڵوێرە لۆکاڵیەکانی ناو وڵاتەکەی خۆیدا، بەتەنیا مامەڵە بەو بکرێ.

دوەم / دەبێ بانکێکی ناوەندی پشتگیریی تەواوی بکاو متمانەی ئەوە لەلای بانکە بیانیەکان دروست بکا کە مامەڵەی پێبکەن.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمێریکا مەرجی یەکەمی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بەتەواوی مسۆگەر کردبو.

سەرەتای شەستەکانی سەدەی نۆزدە، هاوکات لەگەڵ هەڵایسانی جەنگی ناوخۆی ئەمێریکا، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمێریکا کۆمەڵێك یاسای دارایی دەرکرد کە بە (یاسا بانکییە نیشتمانیەکان) ناوی دەرکرد.. بەپێی ئەم یاسایانە دۆلار بو بەتاکە دراوی نیشتمانی و سیستمی بانکەگەلی ناوەندی دامەزرێنراو لەڕوی داراییەوە بو بەپشتو پەنای هێزە فیدرالیەکان لەجەنگی ناوخۆدا.. ئەمێریکا تا ئەو کاتە تەنانەت یەك بانکی ناوەندیشی دانەمەزراندبو.

یەکەم بانکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمێریکا، پاش هەوڵ و کۆششی زۆری (ئەلیکساندەر هاملتۆن) لە (فیلادلفیا) دامەزراو ساڵی ١٧٩١ گوازرایەوە بۆ واشنتۆن.. ئەو سەردەمە خەڵکانێکی زۆر ناڕازی بون لەهەوڵەکانی هاملتۆن سەبارەت بە بەهێزکردنی (مەرکەزیەت) ی بانك.. ئەوەبو بانکی ناوبراو هەڵوەشێنرایەوەو چەند جارێکیتر سەرلەنوێ دامەزرێنرایەوە.. ئەمێریکیەکان ئەوسا بەرامبەر بە (مەرکەزیەت) زۆر دڕدۆنگ بون.. هەوڵیان

دەدا بەربەستێکی بێوەی دروست بکرێ لەنێوان دەسەڵاتی (ویلایەت) و دەسەڵاتی (دەوڵەتی مەرکەزی) دا.. ئەمەش تا هەڵایسانی جەنگی ناوخۆ (١٨٦١- ١٨٦٥) یەکلایی نەبۆوە.. سەرەتای ساڵی ١٨٦٣، کاتێ (یاسای بانکە نیشتمانیەکان) دەرچو، تا کۆتایی جەنگ، دەسەڵاتی سەرپەرشتیکردنی بانکە ناوەندیەکان بەحکومەتی فیدڕاڵی سپێردرا.

ساڵی ١٩١٣، یاسای (یەدەگی فیدراڵی) دەرچو.. ئەم یاسایە، دەسەڵاتی سەرپەرشتیکردنی پرۆسە بانکیەکانی ناوچەکانی سپارد بە (دەستەی یەدەگی فیدراڵی) کە سەرۆکی ئەمێریکا ئەندامەکانی دیاری دەکا.

پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، دۆلار (وەکو دراوێکی گڵۆباڵ) شوێنی پاوەنی گرتەوەو چوارمەشقی لەجێی ئەو دانیشت.

هاوکات لەگەڵ ڕۆڵی گرنگی (یەدەگی فیدراڵی) کە بو بە قەڵغانی دۆلار لەمامەڵەی نێوان لایەنە بیانیەکان و بانکە بازرگانیە ئەمێریکیەکاندا، چەند دیاردەیەکی تریش بەشدارییان لەبەرزکردنەوەی شان و شکۆی دۆلاردا کرد.. یەکێك لەو دیاردانە دیاردەی قەرزبەخشین بو بەوڵاتانی

دۆست و هاوپەیمان لەلایەن بانکەکانی نێویۆرکەوە.. ئەمە دۆلاری گەیاندە ئەوروپا.

یەکێکیتر لەو دیاردانە ئەو قەیرانانە بو کە دراوە ڕکابەرەکانی وەکو (مارك‌و یەن) دوچاری هاتن.. ئەمە لەو کاتەدا بو کە دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیاو ژاپۆن هاتبونە سەر ئەو بڕوایەی مامەڵەپێکردنی مارك و یەن لەوڵاتانی دەرەوە، لەوانەیە تین‌و توانای ئەوەیان کەم بکاتەوە کە بتوانن بەر بەڕکودو کورتهێنانی ئابوری بگرن.. ئەوەبو کەوتنەخۆ بۆ کەمکردنەوەی دەستاودەسپێکردنی دراوەکانیان لەدەرەوە.

پێش هەرەسهێنانی بازاڕی بۆرسەی جیهانی لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٨ دا، بانکە ناوەندیە سەرەکیەکانی ئەوروپا شەش سەد ملیۆن دۆلاری یەدەگیان هەبو لەگەڵ (٢/٩) ملیار دراویتر، بەڵام ئەو ڕکودە گەورەیەی لەسییەکاندا ڕویدا، وای کرد ئەم یەدەگە پاشەکشە بکاو دابەزێتە خوارەوە، ئەمەش دوای ئەوەبو کە ئەو بانکانە کەوتنە گۆڕینەوەی ئەو یەدەگە بەئاڵتون.

یەکەم گوژمی هەرە بەتینی دۆلار هاوکات بو لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی دوەمی جیهانی.. دراوی ئەمێریکی

بەشێوەیەك پێشی دراوە ڕكابەرەكانی دایەوە كە سەلمێنەری گەورەیی و هێزو توانای ئەمێریكا بو لەو سەردەمەدا.

ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمێریكا لەشەڕ بەدور بو و هێزێكی گەورەو زەبەلاح بو، بەپێچەوانەی ژاپۆن و هێزە ئەوروپیەكانەوە.. یەك لەسەر دوی پیشەسازیی هەمو جیهان، یەك لەسەر دوی خەڵوزی بەردینی هەمو جیهان، دو لەسەر سێی نەوتی هەمو جیهان، ئەمێریكا بەرهەمی دەهێنان.. بانكە ناوەندیەكەشی ئەركی سەرپەرشتیكردنی ئەم ئابورییە زەبەلاحەی خستە ئەستۆ.

ڕۆڵی گرنگ و سەرەكیی دۆلار لەناوجەرگەی سیستمی نێودەڵەوتیی دراودا، ساڵی ١٩٤٤ بەڕەسمی لەشارۆچكەی (بریتۆن وودز) ی هەرێمی (نییو هامبشایر) بەرجەستە بودو.. ئەوەبو لەدوای كارەساتە ئابوریەكەی ساڵانی سی و شكستی بازرگانیی نێودەوڵەتی بەهۆی كۆنترۆڵخستنە سەر (دراو) و كۆنترۆڵخستنە سەر هاتوچۆی كاڵاكانەوە، (٧٣٠) نوێنەر لە (٤٠) وڵاتەوە، بەمەبەستی دروستكردنی سیستمێكی نوێ كە بتوانێ دەستاو دەستپێكردن و هێنانو بردنی سەرمایەی وەبەرهێنان لەوڵاتاندا ئاسان بكا , ڕەوانەی شارۆچكەی (بریتۆن وودز) كران.

لەكۆبونەوەكەی (بریتۆن وودز) دا، دو پلان لەكێبەركێدا بون.. یەكێكیان (جۆن ماینارد كینیس) ی ئابوریناسی بەناوبانگی بەریتانی پێشنیاری كردبو.. ئەویتریان دەستەیەك لەئابوریناسانی ئەمێریكا، لەسەروی هەمویانەوە (هاری دیكستر وایت) پێشنیاریان كردبو.. پلانەكەی (كینیس) داوای دامەزراندنی سیستمێكی نوێی نێودەوڵەتیی دەكرد بۆ (دراو)، لەڕێی چاپكردنی دراوێكی یەدەگەوە بەناوی (بانكور) كە بەئاڵتونی یەدەگ گرەنتی كرابێ.. بەڵام پلانە ئەمێریكیەكە كە دواجار ئامادەبوانی كۆبونەوەكە ئەویان پەسەند كرد، داوای جێگیركردنی بەهای دۆلاری دەكرد بەرامبەر بەئاڵتون و بۆ هەر ئۆنسەیەك ئاڵتون (٣٥) دۆلاری پێشنیار كردبو، هەروەها دراوەكانی تریش هەریەكەو بەپێی نرخی خۆیان بەرامبەر بەدۆلار ڕێك بخرێن.

كۆبونەوەكەی (بریتۆن وودز) بەهای دۆلاری بردە ئاستی بەهای ئاڵتون و بانكی ناوەندیی ئەمێریكا سەرپەرشتیكردنی ئەم كارەی گرتە ئەستۆ.. ئیتر دۆلار بو بەدراوێكی پەسەند لەهەمو جیهاندا.. وای لێهات ساڵی ١٩٧١ وڵاتانی دنیا سێ بەرامبەری ئەو ئاڵتونەی ئەمێریكا هەیبو، سپاردەی

دۆلاریان لەلا کەڵەکە ببێ.. ئەمەش کورتهێنانێکی ئاشکرای لێکەوتەوەو وایکرد پشتیوانەی ئاڵتون لەسەر دۆلار هەڵبگیرێ.

قۆناغی گرنگی دوەم لەسەربوردەی ژیانی دۆلاردا، ساڵی ١٩٨٩ بو کە بلۆکی کۆمۆنیستی هەرەسی هێناو وڵاتە کۆمۆنیستەکان بەڕوی بازاڕە گڵۆباڵەکان و دراوە سەرەکیەکەیدا کە دۆلار بو کرانەوە.

(کاریگ کارمین)ی ژیاننامەنوسی دۆلار، دەست دەخاتە سەر یەکەمین ڕواڵەتی ڕاستەقینەی پاشەکشەی ئەم دراوە ئەمێریکییە گڵۆباڵە لەهەزارەی نوێدا.. ئەو یەکەمین ڕواڵەتەش (بەپێی بۆچونی کارمین) بریتییە لە: دەرکەوتنی یۆرۆ لە ساڵی ١٩٩٩ دا.

لەدایکبونی (یۆرۆ) وەك ئەوەی ئابوریناسی نێودەوڵەتی (باری ئیشنگرین) باسی لێوە دەکا، نیشانەی پەیدابونی رکابەرێکی ڕاستەقینەی دراوی ئەمێریکییە.

ئەم دراوە نوێیە، بو بەهۆی گۆڕانی سیمای دراوی نێودەوڵەتی.

ئێستا یەدەگی یورۆ، لەمۆسکۆوە بیگرە تا (ریاز) بەرە بەرە لەهەڵکشاندایە.. هەندێ لەوڵاتان خەریکن بەتەواوی مامەڵەو دراوی یەدەگی خۆیان لەدۆلارەوە بگۆڕن بەیۆرۆ.

(کارمین) دەستیش دەخاتە سەر ئەو پێشکەوتنە تەکنیکییانەی بەسەر شێوازی مامەڵەپێکردنی دراودا هاتون و بونەتە هۆی کەمکردنەوەی بایەخی دۆلار کە ڕۆڵی (ڕایەڵ) ی دەبینی لەنێوان دراوە جۆراوجۆرەکانداو هەندێجار لەسەدا نەوەتی ئەو مامەڵانەی پێیەوە دەکران لەم رێیەوە بو.

بەهۆی ئەو پێشکەوتنە تەکنیکیانەوە کە بەسەر شێوازی مامەڵەپێکردنی دراودا هاتون، ئێستا دەتوانرێ زۆر ئاسانتر لەجاران پرۆسەی گۆڕینەوەی دراوێکی لۆکاڵی بەدراوێکی تری لۆکاڵی ئەنجام بدرێ، بەبێ پەڕینەوە بەسەر پردی دۆلاردا.

.................................

**بودجەی ٢٠١٦ ی عێراق نوسراوێك لەسەر سەهۆڵ**

ڕۆژی ١٦ / ١٢ / ٢٠١٥ بودجەی ساڵی ٢٠١٦ ی عێرق پەسەند کرا، بڕی لەسەدا حەڤدەی هەرێمی کوردستانی تێدا چەسپێنرا، سەرەڕای هەوڵی جددیی هەندێ پەرلەمانتاری عێراقی بۆ ڕێگەگرتن لەچەسپاندنی ئەو برە.

بەڵام ئەم روداوە بۆ ئەوە ناشێ ئومێدی زۆری لەسەر هەڵبچنرێ و چاوەڕوانی ئەوەی لێبکرێ چارەسەری کێشەی مەعاش و مەعیشەتی خەڵکی وڵاتی بەدواوەبێ (بەهەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری عێراقیشەوە)، لەبەر چەندین هۆ، لەوانە:

یەکەم: خەمڵاندنی نرخی بەرمیلی نەوت بە ٤٥ دۆلار کە حاڵی حازر لەبازاڕدا نزیکبۆتەوە لە ٣٥ دۆلار.

دوەم: کورتهێنان بەڕێژەی نزیکەی لەسەدا بیست و سێ.

سێیەم: دیاریکردنی قەبارەی بودجە لەسەر بنەمای هەناردەکردنی سێ ملیۆن و شەشسەد هەزار بەرمیل لەهەر رۆژێکدا، بەهیوای بەرزکردنەوەی بۆ زیاتر لەچوار ملیۆن، بەجۆرێك کە: وردە وردە پارسەنگی کورتهێنانەکەی پێ بدرێتەوە، لەکاتێکدا تا ئێستا بەنقەنق توانراوە رێژەکەی بگەیەنرێتە سێ ملیۆن و سێسەد هەزار بەرمیلی رۆژانە.

چوارەم: دابەزینی نەرخی نەوت بەبەردەوامی بەهۆی لێشاوی نەوتەوە لەبازاڕدا، بەنەوتی قاچاخ و دزراوەوە کە داعش و تورکیای شەریکی دیارترین دزو قاچاخچیی ئەو بوارەن، هەروەها بەهۆی بەردەوامیی وڵاتانی خاوەن نەوت لەسەر فرۆشتنی نەوت بەبڕی زۆر وێڕای دابەزینی نرخەکەی، هەرچەند سەرۆکی رێکخراوی ئۆپیك تازەکی مزگێنیی ئەوەی دا کە چاوەڕوان دەکرێ نرخی نەوت رو لەبەرزبونەوە بکا.

پێنجەم: دەستپێوەنەگرتن بەدراوی قورس (دۆلار) وەو هەرزانفرۆشکردنی بەردەوامی لەڕێی بانکی ناوەندییەوە بەبیانوی پشتگیریی هاوردەکردنی کاڵای دەرەکی، هەروەها دزی و فزییەکی زۆر بەو هۆیەوە.

شەشەم: پشتبەسن بەڕێژەی لەسەدا هەشتاو پێنج بەنەوت بۆ دروستکردنی داهات، لەم رۆژە رەشەدا کە نەوتی تێکەوتوە.

حەوتەم و لەهەموی گرنگتر کە تایبەتە بەژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان: دیاریکردنی بڕی ٥٥٠ هەزار بەرمیلی رۆژانە وەکو بەشی هەرێم لەنەوتی فرۆشراوی عێراق، لەکاتێدا ناکۆکیی نێوان هەرێم و ناوەند لەو بارەیەوە تا ئێستا درێژەی هەیەو یەکلایی نەکراوەتەوە.

هەمو لایەکمان ئاگادارین حکومەتی هەرێم بەردەوام بەئاراستەی خۆترازاندن لەعێراق هەنگاو دەنێ، هەم لەڕوی گوتاریی سیاسییەوە هەم لەڕوی کردەوەوە، رۆژێ باسی هەناردەکردنی سەربەخۆیانەی گازی سروشتیی کوردستان دەکا بۆ تورکیا، رۆژێکیتر باسی سەربەخۆیی و جیابونەوە لەعێراق، رۆژی دوای ئەوە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا دەبەستێ کە دانویان لەگەڵ عێراق ناکوڵێ.

لەهەموی سەیرتر هەوڵی هەناردەکردنی گازە سروشتیەکەیە بۆ تورکیا، بەبێ پرس و راوێژ لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی، لەکاتێکدا خودی حکومەتی بەغدا ساڵانە بایی ملیارەها دۆلار گازی سروشتی لەئێرانەوە هاوردە دەکا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆیی بەصرەو بەغدادو... هتد.

بانێکەو دو هەوا:

وڵاتێك حکومەتە مەرکەزیەکەی گاز لەوڵاتی دراوسێوە هاوردە بکا، کەچی حکومەتی محەلیی ناو حکومەتە مەرکەزیەکەی گاز هەناردەی

دەرەوە بکا، کام دەرەوەش؟ تورکیا ! ئەو تورکیایەی بەعالەمی ئاشکرا هەمو شتێکی کردوەو دەکا بۆ ئەوەی عێراقی دوای سەددام تا هەرکاتێ کە مومکینە لەژێر تارمایی رۆحی نەگریسی سەددامدا بمێنێتەوە.

بەمەرجێ حکومەتی بەغدا نەك هەر دانوی لەگەڵ فیکرەی هەناردەکردنی سەربەخۆیانەی گازی هەرێم ناکوڵێ، بەڵکو تا ئێستا بەردەوام دژی فرۆشتنی سەربەخۆیانەی نەوتەکەشیەتی، هەر ئەوەش بو وایکرد گەمە بەبەشە بودجەی هەرێم بکا، بەئارەزوی خۆی دەستی تێبخا، کەی پێی باشبو و بۆی هەڵسوڕا ئەوا قیستێکی لێ بنێرێ بۆمان، کەی حەزی لەگوێبادانمانبو ئەوا بیخا بەقندا.

لەم بەینەدا نازانرێ ئایا لەساڵی ٢٠١٦ دا پەیوەندیی سیاسیی نێوان هەرێم و ناوەند دەگاتە کوێ؟ ئەی رێکەوتنە نەوتیەکەی نێوانیان دەگاتە کوێ کە دەبێ بەپێی ئەو رێکەوتنە حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە بەفرۆشتنی ٥٥٠ هەزار بەرمیل نەوت (٢٥٠ + ٣٠٠) بەشداری لەدابینکردنی داهاتی وڵاتدا بکا!

ئەی خۆڕاوەشاندنی سعودییەو ٣٤ دەوڵەتە هاوپەیمانەکەی، شەڕەقۆچی نێوان تورکیاو روسیا، گفتوگۆی نێوان ئەمریکاو روسیا سەبارەت بەدیاریکردنی چارەنوسی سوریا، کە دانە بەدانەی ئەو هاوکێشە سیاسیانە راستەوخۆ رەنگدانەوەیان دەبێ (بەباش و بەخراپ) لەسەر پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغداو بەشە بودجەی هەرێم،

هەروەها لەسەر نرخی نەوت و گازو بودجەو ئابوری و چارەنوسی وڵاتانی ناوچە بەگشتی (بەهەرێم و بەغداشەوە).

من وەکو خۆم گومانم هەیە:

*حکومەتی هەولێر چاوی لەسەر بەشە بودجەیێ لەبەغداوە بۆی بێت، یان حکومەتی بەغدا بەتەمای ناردنی بەشە بودجەی هەولێربێ بەڕێکوپێکی، لەکاتێکدا ئەوە پەیوەندیی نێوانیان و حاڵی نەوت و رەوشی سیاسیی ناوچەکەیە...

لەهەموی خراپتر ئەوەیە:

حکومەتی ناوەند بەتەمای وەرگرتنی دو ملیار دۆلار قەرزی دەرەکییە، هەرچەند تەنها بەشی پڕکردنەوەی بڕێکی زۆر کەمی کورتهێنانی بودجەکەی دەکا نەك هەموی کە ملیارەها دۆلارە، لەکاتێکدا هێشتا قیستی کۆتایی قەرزی کوەیتی لەلاماوە (ئەوەی سەددام هێنایە ملی) کە بڕەکەی ٤ ملیارو ٦٠٠ ملیۆن دۆلارەو بەپێی ڕێکەوتنێکی دوقۆڵی نێوان هەردو وڵات، چاوپۆشی لەدانەوەی کراوە تا ساڵی ٢٠١٧، بەڵام دەبێ دوای ٢٠١٧ بدرێتەوە.

ئەمانە بەسەر یەکەوە گومانی ئەوە دێننە ئارا بڵێین:

نە خەڵکی کوردستان دڵی بەلەسدا حەڤدەکەی بەشی خۆی خۆشبێ، نە خەڵکی عێراق بەباقیەکەی!

تا رەوشی ناوچەکە بەمجۆرەی ئێستابێ، وەکو نوسراوێك لەسەر سەهۆڵ تەماشای بوجە بکەن.

١٨ / ١٢ / ٢٠١٥

............................

## ئەگەر هێزەکانی درعی جەزیرە هەڵیانکوتایە سەر سلێمانی

ئەوەی ئەهلی خوێندنەوەو موتابەعەی بابەتی سیاسی بێت، کەم و زۆر عەبدولباری عەطوان دەناسێ، دەزانێ لەسەروەختی خستنی رژێمی بەعسدا چ داکۆکییەکی لەصەددام و سیستمە سیاسیەکەی کرد، رەنگە هەر لەبەر ئەو هۆیە، زۆر متمانەی بەنوسین و قسەی نەبێ.

ئەم نوسەرە فەلەستینییە، لەدو وتاری یەکلەسەریەکدا رۆژی ١٤ و ١٥ ی ئەم مانگە، بینا لەسەرهەندێ زانیاریی گرنگ دەربارەی ئامادەباشیی ئەمریکاو وڵاتانی ئیسلامی بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی سوریاو عێراق و سەرلەنوێ دارشتنەوەی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە، رایدەگەیەنێ: شەڕی قورس بەرێوەیە!

ئەم هۆشداریدانەی عەطوان، پێویستە لەلایەن خەڵکی کوردستان و ناوچەکەوە ببیسترێ، بەچاوپۆشی لەوەی کابرا لەڕابردودا هەڵوێستی سیاسیی چۆن بوەو چۆن نەبوە.

لەکۆی دو وتارەکەیدا پشتی بەچەند بەڵگەیەك بەستوە بۆ تۆخکردنەوەی هۆشداریدانەکەی، لەوانە:-

یەکەم: لێدوانێکی کتوپڕی وەزیری بەرگریی سعودییە دەربارەی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی سەربازیی ئیسلامی لە ٣٤ دەوڵەت، بۆ راماڵینی داعش.

دوەم / لێدوانێکی د. حەنان فەتلاوی کە وتویەتی: ئاگامان لێیە ئەمریکاو وڵاتانی عەرەبی بەنیازی پێکهێنانی هێزێکی سەد هەزار کەسین بۆ ئەوەی داعشی پێ راماڵن و وەزعی ناوچەکە بخەن بەلایەکدا، جۆن مەکین راستەوخۆ ئەم قسەیەی بەعەببادی وتوە.

سێیەم / لێدوانێکی ناوەختی وەزیرێکی ئیماراتی کە بەبێ هیچ موناسەبەیەك وتویەتی (ئامادەین بەهێزی سەربازی بەشداری لەڕاماڵینی داعشدا بکەین) کە ئەمە بەلای عەطوانەوە هەڵوێستێکی تازەیەو نیشانەی بەرەوپێشچون و هەڵکشانی رەوتی روداوەکانە.

چوارەم: وتارێکی نوێی (جۆن بۆڵتۆن) کە باسی دروستبونی دەوڵەتێکی سوننی دەکا بەهاوکاریی کورد لەسەر بەشێك لەخاکی سوریاو عێراق (باکوری رۆژئاوای عێراق و باکوری رۆژهەڵاتی سوریا)، بەتەنیشت دەوڵەتێکی کوردییەوە لەباکوری عێراق.

جۆن بۆڵتۆن دیپلۆماتکارێکی ئەمریکییە، عەطوان خۆی، زۆر متمانەی بەقسەی هەیە.

لەبارەی ئەم کابرا ئەمریکییەوە، دەڵێ:

من خۆم تەنیا یەکجار بینیومە، ئەویش لەڕوبەڕوبونەوەیەکی تەلەفزیۆنیدابو بەزمانی ئینگلیزی لەشاشەی بیبیسیی لەندەنییەوە،ساڵی ٢٠٠٣.

دەڵێ من رەخنەی زۆرم لەئەمریکا گرت، بەڵام ئەو بەساردییەکی کوشندەوە وەڵامی دامەوە، وتی:

چۆن رەخنە لەئەمریکا دەگری بیگرە، هەر گومانێکت لێی هەیە بەدەنگی بەرز بیخەرەڕو، وەڵامی من بۆ تۆ لەچەند هەفتەی داهاتودا دەبێ، لەسەر زەوی.

عەطوان دەڵێ: ئەوەبو دوای چەند هەفتەیەك رژێمی بەعس پەلامار دراو روخێنراو لەسەر بنەمای تائیفی دابەشکرا.

مەبەستی عەطوان لەگێڕانەوەی ئەم سەربوردەیە وەکو خۆی دەیڵێ، ئەوەیە:

ئەم دیپلۆماتکارە ئەمریکییە هینی ئەوە نییە قسەی بەهەند وەرنەگیرێ!

عەطوان دەیەوێ لەڕێی لێکهەڵپێکانی بەڵگەکانیەوە پێمان بڵێ:

وتارەکەم بەهەند وەربگرن...

بەکورتی و بەکوردی، بینا لەسەر زانیاریەکانی، دەڵێ:

شەڕێکی قورس بەڕێوەیە، چەندین وڵات و سەرو سامانی خەڵکێکی زۆر لەگەڵ خۆی رادەماڵێ.

بەبۆچونی عەطوان ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی لەناوچەکەدا، سود لەچەند شتێك وەردەگرێ، لەوانە:

*کۆتاییهاتنی تەمەنی ئیفتیرازیی رێکەوتننامەی سایکسبیکۆ.

*رەوشی ناوچەکەو شکستهێنانی دەوڵەتی قوتری (دەوڵەتە باوەکانی ناوچە(.

بەو پێیە، ئیستا ئیتر هەم لەڕوی یاساییەوە هەم لەڕوی سیاسییەوە زەمینە لەبارە بۆ ئەمریکا چارەنوسی ناوچەکە بەپێی بەرژەوەندیی خۆی و دۆستەکانی یەکلایی بکاتەوە، هەرچەند روسیا لەبەری خۆیەوە ئەوسەری یاریەکەی لێگرتوە.

ئەوەی دەمەوێ لەپەراوێزی دو وتارەکەی عەطواندا بیڵێم، ئەمەیە:

کە ئەمە وەزعی ناوچەکەیە، دەبوایە لەهەرێمی کوردستان پرۆسەی سیاسی نەئاڵۆسکێنرێ.

واز لەوە بێنین خەتای کێ بو و خەتای کێ نەبو کە ئاڵۆسکا!

وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە: ئەگەر نەئاڵۆسکایە، چی؟ باشیی ئەوە لەچیدا دەبو؟

بەبڕوای خاکیی من، ئەگەر نەئاڵۆسکایە بۆ پارتی باش دەبو بۆ لایەنە ڕکابەرەکانیشی، کە ئاڵۆسکاویشە بۆ پارتیش خراپەو بۆ ڕکابەرەکانیشی!

بۆ پارتی باش دەبو نەئاڵۆسکایە چونکە بەتەنیا ئۆباڵی ئەزمونەکەی هەڵنەدەگرت، بەڵام ئێستا ئۆباڵی هەمو شتێ بەپلەی بەرز لەئەستۆی ئەوە، چونکە دەسەڵاتی بڕیاردان و دیاریکردنی چارەنوسی هەرێم بەفەرمی لای ئەوە، ئەمە شتێکی خراپە!

ئاشکرایە پارتی مەیلی بەلای هاوپەیمانیە (ئیسلامی - ئەمریکی) ەکەدایە، ڕەنگە بەیەکجاری خۆیشی یەکلایی کردبێتەوە، دەی ئەگەر سبەینێ لەسەر ڕەزامەندیی ئەو، کەرکوك، یان هەرێمی کوردستان هەر هەمو، یاخود زۆنی زەردی هەرێم بەتەنیا، درایە دەم ئەو دەوڵەتە سونییەی چاوەڕوان دەکرێ دروست بکرێ (بەهەر شێوەو ئالییەتیك: فیدراڵی، کۆنفیدراڵی، و... هتد) کێ دەڵێ لەکۆتاییدا بەقازانجی کورد دەگەڕێ؟ ئەوسا پارتی لەئاست سەرکێشییەکی تاکڕەوانەی وەهادا وەڵامی چی دەبێ بۆ خەڵکی کوردستان؟

ڕەنگە بپرسن: خاکی کوردستان بۆچی دەدرێتە دەم ئەو دەوڵەتە سوننیە؟

وەڵامەکەی قورس نییە:

دەوڵەت دەبێ لەسەر جوگرافیایەك بنیات بنرێ داهاتی ئابوریی هەبێ، ڕەنگە ئەو ناوچە سوننەنشینەی عێراق و سوریا کە دەویسترێ دەوڵەتی بۆ سوننە تێدا بنیات بنرێ، داهاتەکەی بەپێی پێویست نەبێ (بەجارێ بەشی ناوخۆو قاچ و قوچی ئەم وڵات و ئەو وڵات نەکا !)، لەبەرئەوە دور نییە پلانی ئەوە لەئارادابێ بەشێ لەدەوڵەمەندترین پارچەی خاکی کوردستان بدرێتە دەمی بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتێك بەپایەی ئابوریی خۆیەوە (کەڵکی خۆی و هەمو لایەك بگرێ ).

بێگومان ئێستا کە پەرلەمانی کوردستان لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە، پارتی ئاسانتر بڕیاری بۆ یەکلایی دەبێتەوەو بڕیاری پێ دەدرێ، لەم ڕووەوە هەلومەرجی ئێستای هەرێم لەقازانجیەتی.

بەڵام ئایا ئەگەر بیتوانیایە ئەمەیان نەکاو ئەوی تریان بکا (واتە: تاکڕەوانە بڕیار نەدا، بەهاوکاری و بەشداریی حیزبەکانیتر بڕیار دروست بکاو بڕیار بدا) چاکتر نەبو؟ قەیچێکا با هەندێك دەمەدەمێ و ناکۆکی و چەندو چونیش لەپەرلەمان دروست ببوایە، چاکتر نەبو کاروبار بەو جۆرە بڕواو ئۆباڵی دیاریکردنی چارەنوسی خەڵك و خاکی کوردستان بەجەماعی بگیرێتە ئەستۆ، تا ئەوەی پەنا ببرێتە بەرتاکڕەوی و بەتەنیا بگیرێتە ئەستۆ؟

ئەی ئەگەر ڕەوشی ناوخۆی هەرێم نەئالۆسکایە، بۆچی بۆ ڕکابەرەکانی پارتیش باش دەبو؟

بۆ ئەوە باش دەبو لانیکەم لەنزیکەوە ئاگاداری هەندێ لەنهێنیەکانی تایبەت بەدیاریکردنی چارەنوس و پاشەڕۆژی هەرێمەکە دەبون، هەروەها لەبەرئەوەی راستەوخۆ لەناو پرۆسەی سیاسیدا دەبون، دەیانتوانی راستەوخۆ لەڕێی نوێنەرەکانیانەوە لەپەرلەماندا بەیاسا رێ لەهەندێ بڕیاری تاکڕەوانە بگرن، لانیکەم خەڵکی لێ ئاگادار بکەنەوەو ئۆباڵی خۆیانی لێ بەریکەن، بەڵام ئێستا کە لەناو پرۆسەی سیاسیدا نین دەبێ هەر خەریکی دورە تەقەبن، ئەمەش دواجار بەزەرەریان تەواو دەبێ: هەزارو یەك پاساو بۆ دورەپەرێزیی خۆیان لەگەمەکە بهێننەوە، لەکۆتاییدا ئۆباڵی خۆکێشانەوە لەدیاریکردنی چارەنوسی هەرێمەکە بەگەردنیانەوە دەمێنێتەوە!

دڵنییام لەناو پارتیدا ئەگەر هەبن رێگای بڕیارسازیی تاکڕەوانەیان پێ باشتر بوبێ، هیتریش هەن رێگای بڕیارسازیی جەماعییان پێ باشتر بوە.

هەروەها لەناو رکابەرەکانی پارتیشدا: ئەگەر هەبن ئەم دورەپەرێزییەی ئێستای خۆیانیان پێ باشبێ، هەن پێچەوانەی ئەوەیان پێ باشترە.

دەبێ بیری ئەوە هەبێ ئەمە مەسەلەی دیاریکردنی چارەنوسە، مەسەلەی بەشداریکردن یان بەشدارینەکردن نییە لەحکومەتی بنکە

فراوان و بنکە نافراواندا، تەنانەت ئۆپۆزسیۆنیش دەبێ بەشداریی تێدا بکا.

ئەگەر سبەینێ هێزەکانی درعی جەزیرە هەڵیانکوتایە سەر سلێمانی، وەکچۆن هەڵیانکوتایە سەر وڵاتی بەحرەین بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینی شیعەکانی ئەوێ، چی؟!

١٥ / ١٢ / ٢٠١٥

......................................

## داهاتی دراما تورکیەکان بۆ وڵاتەکەیان

ئێستا کە ئەم چەند دێرە دەنوسم بیرم لای وتارێکە کاتی خۆی لەگۆڤاری (نهج) یان (الطریق) دا خوێندومەتەوە، وتارەکە بەگشتی لەبارەی جیهانگیرییەوەبو، پێم وایە ئەو ژمارەیەی ئەو وتارەی تێدابو هەر هەموی لەبارەی جیهانگیرییەوەبو، یان مەلەفێکی تایبەتیی لەوبارەیەوە تێدابو (باش بیرم نەماوە).

دەستەواژەی (طغیان الصورة الامریکیة)، هەروەها هەواڵی دانوستانێکی نێوان ئەمریکاو کەنەدا لەبارەی رێژەی بەرهەمهێنانی وێنەی سینەماییەوەو رێکەوتن لەسەر دیاریکردنی بەشی هەریەکەیان، گرنگترین بابەتی ناو ئەو وتارەبو کە تا ئێستا لەبیرم ماوە (ئەگەرچی ناوی نوسەر، یان وەرگێری وتارەکەم لەبیر نەماوە).

هەر لەم کاتەدا بیرم لای جیاوازییەکە لەنێوان تورکەکان و مصریەکان لەبواری بەرهەمهێنانی وێنەی جوڵاودا (دراماو سینەما):

مصریەکان ئەوەندەی تەرکیزیان لەسەر کێشە کۆمەڵایەتیەکان و قارەمانێتیی سیخوڕە میژوییەکانیانە، ئەوەندە تەرکیزیان لەسەر شتیتر نییە، بۆ نمونە: رەواجپەیداکردن بۆ کەرتی سیاحەی مصری، بەڵام لای تورکەکان ئەو شتە (واتە رەواجپەیداکردن بۆ کەرتی سیاحەی تورکی) ئامانجە!

مصریەکان ئەگەر توانیبێتیان لەڕێی بەرهەمهێنانی دراماو فیلمی سینەماییەوە، داهاتێك بۆ خۆیان و وڵاتەکەیان پاشەکەوت بکەن، تورکەکان دوجار ئەو شتەیان کردوە: جارێك لەڕێی خودی کارە هونەریەکانیانەوە (فیلم و دراما) کە دروستیان کردون و فرۆشتویانن، جارێکیتر لەڕێی رەواجپەیداکردن بۆ کەرتی سیاحەی وڵاتەکەیان لەڕێی فیلم و دراماکانیانەوە.

بەپێی هەواڵێك ساڵانە چەند سەد ملیۆن دۆلار تەنها لەڕێی فرۆشتنی درامای تورکییەوە، دەچێتە سەر داهاتی تورکیا، لەکاتێکدا بەرهەمهێنانی هەر یەك لەو درامایانە پارەیەکی ئەوتۆی تێ نەچوە!

بێگومان هەرێمی کوردستان (هەرچەند لەو هەواڵەدا ناوی نەهاتوە) یەکێکە لەکڕیارەکانی درامای تورکی، هیوادارم زۆرتر ئەو درامایانە بکڕێ کە تەرکیزیان لەسەر گەیاندنی پەیامی هونەرە، نەك نەوعەکانی تریان (خۆتان دەزانن: نەوعیان زۆرە) !

هەر بەم بۆنەیەوە پێمخۆشە سەرنجتان رابکێشم بۆ (خۆبادان و خۆنواندنی بەردەوامی ئەردۆگان و داودئۆغڵۆو ئاکپارتی بەعەقیدەی ئیسلامییەوە):

*بڵێی بەجددییانبێ؟

ئەگەر ئا، ئەی دەبێ رایان چیبێ لەسەر ئەم پیشەسازییە (پیشەسازیی سینەماو دراما) کە ئەم داهاتە زۆرەی هەیەو رەواجەکەشی بەهۆی ناواخنە (نا ئیسلامی) یەکەیەوەیە؟

١٤ / ١٢ / ٢٠١٥

.......................

## دەمیرتاش و یوسف محەممەد

دوای سەردانەکەی ئەم دواییەی کاك مەسعود بۆ تورکیا، دوبارە باسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان هێنراوەتەوە ئارا.

پێش ئەمجارە، جارێکیتر بەگەرمی ئەو باسە هێنرایە ئارا، بەڵام باسی ئەوجار فەرقی زۆربو لەگەڵ باسی ئەمجار.

باسی ئەوجار هاوکات بو لەگەڵ داعشاندنی موسڵ و شەنگال، باسی ئەمجار هاوکاتە لەگەڵ دەرپەڕاندنی بزوتنەوەی گۆڕان لەپرۆسەی سیاسی.

یەکەمجار خەڵك ئومێدێکی بەباسەکە هەبو، هۆیەکەی ئەوەبو: پێیان وابو بەسەربردنی عومر لەناو شەڕگەیەکی دینی - تائیفیی بندەستی داعش و حەشدی شەعبی، کاتبەزایەدانە.. بەڵام ئەمجارە وا نییە.

هۆیەکەی ئاشکرایە:

جاری یەکەم، ئەم شەڕە ساردەی ئێستا لەناوخۆی هەرێمدا دەگوزەرێ، لەئارادا نەبو، هیچ لایەنێك نە بەئاشکرا نە بەنهێنی دژی فیکرەی سەربەخۆیی نەوەستایەوە، تەنها یەکێتی نەبێ کە جاروبار لەڕێی هەندێ کادریەوە بەشەرمەوە تانەیەکی دەهاویشت و دەڕۆیشت..

بەڵام ئێستا بەجارێ گۆڕان، یەکێتی، سەدان هەزار دەنگدەرو لایەنگریان، هەروەها خەڵکێکی زۆری بێلایەن، گومانیان لەفیکرەکە هەیە، پێیان وایە:

*پاش سەربەخۆییش ئەم شەڕە ساردە خراپتر درێژەی دەبێ، حکومەت حکومەتی چینی دارا دەبێ، دەسەڵات بەدەست هەمان نوخبەی سیاسییەوە دەبێ کە ساڵانی ڕابردو بەتوندی لەخزمەتی تۆخکردنەوەی جیاوازیی چینایەتیدابو، بەتوندی دەستی بەباڵی چینی داراوەبو، دژی چینی زەحمەتکێش.

*پاش سەربەخۆییش وەکو ئێستا دیموکراتیەت سەرکوت دەکرێ، تاکڕەوی دەسەپێنرێ، شەراکەتی راستەقینە لەنێوان حیزبەکاندا وجودی نابێ.

-خەڵك ناهەقی نییە دڵی بۆ سەربەخۆیی لێ نەداو لێی بەگومانبێ، تەنها بەراوردێك لەنێوان ئەو هەمو ئیستیفزازەی سەلاحەدین دەمیرتاش بەئەردۆگانی کردو شەڕە ساردەکەی نێوان سەرۆکایەتیی

پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێم، بەسە بۆ ئەوەی هەتا هەتایە دڵ لەکوردایەتی و دەوڵەتی کوردی بتورێ.

لەو تورکیایەدا کە هەمومان پەست و تورەین لێی، سەلاحەدین دەمیرتاش و هەدەپە چییان بەئەردۆگان نەکرد؟ ئەی بۆچی ئەوەیان لەگەڵ نەکرا کە لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان و سەرۆکی پەرلەمانی هەرێم کرا؟

٢٠١٥ / ١٢ / ١١

..................................

## هەوادار

هەوادار دەڵێ:

چەك بۆ ئێمە پێویست و پیرۆزە، چونکە ئامانجمان پیرۆزە: چەسپاندنی دیموکراتی، شەفافیەت و دادپەروەری، ئامانجمانە.

دۆست و لایەنگر دەڵێن: وەلانانی (یاسا، دادپەروەری، یەکسانی و دیموکراتی) لەلایەن حیزبمانەوە پێویست و پیرۆزە، چونکە ئامانجمان پیرۆزە: دروستکردنی دەوڵەت ئامانجمانە.

دەڵێی مەقولەکەی کابرا (الغاية تبرر الوسيلة)، هەروەها مەقولەکەی کابرایتر (كل شيء من اجل النصر) ئەوان (هەوادارو دۆست و لایەنگری حیزبی کوردی) نوسیویانن!

١٢ / ١٢ / ٢٠١٥

..............................

## یەکگرتو

کەمێکی زۆر کەمە گوێبیستی ئەوەبوم یەکگرتو باڵی لێدەبێتەوە (یان: لێبۆوە، یان: لێبۆتەوە! (

لەئێستادا کە جارێ هیچ وردەکاری و لێدوانێکی گرنگم لەسەر مەسەلەکە نەبیستوە، پرسیارێکم هەیە:

*بۆچی پێشتر ئەم شتە روی نەدا؟

سوتێنرانی بارەگاکانیان لەبادینان، بۆچی ئینشیقاقی تێ نەخستن؟ کێشمەکێشمە پەرلەمانیەکەی چەند مانگی رابردو، بۆچی ئینشیقاقی تێ نەخستن؟

ئینشیقاق، بۆچی لەم کاتە ناسکەدا کە هەرێمی کوردستان لەچەندین لاوە درزی بردوە؟ ئایا ئێستا کاتی ئیتیحادە یان ئینشیقاق؟

*ئەزمونی خاکیم لەچاودێریکردنی ئەو جۆرە رووداوانەدا پێم دەڵێ:

ئەم کاتە کاتی ئیتیحادە نەك ئینشیقاق.

نەمانبینیوە: لەکاتی وەهادا ئینشیقاق رو بدا، بەپێچەوانەوە: لەکاتی وەهادا ئیلتیحام رویداوە (یەکگرتنەوەی مونشەققەکان) رویداوە.

بەکورتی:

ئەمەی لەم کاتە ناسکەدا لەناو یەکگرتودا دەگوزەرێ، یان ئینشیقاق نییەو رۆڵدابەشکردنە (زەرب و تەقسیمی دەسمایەیە) بەمەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی نوێی هەرێم و ناوچەکە، یان سەهویەکی چکۆلەیە.

٦ / ١٢ / ٢٠١٥

.................................

## شەڕی سارد ئەوەیە ورچی زل لەناو بەرئەژنۆ بەفردا دەیکاو سینەماکار بەدروستکردنی فیلم گەرمی دەکا

قسەکردن لەبارەی شەڕی ساردەوە، شەڕی پێشمەرگەی لای خۆمانم بەبیر دێنێتەوە لەناو بەرئەژنۆ بەفردا، هەرچەند (وەکو هەمو لایەك دەیزانن) شەڕی سارد پەیوەندیی بەبەفرەوە نییە، مەگەر بەهۆی ئەوەوە پەیوەندیی پێیەوە هەبێ کە ورچە بەفرنشینەکە (روسیا) لایەن بوە تیایدا.

ئەم شەڕە بەدرێژایی ململانێی نێوان بلۆکی شەرق و غەرب درێژەی هەبو، بەڵام دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت باسی نەما، کەچی زۆری نەبرد دیسان بۆوە بەباسی ناو میدیا جیهانیەکان، بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی پوتین وەکو سەرۆك.

پێموایە یەکەم کەس کە هەواڵی ئەم قۆناغە تازەیەی شەڕی ساردی راگەیاند میخائیل گورباتشۆفی زەعیمی پێشوی یەکێتیی سۆڤیەتە (ئەو

کەسەی کە لەڕێی ڕاگەیاندنی پیرۆسترۆیکاو گلاستنۆستەکەیەوە، کۆتایی بەشەڕی ساردو یەکێتیی سۆڤیەت هێنا).

ئەم زەعیمە تا ئێستا کە قسە دەکا یەکێ لەگرنگترین هەواڵەکانی بریتییە لەهەواڵی دەرکەوتنەوەی شەری سارد، داوا دەکا بەری پێبگیرێ و نەهێڵرێ تەشەنە بسێنێتەوە.

لەقۆناغی پێشوی شەری سارددا زۆر شت کراوەو گوتراوە، هەر لەتاقیکردنەوەی چەکی ترسناك و مانۆری گەورە گەورەی سەربازییەوە بیگرە تا دەگاتە درۆی شاخدارو ڕاستیی ترسناك.

یەکێ لەو درۆ شاخدارانەی بەهیوای بۆڕدانی یەکێتیی سۆڤیەت لەقۆناغی پێشودا کرا، بریتی بو لەبڵاوکردنەوەی هەواڵێك لەلایەن ئاژانسی ئاسمانیی ناساوە (هەواڵی نیشتنەوەی کەشتیی ئاسمانی لەسەر مانگ، بەڤیدیۆوە(.

ئێستا کە جەنگی سارد دوبارە لەتاوسەندنەوەدایە (بێگومان هەر لەنێوان دو زلهێزەکەی پێشودا، بەڵام یەکێکیان ئێستا ناوەکەی گۆڕاوە: لەیەکێتیی سۆڤیەتەوە بۆ ڕوسیا) هەواڵی ئەوە هەیە نیشتنەوەی کەشتیی ئاسمانیی ئەمریکی لەسەر مانگ، درۆی پەتی بو، فیلمێکی سینەمایی ڕاستەقینەبو!

بەپێی ئەم هەواڵە، دەرهێنەری بەناوبانگی ئەمریکی (ستینلی کوبرنیك) ئەو فیلمەی دروست کردوە.

دەرهێنەری ناوبراو سێ رۆژ پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکا، لەگفتوگۆیەکی وردو چڕو پڕدا بۆ دەرهێنەرێکیتر بەناوی (باتریك میوریی)، مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٩ ئیعتیراف دەکا:

سەرلەبەری ئەو ڤیدیۆیەی دیمەنی دابەزینی یەکەم مرۆڤ لەسەر مانگ پیشان دەدا، لەسەر زەوی وێنەی گیراوەو ئەم خۆی دروستی کردوە، بەڵام پێش گفتوگۆو ئیعتیرافەکەی، لەگەڵ کابرای موقابەلەچی (واتە لەگەڵ ئەو دەرهێنەرەی کە ئیعتیرافەکەی لەم وەرگرتوە) رێدەکەوێ: گفتوگۆکە بڵاو نەکاتەوەو هیچ شتێك لەبارەی ناوەڕۆکەکەیەوە نەدرکێنێ تا پازدە ساڵ دوای مردنی (واتە دوای مردنی دەرهێنەری فیلمی نیشتنەوەکەی سەر مانگ).

ئێستا کە ئەم هەواڵە بڵاوبۆتەوە، شازدە ساڵ بەسەر مردنی ئەو دەرهێنەرە بەناوبانگە هۆلیودییەدا تێپەڕیوە.

لەدوتوێی هەمان هەواڵدا هاتوە: فیلمەکە هەر لەسەرەتاوە جێگای گومان بو، چونکە روی نەدا دوای ئەوە کەشتییتر لەسەر مانگ بنیشێتەوە، هەروەها لەفیلمەکەدا ئاڵای ئەمریکا لەسەر مانگ کە خاڵییە لەهەوا، بەدەم باوە دەشەکێتەوە!

١٤ / ١٢ / ٢٠١٥

..................................

## بزوتنەوەی گۆڕان و هێزی چەکدار

رۆژی ٤ / ١١ لەوتارێکدا بەناونیشانی (سێ دانە لەکێشە بنەڕەتیەکانی هەرێم) ئەم رستەیەم نوسی:

(رەنگە !) دواجار ئەزمونەکەی (ئەوان) یش بەقازانجی کەلتورو عەقڵییەتی کۆمپانیاسالاری کۆتایی پێبێت!

مەبەستم لە (ئەوان) هەمو ئەو هێزانەبو کە چەند مانگی رابردو بەرامبەریان لەپارتی گرتبو، یەکێتیی لێدەرچێ، چونکە ئەو خۆی (ئەگەرچی لەو ماوەیەدا لەگەڵ جەماعەت بەرامبەری لەپارتی گرتبو) ساڵەهایە پێکەوە لەگەڵ پارتی ئاوی کەلتورو عەقڵییەتی کۆمپانیاسالاری دەدەن.

دو رستەیتر بەبیر دەهێنمەوە کە رۆژی ٢٧ / ٨ لەپۆستێکدا بڵاوم کردەوە:

دەبێ بگەڕێین بۆ دەستێ لەبیجامەکەی یەکگرتو، ئەگەر بەهیوای چاکسازیین!

یان بۆ دانەیەك لەکاسکێتەکەی گیڤارا، ئەگەر بەهیوای سەربازیین!

لەو دو دێڕەدا روی دەمم لەخۆم و هەمو ئەو خەڵکە ناڕازیانەبو کە بەگەرمی لەبیری وڵات و چاکسازی و بنەبڕکردنی گەندەڵیدابون.

چەند دێڕێك لەکورتە وتارێکی ترم بەبیر دێنمەوە کە رۆژی ٣٠ / ٨ بەم ناونیشانە (ئەمە بڕوای ئەمڕۆم نییە) بڵاوم کردۆتەوە:

هەمیشە دو رێگا هەیە بەرەو گۆڕانکاری:

*رێگای عەقڵ

*رێگای هێز

هەن زۆرتر بڕوایان بەڕێگای یەکەم هەیە، دەڵێن: عەقڵ باشتر گوژم دەداتە پرۆسەی گۆڕانکاری، هەن زۆرتر بڕوایان بەڕێگای دوەم هەیە، دەڵێن: هێز باشتر گوژم دەداتە پرۆسەی گۆڕانکاری.

من زۆرتر بڕوام بەڕێگای یەکەم هەیە، پێم وایە ئەو گۆڕانکارییەی عەقڵ گوژمی پێدەدا، سەرکەوتوتر، پایەدارترو پڕدەسکەوتترە لەو گۆڕانکارییەی هێز گوژمی پێدەدا.

لەو کورتە وتارەدا نمونەم هێناوەتەوە، نوسیومە:

تەنها تەماشای دو نمونەی خۆماڵی بکەین:

*ڕاپەڕینی ١٩٩١ ی خەڵك - وەکو نمونە بۆ ئاڵوگۆڕ لەڕێی هێزەوە...

*ڕاپەڕینەکەی فاروقی مەلا مستەفا (دامەزراندنی مۆبایل و ئینتەرنێت) - وەکو نمونە بۆ ئاڵوگۆڕ لەڕێی عەقڵەوە...

+کامیان گۆڕانکاریی زۆرترو چەسپاوتریان بەدوای خۆیاندا هێنا؟

لەکۆتایی هەمان وتاردا نوسیومە:

ئەمە بڕوای ئەمڕۆم نییە، بۆ ئەمڕۆم نییە، بڕوای چەندین ساڵ پێش ئێستامە، بۆ هەمو کات و سەردەمێکمە، تەنها ئەوەیە هەوڵمدا بەبۆنەی کێشمەکێشە پەرلەمانیەکەی ئەمدواییەوە لەڕێی وردە نوسینەوە کەمێ تۆختری بکەمەوە.

دوای بەبیرهێنانەوەی ئەو چەند دێڕەی سەرەوە لەو نوسینە کۆنانەمەوە کە ئاماژەم پێدان، هەروەها دوای پێشنیارەکەی هەندێ لەبرادەرانی گۆڕان کە داوا دەکەن بزوتنەوەکەیان هێزی چەکدار دروست بکا، ئەم پرسیارەم هەیە:

*ئایا دروستکردنی هێزی چەکدار، لەم هەرێمە (بەهەشت) ەی ئێمەدا، جا گۆڕان بیکا یان یەکگرتو یاخود هەر حیزبێکیتر، پێویستی بەدروستکردنی کۆمپانیایەکی فیلەتەنی وەکو (یەکێتی) و (پارتی) نییە لەتەنیشتیەوە، بۆ پارەدارکردنی؟

*ئەگەر نا، چۆن؟ بەپارەی کێ؟

*ئەگەر نا، ئایا ئەمە جوڵەیەك نییە بەئاقاری پەرەپێدانی کەلتورو عەقڵییەتی کۆمپانیاسالاری کە حاڵی حازر تا بینەقاقا تێیکەوتوین و بەدەستیەوە دەناڵێنین؟

*ئایا ئەو هەمو گەندەڵی و راووڕوت و خۆسەپێنییەی تا ئێستا بۆ یەکێتی و پارتی چۆتە سەر، لەپاڵ ئەو عەقڵییەت و کەلتورە خراپەدا نەبوە؟

-بێگومان دەزانم حاڵی گۆڕان لەم دارستانەدا کە ناوی هەرێمی کوردستانە، باش نییەو لەوانەیە پێویستی بەچەك هەبێ، بەڵام حەتمەن هەڵەیەك لەئیشکردن و جوڵانەوەیدا رویداوە کە وایکردوە مەسەلەکە بەو ئاقارەدا بڕوا: پێویستی بەچەك هەبێ!

دەنا خۆ یەکگرتوش لەساڵی ١٩٩٢ەوە هەر لەناو ئەم دارستانەدا سیاسەت دەکا، بارەگاشی سوتێنرا، کادری باڵایشی کوژرا.. بۆچی نەهجی خۆی نەگۆڕی؟

ئایا گۆڕان بۆ ئەوە دروست بو عەقڵییەتی ئەوانیتر بگۆڕێ، یان بۆ ئەوە دروست بو بچێتە سەر عەقڵییەتی ئەوانیتر؟

١٠ / ١٢ / ٢٠١٥

..............................

# چوارساڵ ئارامیەکە

هەمومان بەڵێنی چوار ساڵ ئارامیەکەمان لەبیرە کە گۆڕان و پارتی دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم، دایان بەگوێی خەڵکی کوردستاندا.

بەڵێنشکێنی و کێشمەکێشە پەرلەمانیەکەی نێوانیشیانمان لەبیرە:

چۆن دەستی پێکرد، بەباسی چی دەستی پێکرد، چیی لێکەوتەوە...

ئێستا دۆخی هەرێم بەتەواوی ترشاوە بەسەر یەکدا:

* سوپای تورك هەڵیكوتاوەتە سەر خاكمان.

* سوپای عەجەم لەبۆسەدایە بۆمان.

* پەرلەمان كەلەپچە كراوە.

* حكومەت بەدەم گیانەڵاوەیە.

* ئاسمانی كوردستان هەر تاوناتاوێ دەكەوێتە ژێر ئینزاری روسیاوەو هاتوچۆی فڕۆكەی تێدا قەدەغە دەكرێ.

* خەڵك دڵی لەمشتیدایە، چاوەڕوانی لێقەومانی زیاترە (وەكو: درێژەكێشانی بێ مەعاشی، ناكۆكیی زیاتری ناوخۆیی، لەشكركێشیی زیاتری تورك و عەجەم و بەرپابونی شەڕ).

* لەولایشەوە لایەنە سیاسیەكان هەریەكە لەئاوازێك دەخوێنن، خەریكە بەیەكجاری لێكدەترازێن و بێ هیچ شەرم و شكۆیەك دابەش دەبن بەسەر بەرەی (تورك - عەجەم) دا (بەكەمێك شەرم و شكۆوە لەمێژە بون !)، بۆ تاووتوێكردنی هیچ پێشهاتێك كۆنابنەوە، كۆشببنەوە بەجدی كۆنابنەوە.

ئێستا ئیتر بەتەواوی بۆ خەڵکی کوردستان مەعلوم بوە کە: چوارساڵ ئارامیەکە چەند گرنگ دەبو ئەگەر بەڵێنەکە ببرایەتە سەر.

بەڵام نەبرایە سەر.

ئەگەر ببرایەتە سەر، (لەوانەبو!) ئێستا هەرێم (بەم ئەندازەیە!) لەئاست گۆڕانکاریەکاندا دەستەوسان و شپرزە نەبوایە، ئەرکە نیشتیمانیەکان باشتر بگیرانایەتە ئەستۆ، پێکەوە بگیرانایەتە ئەستۆ.

بێگومان ئۆباڵی بەڵێنشکێنیەکە تەنها لەئەستۆی گۆڕان یان پارتی نییە، بەڵکو لەئەستۆی هەردوکیانە پێکەوە، ئەگەرچی پارتی دەیەوێ خەڵکی کوردستان وەها حاڵی بکا کە: ئۆباڵەکەی بەتەنها لەئەستۆی گۆڕانە، گوایە بەڵێنەکە بەڵێنی گۆڕان بوە، لەبەرئەوە بەڵێنشکێنیەکەش لەئەستۆی گۆڕانە.

بەڵام پێناچی خەڵکی کوردستان ئەو ئیددیعایەی پارتییان لەسەری خۆدا جێکردبێتەوە.

لەمبارەیەوە پێویستە دو خاڵ بەخەتی تۆخ بنوسین:

یەکەم: گۆڕان هەڵەیەکی ستراتیژیی گەورەی کرد لەم دۆخە ناسکەدا ئەولەوییەتی دا بەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێم، تین و توانای خۆی تەرخانکرد بۆ هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە ! هەرچەند دیار نییە: ئایا هەر لەسەرەتای بەشداریکردنیەوە لەحکومەتدا، هەموارکردنی ئەو یاسایەی (بەو شێوە سەرسەختانەیە) خستبوە بەرنامەی کاری خۆیەوە، یان کتوپڕ (بەهۆی کەین و بەینی تایبەتیی نێوان خۆی و پارتییەوە) بەخەیاڵیدا هات وەها بکا.

گۆڕان، چاکی کردبێ یان خراپ، دڵخوازانە بوبێ یان ناچاریانە، پەشیمان بوبێ یان نا، تازە چوبوە حکومەتەوە، وەکو چوبو ئەگەر بەڕێگەکەی یەکێتیدا بچوایەو دو ساڵی زیادەی بۆ سەرۆکی هەرێم درێژ بکردایەتەوە، تەنها بۆ ئەوەی ئەم رۆژە رەشانە نەیەنە رێی خەڵکی کوردستان، کێ موزاهەرەی لێدەکردو چەپڵەی لێ دەتەقاند؟ باشتر نەبو ئەو کۆششە زۆرەی لەوپیناوەدا بەزایەی دا، دیبلۆماسیانە بەخەرجی بدایە بۆ ئەنجامدانی هەندێ ریفۆرمی دارایی و ئابوری و... هتد؟

لەوانەیە وەڵامی گۆڕان بۆ ئەم پرسیارە بەمجۆرەبێ:

هەرێمێك كە تا تەپڵی سەری لەقورگی مافیای نەوت و سیاسەتدایە، سازشی گۆڕان دادی نەدەداو لەم هەمو نەهامەتییەی بەرۆکی گرتوە نەیدەپارست، چاکسازییش مومکین نەبو !

هەرچەند کەم و زۆر هاوڕام لەگەڵ ئەو وەڵامەدا، بەڵام هێشتا بڕوام وایە نەدەبو گۆڕان بیگەیەنێتە ئەم باریکییە، نەدەبو ئەم قسانەی ئێمەومانان بهێنێتە سەر خۆی، وەکو هەڵخلیسکابوە ناو دەسەڵاتەوە با بیبردایەتەسەر تا کۆتایی خولەکە، جا با ئەوسا بمانزانیایە پارتی چیی دەکردو چیی دەگوت !

دوەم: پارتی هەڵەیەکی ستراتیژیی زەبەلاحی کرد لەم دۆخە ناسکەشدا ئامادە نەبو لچێکی کەواکە بداتە دەست شەریکەکانی (بەگۆڕان و یەکێتی و ئەوانیترەوە)، وایش هێشتا قڕوقەپ و دەمهەڵدورین و نقەلەخۆبڕینی بەردەوامی لێ داوا دەکردن، لەبیست و ئەوەندە ساڵ لەوەوبەرەوە چۆنی هێنابو دەیویست هەر بەوجۆرە بیباتە سەر:

هەمو حیزبەکان حیزبی کارتۆنی و بوکە پەڕۆیینەبن بەدەست خۆیەوە، نەتوانن لەهیچ صەغیرەو کەبیرەیەکدا

زمان لەئاستیدا وەرچەرخێنن، تەنها بەتاقە زەلام یان تاقە خانمەکانیان (وەزیر، بەڕێوەبەری گشتی، پەرلەمانتار، قایمقام و مدیر ناحیە) بەشداریی دەسەڵات بکەن، لەخوار تاقە زەلام و تاقە خانمەکانیانەوە هەمو شت و کەسەکان لەدەستی پارتیدابێ، ئیمزای مەسئولی حکومیی غەیرە پارتی، تەنها تا ئەودیو دەرگای ژورەکەی بڕ بکا، کە گەیشتە بەردەم فەرمانبەرێکی سەر بەپارتی گیر بخواو بچەقێ !

حیزبەکانیتر نەزانن نەوت چۆن دەفرۆشرێ؟ بەچەند دەفرۆشرێ؟ بەکێ دەفرۆشرێ؟ بۆ تەنها بەو دەفرۆشرێ و بەکەسیتر نافرۆشرێ؟ سەرمایەو دەستمایەی حکومەت چەندە؟ لەکوێ هەڵگیراوە؟ عەقدی نیو سەدەیی بۆچی؟ دەرگا خستنەسەرپشت بۆ سوپای تورك بۆچی؟ یان ئەگەر خۆی هاتوەو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی تێدا نەبوە، ئیدانەنەکردنی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە (بەچوار رستەی ئیعلامی) بۆچی؟

بەکورتی:

بڕوا ناکەم خەڵکی کوردستان حەزیان کردبێ کاروباری هەرێم بەمجۆرە بترشێ بەسەر یەکدا، هەرچەند دڵنیام زۆربەی هەرە زۆریان لەگەڵ چاکسازی و ریفۆرمی جدیدا بون و هەن.

ئەم قسەیە تەرجەمە بکەین بۆ شێوازێکی تری دەربڕین ئاوای لێدێ:

خەڵك نە لەو سەختگیری و باریکەڕێیە رازین کە گۆڕان هەڵی بژارد، نە لەو تاکڕەوی و بێمنەتی و لاڕێییەی پارتی گرتویەتیەبەر.

٨ / ١٢ / ٢٠١٥

................................

## سوپاسی گەرم بۆ دیواری پۆلایینی شار (پۆلیس)

بەهۆی بزرکردنی هەویەوە ئیشم کەوتە مەحکەمەی سلێمانی، عادەتمە کە دەچمە بەردەم پۆلیس، یەکسەر وەکو دیلی جەنگ هەردو دەستم بەرز دەکەمەوە، جا یان پاش پرسیارو وەڵامێکی کورتخایەن (چەکت پێ نییە؟ نەخێر !) دەڵێن: ( فەرمو)، بەبێ پشکنین دەمکەنە ژوەرەوە، یان دەمپشکنن، پاشان دەمکەنە ژوەرەوە.

لەبەردەم هەر فەرمانگەیەکدابوبێ، ئەگەر بەبێ پشکنین کردبێتمیانە ژورەوە لەدڵەوە پێم ناخۆش بوە، ترساوم بەهۆی ئەو گوساخی و چاوپۆشییەی پۆلیسەوە، خەڵکی خراپەکار، فرسەتی خراپەکارییان بۆ بڕەخسێ، بەتاییەتی لەم دۆخەدا کە شار لەهەمو تیرەو تایەفەیەك خەڵکی تێخزاوە.

تەنانەت هەندێجار ویستومە پێیان بڵێم: زۆر سوپاس، بەڵام تکایە با وانەبێ، با هیچ کەس بەبێ پشکنین نەڕواتە ژورەوە.. ڕەنگە ڕێکەوتبێ هەر بەڕاستیش پێم وتبن.

لەبەردەم مەحکەمە دیسان هەردو دەستم لەبەردەم پۆلیسدا هەڵبڕی، نەیانگوت فەرمو بڕۆ، دانەیەکی خڕکەڵەیان بردمی بەلای خۆیدا، دەستێکی باشی پێمدا گێڕا، بایدایەوە بۆ شوێنێك کە بیرم نایەت لەوەوبەر هەرگیز دەستی پۆلیسی تێکەوتبێ (ڕێك بەینی هەردو ڕانم)!

ئەڵقاوئەڵق چنگی بەدەوردا سوڕاندەوە، پاشان بەریدام و ڕۆیشتم، بەدەم سەرکەوتنەوە بەپلەکانەکاندا، لەناخەوە ختوکەم هات، لەخۆمم پرسی: ئەرێ ئەو کابرایە چیی کرد؟ یەعنی ئاوا بێسڵەمینەوەو دودڵی دەست بۆ بەینی ڕانی هەمو پیاوێك دەبا؟

پاش کەمتر لەدە دەقیقە ئیشەکەمم تەواوکرد، هێشتا هەر ختوکەم دەهات ! بەدەم هاتنە دەرەوەوە بڕیارمدا بچمەوە بەردەمی، بەقسەیەکی خۆش سوپاسگوزاری و ئیعجاب و پێزانینی خۆمی پێڕابگەیەنم، بەڵام کە گەیشتمەوە نزیکی بینیم خەڵکێکی زۆر نۆرەیان گرتوە بۆ پشکنین، ئەگەر لەدۆخێکی وەهادا سەهویەکی وەهام بکردایە بچمە بەردەمی و بەقسە بیگرم، وەکو ئەوە وابو بمەوێ بەدەستی ئەنقەست چاوبەستەگیی لێ بکەم (دەرفەت بۆ چونەژورەوەی خەڵك برەخسێنم بەبێ پشکنینی بەینی ڕان)، ئەمەش لە من ناوەشێتەوە.

نیازم هەبو پێی بڵێم: دەست و چاوت خۆشبێ و ماندو نەبی، تۆو هاوڕێکانت شایستەی لانیکەم دوجۆر دەرماڵەی مەترسین، مەترسیی تەقینەوەی تەقەمەنی، مەترسیی تەقینەوەی پیاوەمەنی...

بێگومان ئەمە پەشیمانبونەوەش دەبو لەپێشنیاری وەکیەکلێکردنی مەعاش کە چەند رۆژ لەوەوبەر لەمەقالێکدا خستبومەڕو.

٥ / ١٢ / ٢٠١٥

..........................

## ناڵی کەری تۆپیو

ناڵ ئەو پارچە ئاسنەیە کە بەبزمار دادەکوترێ بەژێر سمی ئەسپ و کەرو ئێستردا، بەمەبەستی ئاسانکردنی هاتوچۆو رێکردنیان.

ئوسوڵ وایە ئەگەر کەر تۆپی، دەست بۆ ناڵی نەبرێ و نەکێشرێتەوە: بەناڵەکەیەوە تۆپیبێ.

بەڵام کەسانی تەماعکارو چاوچنۆك، بۆیان رێکەوێ دەیکێشنەوە.

رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی هەریمی باشوری کوردستان، گومانی ئەوە دەخزێننە دڵەوە:

هەرای نێوان حیزبەکان، لەسەر کێشانەوەی ناڵی کەری تۆپیو بوبێ، یان ناڵی کەرێك بەدەم تۆپینەوە.

١ / ١٢ / ٢٠١٥

..................................

## دەبێ مەعاش وەکو بایەعیی لێبکرێ

هەر ماڵێ بایەعی وەربگرێ دەزانێ:

بایەعی بۆ هەمو کەسێ وەکو یەکە (بەپێی سەر) ە:

ئەوەندە زەیت، ئارد، شەکرو برنج بۆ هەر یەکدانەکەس (جا کەسەکە وەزیربێ یان چایچیی وەزیر).

لەم تەنگانەیەدا کە هەرێمی کوردستانی تێکەوتوە، ئەگەر نامانەوێ سەرگەردانیی گەورە روبکاتە وڵاتمان، دەبێ پێشنیار بکرێ مەعاش بەپێی سیستمێکی وەکو سیستمی بایەعی بدرێ:

هەر موچەخۆرێ ئەوەندە دینار، لەگەڵ بڕێکی مەقطوع بۆ هەر سەرمناڵێك، تا سێ - چوار منداڵ، بەبێ رەچاوکردنیساڵی خزمەت، بڕوانامەو پلەو پایە، یان ئەگەر رەچاویش کران ئەوا بەفەرقێکی زۆر کەم (رەمزی) رەچاو بکرێن.

تەنگانەیەو دەبێ تێبپەڕێنرێ، لەبەرخاتریی میللەت نەك لەبەرخاتریی حکومەت.

دەبێ بەزوترین کات کۆتایی بەو سیستمی بانێك و دوهەواییە بهێنرێ کە وەزارەتێکی لەڕوی دەرماڵەو ئیمتیازاتەوە لەوەزارەتێکیتر هەڵدەبوارد (بەئەسەری رەجعیش کۆتایی پێبهێنرێ، واتە سێ مانگە نەدراوەکەش بگرێتەوە)، ئەمەیان بۆ هەتا هەتایە.

بەڵام رێککردنەوەو وەکیەکلێکردنەکە دەکرێ بەشێوەیەکی کاتیبێ، تا قەیرانەکە دەگوزەرێ، باشترە بیر لەقەرەبوش نەکرێتەوە، وەعدی گێڕانەوەی فەرقەکە نەدرێ.

هەروەها دەبێ ئەم قەیرانە دارایی و ئابورییەی روی تێکردوین ببێتە دەرس، بیر لەچەسپاندنی سیستمێکی دادپەروەرانەی مەعاش بکرێتەوە بۆ دوای قەیرانەکە.

پێویستە بەزوترین کات (پەرلەمان) بەگەڕبخرێتەوە، بدرێتەوە دەست سەرۆکەکەی یان کەسێکیتری سەر بەلیستەکەی و دەست بەکاری خۆی بکاتەوە، یەکێ لەبڕیارە خێراکان ئەمەبێ بیدا.

خەجاڵەتییەکی گەورەیە بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان قولانجە مەملەکەتەکەی ژێر دەستی لەم دۆخە زۆر ناسکەدا پەرلەمانی نەبێ و خەتەرترین رۆژەکانی ژیانی (سیاسی - کۆمەڵایەتی)ی کۆمەڵگە، بەبێ تاووتوێکردن، بێن و بەسەر خەڵکدا بەرببنەوە.

بێگومان دەبو لەکاتی خۆپیشاندانەکانی ئەو دواییەدا کە بەهانەی پەکخستنی پرۆسەی سیاسییان بەدوای خۆیاندا هێنا، پێشنیاری کارێکی لەمجۆرە بکرێ کە لێرەدا کراوە.

١ / ١٢ / ٢٠١٥

.................................

## ئەگەر حکومەت لەسەر ساجی عەلیبێ

پێشتر لەکورتە مەقالێکدا پێشنیارم کرد مەعاش لەم تەنگانەیەی ئێستادا بەپێی سیستمێکی وەکو سیستمی دابەشکردنی بایەعی، دابەش بکرێ:

هەرچی فەرمانبەر لەهەرێمدا هەیە (بەوەزیرو چاییچیی وەزیرەوە) بەقەدەر یەك مەعاش وەربگرن، بەبێ رەچاوکردنی پلەو پایەو ساڵی خزمەت، بێگومان بەشێوەیەکی کاتی، تا تەنگانەکە بەسەر دەچێ.

ئەم پێشنیارە لەکاتێکدا مەعقولە ئەگەر وادانێین حکومەت لەسەر ساجی عەلییە.

بەڵام چۆن بزانرێ حکومەت لەسەر ساجی عەلییە یان لەسەر گەنجی قارون، لەکاتێکدا هیچ داتایەکی ورد لەبەردەستی هاوولاتیدا نییە؟

تەنانەت ئەگر بەدڵنیاییەوە زانیشمان لەسەر ساجی عەلییە ! بۆچی لەسەر ساجی عەلییە؟

لەپێشنیارەکەم پەشیمان نیم، بەڵام ددانی پێدا دەنێم گیانی تێدا نییە، پێویستی بەگیانبەبەرداکردنە، ئەوەش بەوە دەبێ حکومەت ئیعلانی دەستەنگیی خۆی بکا، بەپێی داتای ورد.

٤ / ١٢ / ٢٠١٥

................................

## دەكرێ بەكەرەستەی خراپیش بینای چاك دروست بكرێ ئەگەر وەستای چاك هەبێ

ئەوە بڕوای ئەو سەردەمەم بو کە زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان لەکوردایەتیی کۆمپانیاچیە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم بەتەواوی بێزاربوبون، لەفرسەتێك دەگەڕان بێزاریی خۆیانی تێدا دەرببڕن و بڵێن: نا بۆ دەسەڵاتدارێتیی حیزبی کۆمپانیاچی.

فرسەتەکە رەخسا (بریتی بو لەهەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ساڵی ٢٠٠٩).

گوژمم دایە بەر خۆم، لەڕستەیەکی ناو مەقالەیەکدا بیرۆکەیەکم خستەڕو کە ماناکەی ئەوەبو:

*دەکرێ بەکەرەستەی خراپیش بینای باش دروست بکرێ ئەگەر وەستاکەی وەستابێ.

مەبەستم ئەوەبو خەڵك هانبدەم گومان دایان نەگرێ بڵێن: مادەم کەسانێکی گەندەڵکار هاتونەتە ریزی ناڕازیانەوەو دروشم دژی گەندەڵی دەکێشن، ئەم خەونەشمان فت ! بەگەشبینییەوە بڕۆن بەشداریی پرۆسەکە بکەن.

لەمەقالێکی تردا نوسیم: خەڵك بەکەم مەزانن، خەڵك توانای سەرخستنی هەمو کارێکی باشی هەیە.

ئەمەیان وەڵامێکی ناڕاستەوخۆبو بۆ مەقالەیەکی کەسێك کە خۆی دەستی لەبەرژەوەندیی خۆی گیربوبو، لەناو حیزبدا کەم و زۆر حەوابوەوە، دەبوایە قسەیەك لەخزمەتی خۆیدا بکا، بەڵام نەیزانیبو لەپەنای چ لۆژیکێکدا؟ ناچار هاتبو لەلاوازترین بڕواوە نوسیبوی: خەڵك هیچی پێ ناکرێ.

ئێستا دوای ئەوەندە ساڵ دیسان لەسەر ئەو بڕوایەم: خەڵك توانای سەرخستنی هەمو کارێکی باشی هەیە، دەتوانێ دەسەڵاتدارێتیی کۆمپانیاچییەکان بخاتە ژێر پرسیارەوەو بەشێوازی جۆراوجۆر (نا)ی خۆی بدا بەگوێیاندا.

بەڵام بڕوام وا نییە: بتوانرێ بەکەرەستەی خراپ بینای باش دروست بکرێ، تەنانەت ئەگەر وەستاکەی وەستایەکی چاکیشبێ.

هەر بەبۆنەی ئەم چاوبەدەستیخۆدا خشانەوەیەوە، پێمخۆشە بڵێم:

(لەم وەختەدا !) لەسەر ئەو بڕوایەم کە ئەگەر هەمو کتێبخانەی کوردی نوقمی زرێبار بکرێ، ترسی ناوێ، بەڵام پاش دەربازکردنی کورتەو پوختەی هەندێ بیرۆکەی ئەساسیی ناویان، بۆ نمونە:

-بیرۆکەی چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی...

٢٠١٥ / ١١ / ٣٠

..........................

## خۆسەپێنیی تورکیا بەسەر وێرانەشاری شەنگالدا

گومانی تیا نییە: تورکیا شەنگالی نایەوە بۆ داعش !

بۆ ئەوەبیو ناوچەکانی قەڵەمڕەوی داعش پێکەوە بلکێنێ و بیانداتە دەم یەك.

ئەمە دەسکەوتێکی گرنگبو بۆ ئەردۆگان، بەڵام تاسەر بۆی نەدەپارێزرا.

کەوایە دەبو پلانی دوەمیشی هەبێ.

پلانی دوەمی ئەوەبو:

قەیناکا با شەنگال بەدەم قەڵەمڕەوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوەبێ، بەڵام نە گەریلا، نە شەڕڤان و نە حەشدی شەعبی، توخنی نەکەون.

* شەڕە دەنوکی دوای ئازادکردنەوەی شەنگال لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا لەسەر ناوچەکە: (سەر بەبەغدایە یان بەهەولێر؟)...

* هەروەها ناکۆکیی نێوان پارتی و پەکەکە...

لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتەدایە کە تورکیا دەیەوێ بیسەپێنێ بەسەر وێرانەشاری شەنگالدا.

* تورکیا، هەتا بۆی بکرێ پێداگیری لەسەر ئەم سیاسەتە دەکا بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بوە، شەڕ لەنێوان هێزەکانی ناو ئەو وێرانەشارە (بەتایبەتی دانیشتوانە رەسەنەکەی) دروست ببێ، تا هیچ کەس بیر لەحەسانەوەی بن ئەو دیوارە نەکاتەوە، هیچ دو تایەفەیەك پێکەوە نەیانکرێ، هەمو لەکتر ببنە دوژمن، دواجار هەموان رەحمەتگۆیی داعش بکەن، بڵێن: حەیف بۆ کفندزی پێشو !

* هێزە ناکۆکەکان، دەتوانن ئەمەیان نەوێ کە ئەردۆگان دەیەوێ !

٢٠١٥ / ١١ / ٢٧

.........................................

## پارووی زل دەمیش دەدڕێ و شوێنی تریش

وەکو ئاگادارن، بڕێکی زۆر گەورەی ئەو گازە سروشتییەی لەناوخۆی تورکیا سەرف دەکرێ، لەروسیاوە هاوردە دەکرێ.

دوای تێکچونی نێوانیان، قسە هەیە روسیا بیر لەگرتنەوەی ئەو گازە بکاتەوە، ئەگەرچی عەقڵ نایبڕێ، چونکە شتی وا بەرلەوەی زیانی بۆ تورکیا هەبێ، زیانی ملیارەها دۆلاری بۆ روسیا دەبێ.

تورکیا خۆیشی، پێی وا نییە هەڕەشەی گاز بۆ روسیا بچێتەسەر، جگە لەوە پێی وایە چی زۆرە؟ بەدیلی گازی سروشتیی روسی.

یەکێ لەبەدیلەکان، گازی سروشتیی هەرێمی کوردستانە کە رێك لەبن هەنگڵی تورکیا خۆیدا هەڵکەوتوە، رەنگە مزگێنیەکەی ئەو دواییانەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمیش: (مزگێنیی هەناردەکردنی گازی هەرێم) هەر پەیوەندیی بەو واقعەوە هەبێ.

بێگومان نەك تەنها توركیا، بەڵكو هەمو ئەو وڵاتە ئەوروپیانەی پشتیان بەگازی سروشتیی روسیا بەستوە، بەردەوام لەبیری دۆزینەوەی بەدیلدان، چونكە روسیا بەگازەكەیەوە تەنها بازرگانی ناكا بەڵكو سیاسەتیشی پێوە دەكا.

لەبەرئەوە ئاساییە (لەدۆخی ئاساییدا) هەرێمی كوردستان گاز بەهەركام لەو دەوڵەتانە بفرۆشێ كە پێویستیان بەگازەو نایانەوێ بەهۆی كڕینی گازی روسیاوە تاسەر گیرۆدەی سیاسەتی مۆسكۆبن، بەڵام: پێم وایە لەم كاتەدا خوازیاری ئەم ئەنجامە نەبین باشە، خوازیاری ئەوە نەبین روسیا گازەكەی خۆی لەتوركیا بگرێتەوەو هەرێم گازی پێ بفرۆشێ:

*لەبەرئەوە نا كە: رەنگە بەنرخی زۆر كەم و بێكەڵك لێمانی بسێنێ.

*هەروەها لەبەرئەوە نا كە رەنگە پارەكەی ئەویش وەكو پارەی نەوتەكە بەبا بڕواو گەندەڵیی زیاتری بەدوادابێ.

*بەڵكو لەبەرئەوەی رەنگە خودی سات و سەوداكە: (فرۆشتنی گاز لەناو ناكۆكی و ململانێیەكی نێودەوڵەتیی وەها گەورەدا) ببێتە بایسی ناكۆكیی زیاتر لەناوخۆی خۆمانداو ململانێیەكی ناوخۆیی توندتر بخاتە ناو ماڵی شێواومانەوە، هەروەها لەگەڵ حكومەتی بەغدا، تاران و مۆسكۆ دەرگیرمانكا.

٢٨ / ١١ / ٢٠١٥

## سوكانی پۆڵۆنیەكە

لایەنە سیاسیە ناكۆكەكانی هەرێم، دەستیان لەسوكان بەرداوە، پۆڵۆنیەكەی خۆیانیان پێ ناهاژوشترێ (ئەگەر هی خۆیانبێ و سایەقی خەڵك نەبن لەسەری).

چاوەڕێن روسیاو ئێران، توركیاو ئەمریكا، بۆیان بهاژوێ و بۆیان بخاتەوە سەر سكە:

ئەوان، بەدەم تەصفییەی حسابە قەبەكانی خۆیانەوە، حسابە بچكۆلەكەی ئەمانیش (ئەگەر هی ئەمانبێ) تەصفییە بكەن.

هەریەكەیان خۆی بەوە خەڵەتاندوە:

ئاخری بەرامبەرەكەی دەكەوێتە ژێر فشاری زیاترەوەو كێشەكە لەسیاقی گشتیی هاوكێشە جیهانی و ئیقلیمیەكەدا خۆبەخۆ یەكلایی دەبێتەوە.

نایانەوێ بزانن:

ئەوەی ئێستا لەژێر فشاردایەو لەڕێدایە بکەوێتە ژێر فشاری زیاترەوە، تەنها خەڵکی کوردستانە (سەرنشینەکانی ناو پۆڵۆنیەکە) نەك ئەوان، ئەوان زاری خۆیان هەڵداوەو تەواو، ئەوەی قسەی دێتەسەرو ئێستاو داهاتو باجی یاخیگەرێتیی ئەوان دەدا خەڵکی کوردستانە.

٣٠ / ١١ / ٢٠١٥

..................................

## دۆزەخی کوردایەتی

دۆزەخی کوردایەتی ئەوەندە ساڵە بەدەورمانەوە کڵپەی دێت، کەچی هێشتا ورەمان بەر نەداوە:

رۆژانە: -

* عارەبانەکانی خۆمان دەدەینەبەر، هەنارو پرتەقاڵ و سێوی خۆمانیان لەسەر دەفرۆشین.

* جلە سادەکانمان ئوتو دەکەین، پێیانەوە دەچینە فەرمانگە (بەتاڵخانە) کانمان.

* دەرابەی دوکانەکانمان هەڵدەدەینەوە، رۆژەکانی عومرمانیان بەلاوە بەسەر دەبەین.

* لەبەر بانکەکاندا موحتەرەمانە ریز دەگرین، دەست بۆ کەمەکە خانەنشینییەکانمان دەگرینەوە.

* مناڵەکانمان بەبەرچاییەکی سادەی بەیانیانە رازی دەکەین، پاشان سوار قاچی خۆیانیان دەکەین بەرەو قوتابخانە.

* مەتبەخە چکۆلەکانمان، بەبۆنی پیازو برنجی بایەعی دێنینە گۆرانی، چاوەڕوانی هاتنی ئێوارە دەکەین.

ورەمان بەرنەداوە، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە: ناچارە لەگەڵ قەدەری خۆیدا هەڵکا !

لەولاوە بەبەرچاوی ئێمەوە: -

* عیدمیلادی پڕخەرج لەهۆڵی خەیاڵی.

* سەیارەی گرانبەهای سیباق.

* شکارگای راو و شکاری لەخەڵکحەرامکراو.

* خوێندنی تایبەت لەهەمو قۆناغەکانی خوێندن.

بۆ مناڵانی خواوەندەکانی کوردایەتی، هەمویشی لەسەر حسابی داهاتی گشتی.

خواوەندەکانی کوردایەتی، کوردایەتییان بۆ نیعمەتبارانکردنی ماڵ و مناڵی خۆیان کرد، کەچی ساڵانێکی زۆر بەخەڵکیان فرۆشتەوە.

ئێستا بەشی هەرە زۆری خاکی وڵات موڵکی ئەوانە، مۆڵ و تاوەرو کەشتیگەلی بەرییان لەسەر بنیات ناوە، میللەت هەر هەمو رانەمەڕی

ئەوانە، گۆشت و خوری و پێستی بۆ ماڵی ئەوانە، پێناچێ ئیتر رویان هەبێ بەخەڵکی بفرۆشنەوە.

٣٠ / ١١ / ٢٠١٥

.....................................

### تا ئامانەکە جێی نەهێشتوین یان باینەداوەتەوەو نەیپلیشاندوینەتەوە

لەژیانی گەلاندا زۆرجار رودەدا:

کۆمەڵگە دەکەوێتە بەردەم قۆناغێکی سیاسیی راگوزەر کە حەتمەن دەبێ بەجێی بهێڵێ، یان دەکەوێتە بەردەم قۆناغێکی سیاسیی تازە کە حەتمەن دەبێ پێشوازیی لێبکا.

خۆئامادەکردن بۆ جێهێشتن یان پێشوازیکردن لەو قۆناغە (راگوزەر یان تازە) یە، دەبێ دەستوبردی تەواوی تێدا بکرێ، بەجۆرێك کە: هەمو منجەمنج و بڕوبیانویەك بخرێتە لاوە، چونکە منجەمنج و خاوەخاو لەو کاتەدا، زۆر شتی پێ خراپ دەبێ، تەنانەت سەردەکێشێ بۆ ئەوەی فرسەتەکەی پێ لەبەین بچێ.

بەکورتی: کاتێ قسە گەیشتە سەر سواربونی ئامانە (پاس) بۆ جێهێشتنی قۆناغێکی سیاسیی راگوزەر، یان بۆ گەیشتن بەقۆناغێکی

سیاسیی تازە، دەبێ یەکسەر سەرکەوی، نەپرسی لەپاسەکەدا کێ دەکەوێتە تەنیشتتەوە، یان کێ دەکەوێتەوە پاش و پێشتەوە، یان ئەوانەی لەگەڵتدا سواردەبن خاوەنی چ بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجیایەکی (سیاسی - کۆمەڵایەتی) ن.. ئەو سێ و دو کردنە دەبێ هەڵبگیرێ بۆ کاتێکی گونجاو کە عادەتەن دەکەوێتە ئایندەوە.

نەگبەتییە لەو کاتە ناسکەدا تاس بتباتەوە، نەزانی چی بکەی؟ یان بیهێنیت و بیبەی، بڵێی:

منێکی تێکۆشەری خاوەن مەبدەء کە ساڵەهای ساڵە ماندو دەبم لەپێناوی وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی دادپەروەر، چۆن دەبێ لەئامانەیەکی بەرەییدا کە چەپ و راست، مارکسی و دینی، دزو دزیلێکراو، خزابنە ناوی و تێیدا کۆبوبنەوە، قەبوڵی سەرنشینی و ئەندامێتی بکەم؟

پێت ناجۆربێ لەتەقسێکی سیاسیی وەهادا بۆ ماوەیەکی کاتی هەڵکەی!

یان گومانت لەسودو جەدوای سواربونەکە هەبێ!

یاخود سەرلەوە بکەیتەوە پێشێلکاریی یاسایی لەهاژوشتنی ئامانەکەدا کراوە!

ئەم کوڵك و موە لەو وەختە ناسکەدا نابێ شی بکرێتەوە، تەنها لەو وەختە ناسکەدا (نەك لەهەمو کاتێکدا).

هەرێمی باشوری کوردستان ئێستا لەبەردەم قۆناغێکی سیاسیی وەها ناسکدایە، رێك وەکو ئەو سەردەمەی کە:

رژێمی بەعس بەڕێوەبو بڕوخێ و گەلەکەمان بەڕێوەبو راپەڕێ ببێتە فەرمانڕەوای شارو وڵاتی خۆی.

لەقۆناغەکەی یەکەمجاردا (قۆناغی پێشوازیکردن لەڕاپەڕین) هیچ لایەنێکی سیاسی منجەمنجی نەکرد بڵێ: من لەگەڵ فلان لایەندا ناچمە بەرەیەکی هاوبەشەوە، بەو ئامانەیە ناگەڕێمەوە وڵات کە ئەوی پێدەگەڕێتەوە!

کارێکی زۆر باشبو...

کەچی ئێستا کە لەبەردەم جێهێشتنی قۆناغێکی سیاسیی مەعلوم و پێشوازی لەقۆناغێکی سیاسیی نامەعلومدان، لەوساش پڕئەزمونترن، هەمو هەر قنگەقنگ و منجەمنجیانە، ناسازێن، نازانن چۆن سواری ئامانەکە ببن:

یەکێ دەڵێ: کورسیی سایەق نەبێ نامەوێ!

یەکێکیتر دەڵێ: سوار ئامانەیەك نابم سایەقەکەی مۆڵەتی یاسایی لێخوڕینی نەمابێ!

یەکێکیتر سەری لێشێواوە، نازانێ: سەرکەوێ؟ سەرنەکەوێ؟

هەمویشی ئامانەیەکەو هیچیتر، ئامانەیەك لەم مەوقیفەوە بۆ ئەو مەوقیف، نەك بنی قەبر.

٢٦ / ١١ / ٢٠١٥

..............................................

## کەلتوری (شاییگێری و شینگێری بەبۆنەی بردنەوەو دۆڕانی دراوسێوە)

دەستەواژەی (کەلتوری سیاسی) لەناو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردیدا، زۆر لەمێژ نییە بەرچاو کەوتوە.

بەکارنەهێنانی (یان کەمبەکارهێنان) ی ئەو دەستەواژەیە نیشانەی ئەوەیە:

بیرمان نییە یان رەنگە نەزانین کە حیزبایەتیکردن و مومارەسەکردنی کاری حیزبی، وردە وردە هەندێ نەریتی حیزبیی لێ پەیدا دەبێ، ئەم نەریتە حیزبییە زۆر دەبێ و کەڵەکە دەبێ، پاش زۆربون و کەڵەکەبون دەبێ بەو شتەی پێی دەگوترێ (کەلتوری سیاسی).

بێگومان (کەلتوری سیاسی) ی هەر شوێن و وڵاتێك، رەنگدانەوەی عەقڵییەتی خەڵکەکەیەتی:

ئەگەر (کەلتوری سیاسی) تەسك و خراپ و هەژاربو، مانای وایە عەقڵییەتی خەڵکی وڵاتەکە تەسك و خراپ و هەژارە!

دەبێ پێش کەڵەکەبونی نەریتە حیزبی و سیاسییەکان، بیر بۆ ئەوە بچێ نەهێڵرێ نەریتی خراپ لەکەلتوری سیاسیدا جێی ببێتەوەو رەگ لێبدا، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتو نەبێتە میراتگری کەلتورێکی سیاسیی خراپ.

کەلتوری سیاسی، بەچاك و بەخراپ، لەکۆتاییدا رۆڵی زۆر گرنگی دەبێ لەسەر ژیانی خەڵك و پرۆسەی سیاسی لەوڵاتدا:وەکو کەلتوری کۆمەڵایەتی.

رەنگە بگوترێ: جا چار چییە؟ ئەگەر کۆمەڵگە خاوەنی عەقڵییەتێکی هەژاربێ، خۆ بەزۆر کەلتورێکی سیاسیی پێشکەوتوی پێ ناسازێنرێ !

راستە، بەڵام دەبێ بیری ئەوەش هەبێ کە:

مادەم لەناو کۆمەڵگەدا نوخبەی سیاسی هەیە: سەرکردایەتیی حیزب و وڵات و کۆمەڵگە دەکا، دەبێ ئەو نوخبەیە رێگە نەدا کەلتوری سیاسی بەتەواوی لەژێر هەژمونی عەقڵییەتی خەڵکی عەوامدا بڕسکێ و گەشە بکا، بەڵکو دەبێ بژاری بکا، ئاوی پاك بکاتە بنی، بەشداریی مەسئولانە لەڕسکاندنیدا بکا.

بەڵام بەداخەوە:

لەهەرێمەکەی ئێمەدا، نوخبە سیاسییەکە، لەڕوی پاشەڕۆژبینییەوە ئەوەندە کورتی هێناوە دەتوانین بەپێداگیرییەکی نزیك لەیەقینەوە بڵێین:-

سوچی ئەوانە رۆژانە دانە لەسەر دانە نەریتی سیاسی و حیزبیی خراپ لەناوماندا دادەکەوێ و کەڵەکە دەبێ و ترسی ئەوە لەدڵدا دروست دەکا لەئەنجامدا کەلتورێکی سیاسیی زۆر خراپی لێ بڕسکێ (ئەگەر تا ئێستا بەو دەیانساڵ خەبات و کوردایەتییە رەنگینە لێی نەڕسکابێ).

نوخبەیەکی سیاسیی دابەشبو بەسەر ئەم حیزب و ئەو حیزبی ناکۆکدا:

*پێڕێکی لەمسەرەوە خۆی نابێتەوە تا ئێرانی دراوسێ گفتوگۆ ئەتۆمیەکەی دەگاتە ئەنجام و سەردەگرێ.

*پێڕێکی تری لەوسەرەوە خۆی نابێتەوە تا ئەردۆگان لەهەڵبژاردنەکاندا دەیباتەوەو بەولایەتێکی نوێ شاد دەبێتەوە.

*دانەیەکیتر لەلایەکی ترەوە خۆی نابێتەوە تا ئیخوانی مصر شتێ دەکا بەشتێ.

ئەوجا هەریەکە بەپێی حاڵی لەیلای خۆی (براوەیە یان دۆڕاو) دەست بکاتە شاییگێڕی یان شینگێڕی!

ئیتر نەریتی سیاسیی باشی چی و کەلتوری سیاسیی مەدەنیی چی؟!

٢٦ / ١١ / ٢٠١٥

......................

## جەنگێکی جیهانی کەشتیەکەی نوحیشی تێدا دەرباز نەبێ

*تاوسەندنی جەنگی ناوخۆیی سوریا

*دۆشدامانی رۆژئاوا لەئاست رژێمی ئەسەد

*درێژەکێشانی فەرمانڕەوایی داعش لەهەندێ ناوچەی عێراق و سوریا

خەڵکێکی زۆری ئێرەو ئەوێی دنیای خستە سەر ئەو بڕوایەی:

دنیا لەسەر لێواری شەڕێکی نوێی جیهانییە...

رێکەوتننامە ئەتومیەکەی نێوان ئێران - رۆژئاوا سەری گرت، بڕێکی باش لەم ترس و گومانە رەوییەوە.

بەڵام بەردانەوەی فڕۆکە جەنگیەکەی روسیا لەلایەن تورکیاوە، جارێکیتر هەمان ترس و گومانی لەدڵدا زیندو کردەوە.

ئاشکرایە:

روسیاو تورکیا، ئەگەر بەوزوانە شەڕی گەورەش لەنێوانیاندا رونەدا، لەمڕۆ بەدواوە دوژمنی بێشەرم و حەیای یەکتر دەبن.

*مەترسیی ئەو دوژمنایەتییە لەوەدا نییە روسیا دەوڵەتێکی زەبەلاحەو تورکیا ئەندامی حیلفێکی زەبەلاح (ناتۆ).

*لەوەشدا نییە کە مۆسکۆو ئەنقەرە سەر بەیەك جەبهە نین (هەریەکەیان سەر بەیەکێ لەدو جەبهە جیهانییە موتەنافیسەکەن) و بەجددی ئامادەی روبەڕوبونەوەی یەکترن.

ئەسڵەن ئەم دو عامیلە عامیلی خێرن، وادەکەن لەهەمو لایەکی دنیاوە (سەروخوار - رۆژهەڵات و رۆژئاوا) لەلایەن کەسانی گرنگەوە هەوڵی ساردکردنەوەی دوژمنایەتیەکە بدرێ، چونکە ئەگەر شەڕی لێبکەوێتەوە حەتمەن شەڕێکی بچوك نابێ!

*مەترسیی ئەو دوژمنایەتییە لەوەدایە:

-هەردولا خاوەنی گەلێکی دەمارگیرو بەخۆوەنازن کە لەگەلانی دیکەی دنیا ناچن.

-دوژمانیەتیی نێوانیشیان دوژمنایەتییەکی کۆن و مێژوییە کە ئەگەر رێکەوێ کارەساتێکیتر بەدوای کارەساتی بەردانەوەی فڕۆکەکەدا بقەومێ، ئەوا زۆر زو کار لەکار دەترازێ.

ئەوەی خومەکە خەستتر دەکاتەوەو گومانی قەومانی جەنگێکی تری جیهانی لەدڵدا تۆختر دەکاتەوە ئەو رەوشە خراپە (دەرونی - کۆمەڵایەتی) یەیە کە مرۆڤی ئەم سەردەمەی تێدا دەژی.

تەماشا بزانە بەهۆی ئەو رەوشەوە، چەند قەوم و تیرەو تایەفەو وڵاتی ژێر ئەم ئاسمانە خواخوای شەڕێکی گشتگیریانەو لەسەر پێن بۆ خۆ هەڵدانە ناو ئاگرەکەی:

*ئەوە داعش و موسوڵمانی داعشبیر کە خواخوایانە جەجاڵ هەڵسێ لەبەرئەوەی ژیان لەسەر گۆی زەوی بەدڵی ئەوان وەرناچەرخێ...

*ئەوە گروپە راسیستەکانی ئەوروپا کە حەزدەکەن رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەخاك و مرۆڤیەوە نوقمی دەریای سپیی ناوەڕاست ببێ، زیندوی لێدەرنەچێ ملبنێ بەئەوروپاوە...

*ئەوە دەیان ملیۆن کوردی پلیشاوە، کە سەد ساڵە خەون بەکۆتاییهاتنی سایکسبیکۆو هەلومەرجێکی نوێی جیهانییەوە دەبینن ئازادیی وڵاتەکەیانی بەدوادابێ، تەنانەت ئەگەر لەئەنجامی شەڕێکی جیهانیی گشتگیریشەوەبێ...

*ئەوە چەندین میرو میرزادە، پاشاو پاشازادە، لەخەلیجی عەرەبی، کە ترسی قڵپبونەوەی رژێمەکانیان هەمویانی توشی فۆبیا، قەڵەوی، شەکرەو پشتئێشەی قورس کردوەو خواخوایانە گۆبەندێکی جیهانی پێشبێ هەمو وەرەقەکان بترشێنێ بەسەریەکدا، بەهیوای ئەوەی دیسان

بیتاقەیەکیان بۆ دەرچێ ببێتە هۆی ئەوەی تا سەردەمێکیتر بەحاکمی بمێننەوە...

*ئەوە ملیۆنەها تاکەکەسی بێئومێدی ئەوروپی کە تەنها ئومێدێك مابێتیان بریتییە لە: بەئاواتخواستنی بومەلەرزەیەکی جیهانیی ژیانهەژێن، جا لەڕێگەی هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی فیکری - فەلسەفییەوەبێ یان لەڕێگەی تەقاندنی صاروخێکی ئەتۆمییەوە..

*ئەوە هەزاران دۆعاخوازی هەرەسهێنانی سیستمی سەرمایەداریی و نیولیبرالیزم کە خواخوای ڕەشەبایەکیانە هەڵکاو سیستمێکی نوێ بەدوای خۆیدا بهێنێ...

*ئەوە زۆرینەی خەڵکی هەرێمی باشوری کوردستان کە حەزدەکەن هەرچی دەقەومێ بقەومێ بەمەرجێ کۆتایی بەگەندەڵی و ناعەدالەتی بێت لەهەرێمەکەیاندا...

*ئەوە ملیۆنەها ئێرانی کە دەیان ساڵە خوازیاری هەڵکردنی ڕەشەبایەکن لەچك نەك هەر بەسەر ژنەوە بەڵکو بەسەر تەنافەوە نەهێڵێ...

*ئەوە ملیۆنەها (ئیخوانی)ی میصری کە خواخوای گێژەڵوکەیەکی جیهانییانە هەڵکاو عەبدولفەتاح سیسی سەری لێ دەرنەکا، نەزانێ بڕیاری چیی تێدا بدا، دواجار سەری تێدا دەرنەبا...

لەئێستادا کەم کەس بیری هەیە:

هەر جەنگێکی تری جیهانی، رەنگە لانیکەم دەیان ملیۆن کوشتارو پەنجا ساڵ کۆیلەیی بۆ بەشەر بەدواوەبێ لەشوێنی جیاجیای دنیا.

رەنگە بۆ کوردی نەگبەت، ئەگەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسیشی بەدواوەبێ، بەختەکەی وەها بیهینێ بەشی زۆری سامانە سروشتیەکەی بخرێتە خزمەتی بنیاتنانەوەی وڵاتانی زیانبەرکەوتوی دەوروبەری، پێش ئەوەی بەشە کەمەکەی بخرێتە خزمەتی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەی خۆیەوە...

بەڵام کەم کەس لەئێستەدا تاقەتی هەیە ئەوەندە دور بڕوانێ...

هەندێجار گومان دامدەگرێ و دەڵێم:

تەنانەت ئەو رۆمانە مەزنانەشی کە پێش و پاش جەنگەکان لەبارەی جەنگەوە نوسران و ئامانجیان رسواکردنی جەنگبو، لەکۆتاییدا جەنگیان لەلای خەڵك شیرینترکرد، شیرینتریشیان نەکردبێ بەڵام نەیانتوانی رسوایکەن!

چۆن گومانێکی وام نەبێ لەکاتێکدا بێگومانم:

هەر ئێستا لەژێر ئەم ئاسمانەدا ملیۆنەها مرۆڤ هەن، خواخوای قەومانی جەنگێکی جیهانییانە کەشتیەکەی نوحیشی تێدا دەرباز نەبێ.

٢٤ / ١١ / ٢٠١٥

.........................

## گۆڕان و حەماس ـ یەکێتی و فەتح

پێشتر لەوتارێکدا بەم ناونیشانە:

(هەر لەسەرەتاوە مەعلوم بو گۆڕان توشی هەڵدێر دەبێ) هەندێ ڕەخنەم ئاراستەی سیاسەتی بزوتنەوەی گۆڕان کرد، ئەوەی لەوێدا نەمگوتبو و بیرم بۆی نەچوبو ئەوەیە کە: بزوتنەوەی گۆڕان، ئاخری بەهۆی ئەو سیاسەتەیەوە، بو بەڕوپۆش (غطاء) بۆ حیزبی دایك (یەکێتی)، وەکچۆن بزوتنەوەی حەماسی فەلەستینی، بەنەتیجە، بوبە (غطاء) بۆ بزوتنەوەی فەتح.. ئەم ڕاستییە، لەکۆبونەوە دوقۆڵیەکەی ئەم دواییەی نێوان یەکێتی و پارتیدا زۆر بەباشی درەوشایەوە.

پێویست ناکا باسی مانای (غطاء) بکەم، ئەوەندە بەسە (وەکو نمونە) بزانرێ: کاتێ بزوتنەوەیەکی وەکو گۆڕان (ئاگایانە یان نائاگایانە)

دەبێتە (غطاء) بۆ یەکێتی، فرسەتی ئەوە بۆ یەکێتی دەڕەخسێ رکابەرە مێژوییەکەی خۆی (پارتی) بخاتە ژێر فشاری جددییەوە، ناچاریکا زمان و بیرکردنەوەی خۆی (لەبارەی یەکێتییەوە) بخا بەو بارەدا کە ئەم یەك دو رۆژە لێی دەبینرێ: یەکێتی هاوپەیمانی گرنگی ئێمەیە، یەکێتی نیشتیمانپەروەرە، بەبێ یەکێتی حکومڕانیی کوردستان مومکین نییە.... هتد.

ئەگەر بزوتنەوەی گۆڕان لەئەسڵدا بۆ ئەوە دامەزرابێ ئەم رۆڵە گرنگە سیاسی - مێژوییە بگێڕێ (کە رۆڵێکی خراپ نییە) ئەوا لەکۆتاییدا پێکای و ئافەرین بۆی.

بەڵام ئەگەر بۆ ئەرکێکی گرنگتر دامەزرابێ ئەوا دەبێ ئەم راستییە هەڵوێستەیەکی جددیی پێ بکا، زەمینەی بۆ بڕەخسێنێ کۆتایی بەو رۆڵە بهێنێ، پشتبەخۆی سیاسەتی خۆی دابڕێژێتەوە نەك پشت بەیەکێتی و یەکگرتو و دۆستانیتر، ئەمە بەو مانایە نا: هەرچی ئەوان پێیان باشبو ئەو پێی خراپبێ و تەبەنیی نەکا، بەڵکو بەو مانایەی: لەدارشتنی سیاسەتی خۆیدا، تەنها حساب لەسەر تواناو کەفائەتی خۆی بکا.

بەبڕوای سادەی من:

ناکرێ حیزبێکی گەورە، سیاسەتی خۆی، لەبەر رۆشنایی هاوپەیمانییەکی کاتی لەگەڵ هەندێ حیزبی دۆست (چ تازەدۆست، چ

کۆنەدۆست) بنیات بنێ، شتی وەها لەڕێدایە توشی سەرلێشێواویی گەورەی بکا.

زۆر بەکورتی: نەدەبو گۆڕان بەپشتی یەکێتی و یەکگرتو و ئەملایەن و ئەولایەن لەگەڵ پارتیدا بیگەیەنێتە ئەوپەڕی باریکی، وەکچۆن نابێ یەکێتی و پارتیش بەپشتیوانیی یەکتر یان بەپشتیوانیی ئەملایەن و ئەولایەن (جا دەرەکیین یان ناوخۆیی) لەگەڵ گۆڕان یان لەگەڵ لایەنیتردا بیگەیەننە باریکی.

بزوتنەوەی گۆڕان لەچەند ساڵی رابردودا زۆر کاری باشی کرد، رەنگە ویستبێتی کاری باشتریش بکا، بەڵام لەخۆیی شێواند، رەنگە نوخبەو جەماعاتی فرەخەیاڵی دەوروپشتی قیادەکەشی سوچێکیان هەبوبێ لەو شتەدا، وەکئەوەی لەناو هەر حیزبێکی ناڕێکوپێکدا رودەدا.

بزوتنەوەی گۆڕان:

* ئەوەندەی بەسەو بەسبو زەمینەی رەخساند میللەت بەتەواوی یەکێتی و پارتی بناسێ، ئومێدی گەورەیان لەسەر هەڵنەچنێ.

* ئەوەندەی بەسەو بەسبو ئۆپۆزسیۆنبێ و غیطائبێ بۆ خەڵك...

٢٣ / ١١ / ٢٠١٥

.........................

## سیاسەتی (چی ئەبێ با ببێ)

دەستم لەسەر کیبۆردی لاپتۆپەکەمە بۆ نوسینی چەند وشەیەك دەربارەی فۆبیایەکی سیاسیی تازە کە حاڵی حازر بەرۆکی هەندێ کەسی سەر بەلایەنە هاوپەیمانەکانی بەری سلێمانیی گرتوە:

ئەو هەندە کەسە، دەڵێن: خۆشلکردن بۆ پارتی (لەگفتوگۆدا) تا ئاستی رازیبون بەگۆڕینی سەرۆکی پەرلەمان، مەترسییەکی گەورەیە، دەبێتە هۆی رشتنی ئاوێکی خراپ.

ناکرێ لەناو باسێکی وەهادا ئەو پەندو ئیدیۆم و حەکایەتە زارەکیانەمان لەبیر نەبێ کە پێشینیانمان بەمیراتی بۆیان جێهێشتوین، بەتایبەتی کە دەزانین فۆبیاکە لەئەسڵدا لەسەر بیروباوەڕی ئەوان خۆی بنیات ناوە: (گەورە ئاو دەڕژێنێ بچوك پێی لێدەخشێنێ / گرێی دەست مەخەرە

ددان / ئیشی ئەمڕۆ مەخەرە سبەی / فێریان مەکەن، ئەگەر فێرتان کردن دەبێ تێریشیانکەن / شێت بۆیە شێتە چونکە بۆی دەلوێ) و هتد کە سەرلەبەریان هانمان دەدەن: مەجالی بەرامبەر نەدەین، ئیش تەئجیل نەکەین، سازش لەسەر داوا نەکەین، ڕێگا هەر یەك دانەبێ لەبەردەمماندا، ڕێگای دوەم و سێیەم نەگرین، هەڵە نەکەین بۆ ئەوەی لەدوای ئێمە بچوك فێری هەڵەکردن نەبێ...

بەڵام ئایا لەسیاسەتدا ئەو حەددییەت و میسالییەتە، دروستە؟ ئەگەر ئا بەقسەی کام بیرمەندی سیاسی؟ بەپێی شارەزایی کام سیاسەتمەداری مەزن؟

بەبڕوای سادەی من:

هەق نییە پرۆسەی سیاسی کە ژیانی هاووڵاتیی پێوە بەندە، ببەسترێتەوە بەبەشداریی کەسێ یان کەسانێکی دیاریکراوەوە لەناو پرۆسەکەدا.

پەکخستنی گفتوگۆو هەڵپەساردنی پرۆسەی سیاسی (بەو شێوەیەی چەند وەختە رودەدا)، لەپێناوی هێشتنەوەی (سەرۆکی پەرلەمان) بەسەرۆکی پەرلەمان، ڕێك وەکو ئەوە وایە خاوەنی بنەماڵەیەکبی وەکو بنەماڵە فەرمانڕەواکانی ئێستای کوردستان و سوربی لەسەرئەوەی چارەنوسی میللەتێك ببەستی بەڕۆڵی بنەماڵەکەتەوە لەدەسەڵاتدا: ئەگەر

ڕێگە درا بنەماڵەکەت حاکمبێ ئەوا بەڵێ بۆ دەوڵەت، ئەگەر نا ئەوا بەڵێ بۆ دو لەت!

پێداگیرییەکی وەها نیشانەی ناسیاسێتی و بیرکۆڵییە...

هەر بۆ بیرخستنەوە دەیپرسم:

گۆڕان بەبیست و چەند کورسیەکەی دەورانی ئۆپۆزسیۆنبونیەوە ئەکتیڤترو ئیجابیتربو یان لەدەورانی دوای ئەوەدا (کە چوە دەسەڵات و سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کەوتەلا)؟

خۆ ناکرێ بڕوا وابێ:

دەکرێ بەخۆمان و هەرێم و سیستم و یاسامانەوە، چەندین مانگ و بگرە هەندێ ساڵیش (هەروا بەم شێوەیەی چەند وەختە رودەدا) بەهەڵواسراوی بمێنینەوەو بژین...

یان:

دەکرێ تاسەر پشت بەحیلفە چەندقۆڵییەکە ببەسترێ و لەسایەی ئەودا درێژە بەم سیاسەتی (چی ئەبێ با ببێ) یە بدرێ!

٢٠١٥ / ١ / ٢٣

.......................

## ناردیانە داخوازیی ژن بۆ کوڕیان

## کەچی ئەو داوای کرد بۆ خۆی

ئەوە ئەو پەندەیە کە لەگەڵ بیستنی گفتوگۆ رۆژنامەوانیەکەی دوای کۆبونەوە دوقۆڵیەکەی ئەمڕۆی نێوان یەکێتی و پارتی، بەبیردا دێت.

رەنگە هەر لایەنێکی تریش بوایە لەجیاتیی یەکێتی، هەر وەهای بکردایە، ئەگەر پێگەکەی وەکو پێگەی یەکێتی یارمەتیی بدایەت وەها بکات.

لەوەتەی خومەکە شێواوە، لەچەندین لاوە دەگوترێ و دەگوترێتەوە:

*سیاسەت فەنی مومکیناتە...

*توندکێشی و بەرزەفڕی و ناواقعیبون، ئەنجامی باشی نابێ...

*ئەگەر كێشمەكێشەكە (كە سەرەتا لەشێوەی گەمەی دوگۆڵیدا خۆی دەنواند، پاشان بو بەدوگۆڵ و نیوی) درێژە بكێشێ، ئەوا لەرێدایە سەر بكێشێ بۆ پێنج گۆڵی...

*بسازێن...

بەڵام نەسازان و قسەی كەسیان نەبیست...

ئێستاش نەچوە بچێ: دەتوانرێ مەسەلەكە وردتر بكرێتەوە...

ئەوە بەبیری خۆ بهێنرێتەوە كە:

*حیزب نییە، خاوەنی قاسەی پربێ، باكی بەكەوتنەوەی ئاگر نەبێ لەدەوروبەری ماڵ و دوكان و قاسەی...

*حیزب نییە، خاوەنی جەماوەرێكی دینداری مولتەزیمی خاترجەمبێ، ئامادەبێ ئەو جەماوەرە تا سەر لەناو مووراوەغەی حیزبیدا رابگرێ. .ئەگەر بروا وابوبێ دەتوانرێ حیزبی لەو نەوعانە بكرێنە شەریك لەهەمو جۆرە گەمەیەكی سیاسیدا، ئەوا حەتمەن هەڵەیەك لەتێگەیشتندا هەبوە. بێگومان جێگای داخە كەسێك بنێردرێتە داخوازیی ژن بۆ كور، ئەو داوایكات بۆ خۆی.. ئەوەی ئێستا بەبەرچاومانەوە دەگوزەرێ، وەها دەكەوێتە بەرزەین شتێكبێ لەوجۆرە، تەنانەت رەنگە وەها بكەوێتە بەرزەین: ئەو كەسە هەر لەهەوەڵەوە بۆ ئەو مەبەستە خۆی تێكەڵی مەجلیس كردوە.

بەڵام بەتەنیشتی ئەو گومانەوە، هەقە گومان بۆ ئەوەش بچێ كە:

نەخێر، ڕەنگە ئەو کەسەش وەکو زۆرێك لەئێمە کە گوتمان و گوتمان و گوتمانەوە: سیاسەت فەنی مومکیناتە، بسازێن، واقعیین...

خەیاڵپڵاویی (ماڵی کوڕ) بێزاری کردبێ و ڕێگاچارەیەکی تری لەبەردەمی خۆیدا نەدیبێتەوە ئەوە نەبێ: کچە داواکات بۆ خۆی...

لەسەروی ئەم حیزبحیزبێنەو کڵاوکڵاوێنەیەی نێوان (چوار + یەك) ەوە کە بروا ناکەم کەری خەڵك بەو بارەوە تۆپیبێ، مەعاش و مەعیشەتی خەڵك، ئاوەدانیی کوردستان، ئارامی و گەشبینیی کۆمەڵایەتییە کە دەبێ تەرکیزی لەسەربێ، ئەمەیانە کەری خەڵکی پێوە هەناسەسواربوە:

کێ و کێ ڕێدەکەون و پێکدێن لەسەر حکومڕانیکردنی وڵات، کاروباری خەڵکیان دەکەوێتە دەست، با ڕێکەون، بەڵام هەمو ڕۆژێ لەسەر هەمان توێکڵەمۆز هەڵنەخلیسکێنەوە، بیری ئەوەیان هەبێ لەوە زیاتر خۆیان و خەڵکی کوردستان نەکەنە فلیمی دۆست و دوژمن، ئەوەش بەوە دەبێ خەریکی بەڕێوەبردنی وڵاتبن نەك بەڕێوەبردنی کۆمپانیا، بیریان هەبێ: ئیشی ئەوان ریعایەتکردنی خەڵکە نەك بازرگانی و وەبەرهێنان.

٢٢ / ١١ / ٢٠١٥

.........................

## یەکێتی و پارتی لەکۆبونەوەدان و
## ئێمەش چاوەڕوانی ئەنجامین

ئەنجام تەنها دوانە:

ئەگەر کۆتایی کۆبونەوەکە بەوەگەڕا گوژمێك بدرێتەوە بەپرۆسەی سیاسی، گوژمەکە بەپێی رێ و شوێنێکبێ، رێ و شوێنەکە بەدڵی هەمو (یان زۆربەی) لایەنە سیاسییەکانی ناو پرۆسەی سیاسیبێ، سەرەنجام خەڵکی کوردستان ئاهێکی بەبەردا بێتەوە، ژیانی بکەوێتەوە سەر سکە، مەعاش و مەعیشەتی مسۆگەربێ، ئەوا لەبەردەم ئەنجامی باشداین.

ئەگەر کۆتایی کۆبونەوەکە بەوەگەڕا پرۆسەی سیاسی (وەك خۆی) لەسەر سکەی ئێستای بهێڵرێتەوە، ئەوا لەبەردەم ئەنجامێکی خراپداین کە پێمان دەڵێ:

هەرێمی کوردستان کەوتۆتە بن هەژمونی عەقڵییەتێکی سیاسیی بێباك کە پێی وایە:

دەکرێ بەخۆمان و هەرێم و سیستم و یاسامانەوە، چەندین مانگ و بگرە هەندێ ساڵیش، بەهەڵواسراوی بمێنینەوەو بژین...

وەکئەوەی هەرێمی کوردستان لوبنانبێ و بتوانێ وەکئەو بێمەڵامەت لەدۆخی وا سەر دەرببا!

٢٢ / ١١ / ٢٠١٥

..............................

## بۆنی غاز

* بۆنی نەوت کەم سەری هێنایە ژان نۆرەی بۆنی غازە:

چەند رۆژێکە گوێمان لەهەواڵی هەناردەکردنی غازی هەرێمی کوردستانە: گوایە لەداهاتودا، حکومەتی هەرێم، ئەوەندە مەتر سێجا غازی کوردستان لەڕێی تورکیاوە هەناردەی دەرەوە دەکا.

پرۆژەیەکی وەها (ئەگەر سەربگرێ) نەك هەر دەبێتە سەرچاوەی داهاتێکی باش و مسۆگەر بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو ئایندەی سیاسیشی رۆشنتر دەکا، وا دەکا وردە وردە وڵاتانێك کە رەنگە تا ئێستا بەجددی نەهاتبنە پشتیەوە، لەئایندەدا بەجددی بێنە پشتیەوە، لەبەر پێویستیی

خۆیان بەغازی هەرێمی کوردستان دەست بەباڵیەوە بگرن و هەوڵی سەرخستنی بدەن.

بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەدا دەبێتە بایسی دەرکەوتنی کێشەی نوێ لەناوچەکەدا، کێشە لەنێوان زلفرۆشیارەکەی غاز (روسیا) و رکابەرەکانی.

بەپێی شیکارییەکی پرۆفیسۆر جاسم عجاقە کە رۆژی ٨ / ١١ لەرۆژنامەی ئەلیکترۆنیی المدن دا بڵاویکردۆتەوە:

روسیا لەئەسڵدا بۆ ئەوە هاتۆتە سوریا نەهێڵێ غازی وڵاتانی دەوروبەری دەریای سپیی ناوەڕاست کە زۆر لەپێداویستیی ناوخۆیی زیاترە، بفرۆشرێ بەئەوروپا، نەهێڵێ پڕۆژەی راکێشانی لولەی غازی ناوچە بەرەو ئەوروپا، کە (تورکیا - ئیسرائیل - یۆنان - ئیتالیا) تەگبیریان بۆ کردوە، سەربگرێ، چونکە روسیا خۆی فرۆشیاری غازە، کڕیارەکەشی ئەوروپایە، ئەگەر وڵاتانی خاوەن غازی ناوچە، بەتایبەتی قەتەر کە زەبەلاحترینیانە، غازەکەیان بگاتە ئەوروپا ئەوا بازرگانیی غازی روسی توشی نسکۆ دەبێ.

ئەگەر ئەو شیکارییەی پرۆفیسۆری ناوبراو بەهەند وەربگرین، ئەوا دەکرێ بڵێین: فیکرەی هەناردەکردنی

غازی هەرێمی کوردستانیش (هەرچەند ئەو ناوی نەبردوە)، لەڕێدایە روبەڕوی هەمان کێشە ببێتەوە کە فیکرەی هەناردەکردنی غازی ناوچە بەگشتی روبەڕوی بۆتەوە.

ئەو پرۆفیسۆرە، دەڵێ: یەکێ لەڕێگاکانی روسیا بۆ پەکخستنی فیکرەی هەناردەکردنی غازی ناوچە بەرەو ئەوروپا بریتییە لە: ناکۆکیسازاندن لەنێوان وڵاتانی ناوچە (ئەوانەی خاوەنی غازن) بۆ ئەوەی دەرفەتیان نەبێ پێکەوە سەر بخزێننە بنگوێی یەکترو پێکەوە شان بدەنەبەر پرۆژەکە، هەر بۆ نمونە ئاماژە بەڕۆڵی لوبنان دەدا کە وڵاتێکی خاوەن غازە، پێگە جوگرافیەکەشی یارمەتیدەرە بۆ بەشداریکردن لەسەرخستنی پرۆژەکەی (تورکیا - ئیسرائیل - یۆنان - ئیتالیا) دا، بەڵام بەهۆی ناتەبایی بەیروتەوە لەگەڵ تەلئەبیب، بەشداریی کارەکە ناکا.

لەلایەکی ترەوە:

فیکرەی هەناردەکردنی غازی هەرێمی کوردستان، ئەگەر کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم هەروا بەهەڵپەسێردراوی بمێننەوە، گەندەڵی پایەداربێ، شەفافیەت لەفرۆشتن و هەناردەکردنی سامانی سروشتیدا (نەوت و غازو هەر شتێکیتر) خەیاڵی شاعیرانەبێ، ئەوا دەبێتە بایسی

خستنەوەی ناکۆکیی زیاتر لەناوخۆدا، لەئەنجامدا دەبێتە بایسی خستنەوەی نائارامی، بەرقەراریی گەندەڵی، تاکڕەویی حیزبی و قۆرخکردنی دەسەڵات بۆ ماوەی ساڵانێکی تریش، ڕەنگە وەکو پرۆفیسۆر عجافە باسی کردوە، روسیاش کە خەون بەقۆرخکردنی بازاڕی غازەوە دەبینێ، بتوانێ بەهاوکاریی هاوپەیمانەکانی سودی باش لەو ناکۆکییە ناوخۆییە وەربگرێ بۆ فەرزکردنی سیاسەتی خۆی لەو بازاڕەدا.

* بۆنی خۆشی غازی وڵات:

بیرم لای فرۆشتنی غازی هەرێمی کوردستان و دو دانە رستەیە کە یەکێکیانم لەخاڵم بیستوە، ئەوی تریان لەهەمو کەس :

رستەکەی خاڵم دەڵێ: کەرێ لەبازاڕو پارەیەك لەباخەڵ!

واتە: پارەیەك کە لەگیرفانی خۆمدایە، خۆم خاوەنیم، لەژێر تەصەڕوفی خۆمدایە، کەرێکیش کە لەبازاڕ دانراوە بۆ فرۆشتن، بەپارە دەمدرێتێ نەك بەئیف، ئیتر چ پێوست بەهەڵگرتنی منەتی فرۆشیار دەکا، بپاڕێیتەوە کەرەکەییت

پێ بفرۆشێ؟ ئەو نا کەرفرۆشێکیتر: کەرێ لەبازاڕو پارەیەك لەباخەڵ!

رستەکەی تریان پەندە کوردییە بەناوبانگەکەیە: ماڵیان پڕبو لەڕازیانە کەچی بەدەردی دڵئێشە مردن!

واتە: ماڵیان پڕبو لەدەرمانی چارەسەری دڵئێشە (رازیانە) کەچی عەقڵی ئەوەیان نەبو تیماری دەردی خۆیانی پێبکەن، دواجار بەدەردی دڵئێشە مردن.

هەردو رستەکەم لەم کاتەدا بیرکەوتۆتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان مزگێنیمان دەداتێ خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ هەناردەکردنی غازی کوردستان لەڕێی تورکیاوە.

پێشتر ئاماژەم بەوە دا کە (فیکرەی هەناردەکردنی غازی کوردستان) لەڕێدایە روسیا بکا بەگژماندا، بەو پێیەی زلفرۆشیاری غازە لەناوچەکەداو چاوی لەسەر ئەوەیە بازاڕی غاز لەژێر سیاسەتی خۆیدا گیر بدا.. بینا لەسەر ئەوە پێم وایە لەم کاتەدا پێویستیی زۆرمان بەتاووتوێکردنی دو رستەکەی سەرەوەیە:

رستەی یەکەم: کەرێ لەبازاڕو پارەیەك لەباخەڵ!

ئایا بەڕاست مامەڵەچییانی غاز (کڕیارو فرۆشیار) دەتوانن وەکو خاڵم لەیەکتر بێمنەتبن؟ کڕیار ئازادە لەوەی لەکێ دەکڕێ؟ فرۆشیار ئازادە بەکێ دەفرۆشێ؟

بێگومان نەخێر!

بازاڕێك لەمسەریەوە زلفرۆشێك چاوی لەسەر ئەوەبێ رکێفی بکاو لەژێر سیاسەتی خۆیدا گیری بدا، لەوسەریەوە کڕیار بەردەوام لەدڵەڕاوکێدابێ: چۆن خۆی لەشەڕی زلفرۆش لادا؟ چی بکا بۆ ئەوەی سەرچاوەیەکی هەمیشەیی بۆ دابینکردنی غاز بدۆزێتەوە دەربازیکا لەمنەتهەڵگرتنی زلفرۆش؟

بازاڕێکی وەها، ئازادیی کڕیارو فرۆشیاری بەئاسانی تێدا مسۆگەر ناکرێ...

کەواتە دەبێ قسەکەی خاڵم بخرێتە لاوە، هەموان بیر لەڕازیکردنی یەکتر بکەنەوە، بەکڕیارو فرۆشیارو رکابەرەوە...

بەڵام ئایا هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ بتوانێ ئەو گەمە سیاسییە، بەتەنیشتی ئەو بازرگانییەوە (بازرگانیی غاز) بەسەرکەوتویی ببات بەڕێوە؟ چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ بتوانێ روسیاش رازیکاو ئەوروپاش؟

ئەی بۆ ناوخۆ:

ئایا دەتوانێ قسە زۆر کۆنەکەی پێشینیان نەهێنێتە سەر خۆی: ماڵیان پڕبو لەڕازیانە کەچی بەدەردی دڵئێشە مردن؟

ئایا کارێك دەکا ئازاری چەند ساڵەی دڵی خەڵکی کوردستان، بەبۆنی خۆشی غازی وڵات، بڕەوێنێتەوە؟

٢١ / ١١ / ٢٠١٥

................

## سیاسەتی لەمەودوای راگەیاندن

یەکخستنەوەی ئیدارە لەهەرێمی کوردستاندا روداوێکی بچکۆلە نییە، بەڵام ئەگەر (راگەیاندنێکی لیبراڵ) لەگەڵ ئەم روداوەدا رێ نەکاو بۆ هەر شوێنێ چو بەدوایەوە نەبێ و چاودێریی وردی نەکا، قەت لەوە گەورەتر نابێ کە هەیە.

ئەم روداوە بۆ ئەوەی لەهەڵکشانی بەردەوامدابێ، دەبێ کامێراکانی راگەیاندن بۆ ناو هەمو ساحەکانی عەرەزات بەدوایەوەبن، نەك تەنها بۆ وێنەگرتن و پیشاندانی رەوتی سەربازە مولتەزیمەکانی لەوەختی راست ڕێکردندا، بەڵکو بۆ وێنەگرتن و پیشاندانی رەوتی سەربازە موخەڕبەتەکانیشی کە ئوسولی رێکردنی جەماعی فێر نابن و بەردەوام رەوتی رێکردنەکە تێکدەدەن.

ئەگەر ئێمە دەمانەوێ ئەم روداوە بەئاسمانەوە مردار نەبێتەوەو بەزیندویی بگاتە ئەوبەر روباری دیجلە، دەبێ رێنەدەین راگەیاندنێکی

نەبەکام و بێئاسۆ بەپەڕۆی زەردو سەوز کەمەرو دەستوقاچی شەتەك بداو بەناوقەدی جەڕاو و چوارپەلی بەستراوەوە هەڵی بدات بەئاسماندا!

ئەم روداوە ئەگەر بەدەست (سیاسەتێکی ئیعلامیی تەقلیدی)یەوە نەپروکێ و مردار نەبێتەوە، لەوانەیە گەورەببێ و شو بکاو ببێتە دایك و روداوی باشی لێبکەوێتەوە، بەڵام بەمەرجێ وەستاو سازندەکانیشی ئەم راستییە بزانن و خۆی لێ لانەدەن، نەك بێن سەری خۆیان و دەسکردەکەشیان بسپێرن بەراگەیاندنێکی (یەك ساید و موتیع) و پێیان وابێ ئەو کاتە چاکیان کردوە کە ئەزمونی ئەمجارەش بخەنە بەردەم راگەیاندنێکی مەرکەزیی ناموخالیفی دەستلەسەرسنگ.

وەستاو سازندەکانی ئەم روداوە، دەبێ بڕوای زۆریان بەوە هەبێ کە (موتیعی) و (یەکسایدی) و (بەستەزمانی)ی راگەیاندن نەك هەر خزمەت بەئەزمونی یەکگرتنەوە ناکات و بواری گەشەسەندنی لێ بەرتەسك دەکاتەوە، بەڵکو بەرەو چەقبەستن و کوژانەوەشی دەبات.

بێگومان ئیشی باش ئەوە نییە کە لەماوەی ئەم دە / دوازدە رۆژەی پاش یەکخستنەوەی ئیدارەدا راگەیاندنی کوردی خۆی پێوە خەریك کردوە، ئیشی باش ئەوەیە هەر لەمڕۆوە بەخۆیان و کامێراو تەجیل و قەڵەمەکانیانەوە ناگەهان هەڵکوتنە سەر وەزارەتەکانی دو ئیدارەکەی پێشو بزانن ئێستا خەریکی چین و چییان کردوە بۆ یەکگرتنەوەکە؟ پاشانیش بچنە ناو جەماوەرو رای بێ ریای خەڵکانی ژیری لەبارەوە

بپرسن.

ئیشی باش ئەوە نییە تەنها بەرەسمگرتنی دانیشتن و کۆبونەوەکان داکەون و هەواڵی ئیمزاکردنی گرێبەست و رێکەوتنەکان بڵاوبکەنەوەو کورتە لێدوانێکی بەشدارانیان لەبارەوە وەربگرن، ئیشی باش ئەوەیە ببنە رایەڵ لەنێوان حکومەت و جەماوەرداو وردو درشتی بیروڕاکانی هەردولایان (حکومەت و جەماوەر) لەسەر کاروکردەوەی یەکتر بڵاوبکەنەوە.

ئیشی باش ئەوە نییە ملکەچی یاسا کۆن و بێکەڵکەکەی رۆژنامەگەری ببن و تاسەر ئەسیری بن، ئیشی باش ئەوەیە هەر لەمڕۆوە داوا بکەن یاسایەکی مۆدێرن و مەدەنی بۆ کاری ئیعلامی گەڵاڵە بکرێ، یاسایەکی وەها کە هەم راگەیاندنی ئەهلی و هەم راگەیاندنی حکومی لەسەری کۆکبن و بتوانن ئازادانە هەناسەی تیا بدەن.

بەبڕوای من باشترین (تمهید) بۆ یەکخستنەوەی ئیدارە لەکوردستاندا، ئەوەدەبو بەشێك لەکۆبونەوە دوقۆڵیەکانی لەوەوبەری نێوان یەکێتی و پارتی تەرخان بکرایەت بۆ تەبەنیکردنی (گوتارێکی ئیعلامیی مۆدێرن) بەڵام گوتارێك نا لەژێر ناونیشانێکی بەڕاق و ناوەڕۆکێکی لێڵدا ! گوتارێك نا بۆ دیزەبەدەرخۆنەکردنی کەموکوڕی و هەنگاوە نەبەکام و ناشیەکانی لەوەودوای دو برا ئاشتۆبوەکە ! گوتارێك نا بۆ سەپاندنی مەرکەزیەتێکی تەقلیدیی کوشندە، بەڵکو گوتارێکی لیبراڵ و بێمنەت و شەفاف، کەچی بەداخەوە ئەگەر کەمێك بەوردی گوێت

دابێتە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە دە / دوازدە ڕۆژی پاش پرۆسەی یەکگرتنەوەکەدا، دەڵێی تاقە مەوزوعیك کە زۆر خێراو بێکێشەو چەندوچون لەنێوان دو برا ئاشتۆبوەکەدا بڕێنراوەتەوە، مەوزوعی (خەواندن و متکردنی ئیعلام) بوە!

بێگومان من نامەوێ مافی دیاریکردنی (سیاسەتی ڕاگەیاندن) لەحکومەت بسێنمەوەو بیبەخشم بەخەڵك، خەڵك با کەناڵی خۆیان هەبێ و لەکەناڵی خۆیانەوە سیاسەتی خۆیان بکەن، بەڵام مادەم روی هەمو کەناڵە ئیعلامیەکان ( چ ئەهلی و چ حکومی) هەر لەخەڵکە، با هەمویان وەکو یەك راستگۆو بوێرو لیبراڵبن لەڕوی خەڵکدا، نەك تەنها ڕاگەیاندنی ئەهلی.

ئێمە دەبێ بڕوای تەواومان بەوە هەبێ کە گۆڕینی سیاسەتی ڕاگەیاندن بەرەو ئاقارێکی مۆدێرن، هەم خزمەتی ئەزمونی حکومەتداری و دەوڵەتڕانی لەکوردستاندا دەکات، هەم گەلی کوردیش بەئەندازەیەك هێزمەند دەکات کە بتوانێ کێبەرکێیەکی جدی لەگەڵ واقعی عیراقیدا بکا، دەرهەق بەحکومەتە تازە ڕاگەیەنراوەکەی مالکیش چاوکراوەو بزێوبێ.

ئەگەر ڕاگەیاندنەکەمان لەکوردستانەکەی خۆماندا ئازادو لیبراڵبێ، دەتوانێ تا ئەوپەڕی سنورەکانی ئازادی و لیبراڵیەت بەدوای کاروکردەوەی حکومەتەکەی مالکیشەوەبێ، بەڵام ئەگەر هەروەك

ڕۆژان و ساڵانی لەمەوبەر، بۆ خەڵك بەمەندێك بپێوێ و بۆ خۆمان بەمەندێکی تر، ئەمە ئیتر عەیبێکی گەورەیە، عەیبێکە کە هەم لەلای خۆمان و هەم لەلای خەڵك بەتەواوی عەورەتی بەدەرەوەیە!

.................

تێبینی:

ئەوەی خوێندتەوە بریتی بو لە:

ئەڵقەی (١٠)، گۆشەی (ڕۆژەڤ)ی هەفتانەم لەهەفتەنامەی (ناوخۆ)، ژمارە (٧١)ی ڕۆژی سێشەممە ٢٣ / ئایار / ٢٠٠٦.

.....................

## ئێران خوایشی دەوێ و خورمایش

ماوەیەکبو کارتی داعش خرابوە پشت قون و لەعێراق یاریی پێ نەدەکرا، هۆیەکەشی ئەوەبو: مالکی دەرپەڕێندراو حکومەتی نوێی عێراق پێکهێنرا، دەبوایە مۆڵەتیك هەبێ بۆ وردبونەوە لەدۆخی دوای مالکی.

وا ئێستا کارتی داعش خراوەتەوە سەر مێزی قومار، بەم پێیەبێ عێراقی دوای مالکی تا ئێستا هچی ئەوەندە تازەی بەدوای خۆیدا نەهێناوە بەدڵی ئەمریکابێ، بۆ ئەوەی شتی تازە روبدا پێدەچێ پێویستبێ فشاری زیاتر بخرێتە سەر ئێران و ناچار بکرێ لانیکەم لەئێستادا دەست لەیەکێك لە دو جگەرگۆشەکەی (یان عێراق یان سوریا) هەڵگرێ.

بەڵام ئایا ئێران ئامادەیە دەست لەیەکێك لەو دوانە هەڵبگرێ؟ رازی دەبێ یەکێ لەدو جگەرگۆشەکەی بکا بەقوربانی ئەوی تریان؟ کامیان

حاڵی لەحاڵی ئەوی تریان باشترە ئومێدی بەدەربازبونی هەبێ و دانەکەی تریان بکا بەقوربانی؟ بێگومان هیچیان ! ئەی چی بکا؟ خوایشی بوێ و خورمایش؟

بەڵی.. باشترین شت ئەوەیە خوایشی بوێ و خورمایش، بەڵام نەك هەمو خواکەو هەمو خورماکە، بەڵکو تۆزێ لەخواکەو تۆزێکیش لەخورماکە!

بێگومان تازە کار لەوە ترازاوە تاران بتوانێ بەجارێ شەڕ لەسەر یەکپارچەیی خاك و سییادەی هەردو وڵاتەکە (واتە: هەمو عێراق و هەمو سوریا) بکا، بەڵکو ناچارە رازیبێ بە (تۆزێ لەسوریاو تۆزێ لەعێراق)، بەپێی هەڵسوکەوت و دەمودوی ئەم دواییەی بەرپرسەکانیشیبێ، لەئێستادا کە یاریەکە بەتەواوی تاوی سەندوە، بەهەمو چارەسەرێك رازییە بۆ سوریا تەنها گۆڕانی ریشەیی نەبێ، واتە تەنها ئەسەد لەناو هاوکێشەکەدا بمێنێتەوەو جڵەوی تایەفە عەلەویەکەی سوریای بەدەستەوە بمێنێ ئیتر چش لە: دابەشکردنی سوریا بەسەر سێ هەرێمی (کورد / سوننە / عەلەوی)دا، یان قرتاندنی لەتە کوردستانەکەی و لکاندنی بەتورکیاوە.. یان هەر سیناریۆیەکی تری لەو شێوەیە...

بۆ عێراقیش هەر بەو جۆرە :

چیی لێدەکرێ بکرێ، بەڵام سەربەخۆیی هەرێمە شیعیەکەی مسۆگەربێ و نەخرێتەوە بندەستی کۆنە بەعسی و تازە داعش...

ئا بەم جۆرە، پێم وایە ئێران خۆیشی هەر بەتەمای ئەوەیە (یەك تۆز عێراق و یەك تۆز سوریا) چونکە دەزانێ سەلامەتی و یەکپارچەیی تاسەر، لەچارەی هیچ کام لەدو جگەرگۆشەکەی نەنوسراوە، دەزانێ حاڵی هیچیان لەحاڵی ئەوی تریان باشتر نییە تا ئومێدی بەدەربازبونی هەبێ و دانەکەی تریان بکا بەقوربانی، بۆیە چارەسەری عاقڵانە هەر ئەوەیە (تۆزێ لەم و تۆزێ لەو)، ئەمەش داوایەکی قورس نییە، ئەمریکا دەتوانێ جێبەجێی بکاو دەبێ هەر وایش بکا (ئەگەر شەریکە گەمەکانی دەست نەهێننە رێی) چونکە چارەسەری ریشەیی نە لەسوریا نە لەعێراق بەو ئاسانییە بەدەستەوە نایە، بەتایبەتی لەماوەی کورتدا.

١٣ / ١٠ / ٢٠١٤

................

## دو گێمی یەك یاری

لەیەك کاتدا، بەتەنیشتی یەکەوە، دو روداو:

یەك: بەڕێوەچونی دانوستانی نێوان ئێران و سەری ئەوسەر (ئەمریکاو ڕۆژئاوا) دەربارەی توانا ئەتۆمیەکانی ئێران.

دو: سەرهەڵدانەوەی جەولەی چڕوپڕی شەڕ لەنێوان داعش و حکومەتی بەغدا لەئەنبار (پاش چەند هەفتە خۆلادانی داعش لەشەڕی حکومەتی بەغدا).

هەر بەتەنیشتی ئەم دو روداوەوە دو قسەی زەق لەئەمریکاوە:

یەك: ئەمە دوایین مۆڵەتە بۆ ئێران بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی توانا ئەتۆمیەکانیەوە.

دو: داعش بەئاشكرا لەئەنبار خۆی دەردەخاو دێ و دەچێ، داعش زۆری بۆ عێراق هێناوە، داعش لەسەدا هەشتای ئەنباری بەدەستەوەیەو نیازی بەغدای هەیە، داعش... هتد.

.................

ئایا ئەم دو روداوە بەتەنیشتی یەکەوە، لەبەر رۆشنایی ئەو شێوازی قسەکردنەی ئەمریکادا کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، ئەوە دەرناخا کە هەردو روداوەکە، دو گێمی یەك یارین لەنێوان هەردو یاریچیی ناوبراودا (ئێران / ئەمریکا)؟ ئەی ئەوە دەرناخا کە: ئەگەر دانوستانەکانی نێوان (ئێران / ئەمریکا: رۆژئاوا) لەبارەی توانا ئەتۆمیەکانی ئێرانەوە، شکست بهێنێ، رەنگە بەدوای ئەنباردا بەغداش بکەوێتە بەر پەلاماری داعش و شکست بهێنێ؟

من دەڵێم: با...

١٦ / ١٠ / ٢٠١٤

....................

## گێمی تازەی یاریەکە لەبەغدا

لەچوار مانگی رابردودا (لە ٩ ی حوزەیران بەدواوە) کەسێ بەوردی سەرنجی رەوتی ئەم یارییە خوێناوییەی دابێ کە لەعێراق و سوریا بەڕێوە دەچێ دەزانێ کە:

کاتێ ئێران و ئەمریکا لەگفتوگۆ ژێربەژێرەکانی نێوانیاندا گەیشتبنە خاڵێکی هاوبەش، ئەوا یارییەکە خاوتر بۆتەوە، بەڵام کە لەیەکتر دورکەوتبنەوە ئەوا یارییەکە لەچاوتروکانێکدا تاوی سەندۆتەوەو لەیەك گێمدا چەندین گۆڵی خوێناویی تێدا کراوە.

بەپێی رەوتی ئێستای یاریەکەبێ، ئێران و ئەمریکا لەم دەقیقەیەدا زۆر لەیەکتر دورن:

ئەوەتا دەبینین تورکیا رەزامەندیی پیشاندا هاوپەیمانان بنکە سەربازیەکانی بەکار بێنن.

سعودییە، کەمێك پێش ئێستا لەڕێی وەزیری دەرەوەیەوە (لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی هاوبەشدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا) هاتە دەنگ و رایگەیاند: بەشار ئەسەد دەبێ بڕوخێ و نەمێنێتەوە.

ئێران هەڕەشە دەکاو دەڵێ دەستبردن بۆ ئەسەد ئاسان تێناپەڕێ.

داعش لەسەدا هەشتای ئەنباری کۆنترۆڵکردوەو لەشکری دە هەزار سەربازی دەخاتەڕێ بەرەو بەغدا.

ئەمریکا دەڵێ ئێمە نەبوینایە فڕۆکەخانەی بەغدا لەلایەن داعشەوە کۆترۆڵ کرابو....

چەند هەفتە لەمەوبەر روداوەکان بەم خێراییە نەدەگوزەران: تورکیا یاریەکەی لەکۆبانێدا مەحتەل دەکرد، سعودییە نوتقێکی وای نەبو، داعش لەکۆبانێ خۆی قەتیس کردبو، هەمویان چاوەڕوانی ئەوەبون ئێران و ئەمریکا ژێربەژێر بگەنە ئەنجامێك، بەڵام پێناچێ گەیشتبن.

لەم بەینەدا دەبێ ئێران لانیکەم لەئێستادا دەست لەیەکێك لەم دوانە (یان عێراق یان سوریا) هەڵگرێ، دەنا ناساندنی بەغدا وەکو پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) کاری ئەمڕۆو سبەینێیە.

ڕەنگە بۆ ئاسانتر بەڕێوەبردنی ئەم سیناریۆ تازەیە پێویست بەوە بکا دوبارە هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا بگیرێندرێنەوە یەك، بەڵام کورد لەم گەمەیەوە نەگلێ باشە...

۲۰۱٤ / ۱۰ / ۱۳

....................

## کارتی دەست

کارتی پشت قون

دوای ئەوەی سەرۆککۆماری عێراق بەفەرمی (عەبادی)ی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ و مالکی وردە وردە فسی دادا، ئەمریکا ناچاربو دەستی خۆی لەیاریی عێراقدا بگۆڕێ: کارتەکەی پێشوی (کە بریتی بو لەداعش) بکێشێتەوە، یاری بەکارتێکیتر بکا.
داعشیش لەولاوە (ڕەنگە بەڕاوێژ لەگەڵ وڵاتانی دۆستی) دەستی خۆی لەم گێمە تازەیەی یاریەکەدا گۆڕی:

لەهەندێ شوێن بەقونەشەڕو لەهەندێ شوێن بەبێ شەڕ، دەستی کرد بەکێشانەوەی (ئەرکان و عەناسیر)ە ناعێراقیەکانی (تووەکەی !) بەرەو دەرەوەی عێراق، مەیدانی ململانێکەی سپارد بە (عەناسیر)ە عێراقیەکانی (بەڵام بەدەمامکی دوەمیەوە: المجلس العسكري للثوار

العراقيين)، بێگومان پێشتریش (لەگەڵ داگیرکردنی موسڵدا) ئەم دەمامکەی دوەمیمان کەوتە بەرچاو: بەتەنیشتی دەمامکە رەشەکەیەوە دەدواو ئامۆژگاریی بڵاو دەکردەوەو زەمینەی مانەوەی بۆ دەمامکە رەشەکە دەسازاند.

ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەمەیە:

یەکەم - پڕچەککردنی (یان چەکدارکردنی) هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان (راستبێ یان درۆ، بەتەواویبێ یان بەنیوەوناچڵ) کارتی بەدیلە، ئەو کارتی فشارەیە کە ئێستا ئەمریکا (لەجیاتیی کارتەکەی پێشوی) لەڕوی شیعەدا دەریهێناوەو یاریی پێدەکا (تا هەر کاتێ کە بۆ یاری دەست بدا)، بەڵام بەو مانایە نا کە گەلی کوردستان لەڕێی ئەوەدا نییە هیچ قازانجێ لەم گێمەی یارییەکەدا بکا: ئەگەر شیعە لەخەیاڵی گێڕانەوەی وڵاتدا نەبێ بۆ پێش دەرکەوتنی داعش لەموسڵ و رازیبێ بەدروستبونی هەرێمی سوننەو دامەزراندنەوەی وڵات لەسەر بنەمایەکی سیاسیی نوێ، ئەوا قازانجی کورد بریتی دەبێ لە / درێژەدان بەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی لەچوارچێوەی عێراقێکی باشتردا (پێم وایە ئەمریکا /ئێستا/ ئەمەیانی دەوێ).. خۆ ئەگەر شیعە سوربێ لەسەر نەهجی پێشوی، ئەوا لەوانەیە قازانجی کورد (ئەگەرچی رەنگە هەندێکەس بەقازانجی نەزانن) زۆر زیاتربێ (بگاتە جیابونەوە)...

دوەم - ئەمریکا کارتی یەکەمی (واتە: داعش) فڕێ نەداوەتە تەنەکەی خۆڵەوە، تەنها لەپشتی قونیەوە شاردویەتیەوە...

٢١ / ٨ / ٢٠١٤

..................

## پاش شنگال

پاش (شنگال) وەکو پاش (موسڵ)ە، قۆناغێکی نوێیە بەدوای قۆناغێکی لەوەوبەردا.

گرنگترین دەرکەوتەی ئەم قۆناغە نوێیە:

-هاتنەدەرەوەی ڕەشمارەکە (داعش) لەکون، بۆ ژێر ئاسمان، لەشارێکی گەورەی پڕ لەخەڵکی سڤیل و قەڵای قایمی شەڕ (موسڵ) کە ڕێگربو لەبەردەم گورزی فڕۆکەدا بۆ سەری، بۆ ناوچەگەلی کەمقەڵاو کەمنفوستر (شنگال و مەخمور) کە باشترن بۆ ئەو کارە!

-بەشداریی ئەمریکا لەڕێی ڕاوێژکاری ئەمنی و سەربازی و هێزی ئاسمانییەوە لەکوتانی داعشدا (بۆ یەکەمجار)، لەوەتەی داعش داعشەو لەسوریاو عێراق دەجەنگێ!

-ئاوارەبونی خەڵکی سڤیلی هەرێمی کوردستان (بۆ یەکەمجار بەژمارەیەکی زۆر) لەئەنجامی شەڕەکەدا: لەشنگال و مەخمور.

-بەشداریی گەریلای یەکەکەو پەیدە وەکو هەر پێشمەرگەیەکی یەکێتی و پارتی لەڕوبەڕوبونەوەی داعشدا، لەناو خاکی هەرێمی کوردستان، بەبێ پیشاندانی هیچ جۆرە تەحەفوزێك لەلایەن سەرۆك و سکرتێرە گشتیەکانی کوردەوە، یان لەلایەن وڵاتانی ئیقلیمی و هیترەوە.

-پەرەسەندنی دڵەڕاوکێ و ناڕۆشنیی زیاتر لەلای خەڵکی عێراق و کوردستان بەرامبەر بەسیاسەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و سیاسەت و چارەنوسی: کورد، سوننە، شیعە.

رەنگە حاڵی حازر ئاسان نەبێ ساغبکرێتەوە کە ئایا ئەم دەرکەوتە تازانە:

دەرەنجامی خیانەتی (کورد / سوننە)یە لەیەکترو سەرەتای خۆکێشانەوەیانە لەگەڵەکۆمەکێکەی دو مانگ لەمەوبەر بۆ سەر شیعە کە بەئامانجی لابردنی مالکی پێکیانهێنابو، یان دەرەنجامی رێکەوتنێکی ژێربەژێری نێوانیانە بۆ فراوانترکردنی گەڵەکۆمەکێکە بەئامانجی خێراکردنی هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و زوتر دورخستنەوەی مالکی (کە ئەمەیان بەدور دەزانم)، یان دەرەنجامی بێئاگایی هەردولایانە لەسیاسەتی وڵاتانی ناوچەکەو دنیا؟ بەڵام حەتمەن دەرەنجامی یەکێکە لەو شتانە، نەك دەرەنجامی سیاسەتی سەربەخۆی داعش، چونکە داعش هێزێك نییە خاوەنی ئەجێندای تایبەت بەخۆیبێ و

بتوانێ (بەبێ کەڵکوەرگرتن و خۆئالاندن لەئەجێندای سوننەو ئەجێندای کورد، یان بەبێ هاوکاریی وڵاتانی ئیقلیمی و هینیتر) گۆبەنگی گەورە بنێتەوەو لەڕووبەرێکی جوگرافیی وەها فراواندا هەڵسوڕێ کە ئێستا تیایدا هەڵدەسوڕێ.

هەر دروستبون و خۆڕاوەشاندنی داعش بەو هەمو چەك و جبەخانەو پارەو پولەوە، لەو ماوە کورتەدا کە مەگەر تەنها قارچکی تیا هەڵبتۆقێ، دەریدەخا کە ئیشەکەی بریتییە لەقۆنتەراتکردنی ئەجێندای ئەم و ئەو، ئەگەر بریتی نەبێ لە: لەخۆگردکردنەوەو بەکوشتدانی ئیسلامییە توندڕەوەکانی جیهانی ئیسلامی (تەنها لەپێناوی بەکوشتدانیاندا) بەپێی پلانی زەعیمەکەی!

٢٠١٤ / ٨ / ٩

......................

## عێراقی پێش و پاش موسڵ

## عێراقی پێش و پاش شنگال

چوار - پێنج رۆژ دوای تەسلیمکردنی موسڵ بەداعش، واتە: نزیکەی دو مانگ بەر لەهەوڵی داعش بۆ داگیرکردنی شنگال، لەکۆتایی کورتە مەقالێکدا نوسیم:

باشترە وا بەپەلە بیر لەخێری ئەم شەڕە نەکەینەوە، ئەگەر بیریشی لێدەکەینەوە بیرێکی زۆر وردی لێبکەینەوە، وای بۆ بچین یەکەم خێری مسۆگەری بۆ ئێمە (ئەگەر مسۆگەربێ) ئەوەیە: خۆمان لەئاگرەکەی بپارێزین.

هەروەها نوسیم:

ئەوەندەی تا ئێستا لەهەردو عەرەبەکە دەرکەوتوە، ساغبۆتەوە: نیشتیمان و خوێنی کورد (بەلای هەردوکیانەوە)ماڵێکی موباحە،

بەدوری مەزانن لەسەر بنەمای بەشکردنی ئەو ماڵە موباحە شەڕی نێوان خۆیان کۆتایی پێبێنن (هەر بەهەڵهەڵەو چەپڵەتەقاندن، وەك چۆن بەهەڵهەڵەو چەپڵەتەقاندن هەڵیانگیرساند)، سەرەنجام هەریەکەیان لەلایەکەوە پەڕ لەئێمە بگرن!

ئێستاش، دوای ئەوەی خاکی پیرۆزی شنگال کەوتە ژێر پێی داعشەوە، گومانەکەی دو مانگ لەوەوبەرم لەلا تۆختر بۆتەوە: وای بۆ دەچم هەماهەنگییەك لەنێوانی سوننەو شیعە، یان لەنێوانی خودی سەرانی سوننە، (بەچاودێریی وڵاتانی ئیقلیمی) لەئارادابێ بۆ لێکگرێدانەوەی خاکی عێراق و پاراستنی یەکپارچەییەکەی پێشوی، بەچاوپۆشی لەخواستی سەربەخۆخوازیانەی کورد.. چۆن؟

وەڵام:

بێگومان هەمومان دەزانین عەرەبی عێراق، بەسوننەو شیعەیەوە، لەهیچدا یەکڕا نەبن، لەوەدا یەکڕان کە پێویستە (یەکپارچەیی خاکی عێراق !) بپارێزێ...

دەی ئەگەر وابێ، چی لەوە ئاسانترە بێن پێکەوە (هەر یەکە لەشوێنی خۆیانەوە) شەڕەکە ببەنە بەر دەرگای کورد، سوننە (بەدەمامکی داعشەوە) لەسنوری خۆیەوە، شیعەش لەهەر شوێنێکەوە کە دەستی بگا (بەناوی بەرپەرچدانەوەی داعشەوە)، بەو شێوەیە کوردستان لەچەندین لاوە دوچاری شەڕێکی ناگەهان بکەن، سەری لێبشێوێنن، نەهێڵن

بپیەرژێتە سەر بیری سەربەخۆخوازی، وای لێبکەن دەرەقەت نەیەت بەجارێ هەم شەڕی داعش بکا، هەم شەڕی پاراستنی ناوچە تازە ئازادکراوەکانی، واقعێکی تازە بخوڵقێ، وەکو ئەوەی (دوای موسڵ) بۆ ئێمە خوڵقا: سوپای عیراق فرسەتی بۆ بڕەخسێ بێتەوە شوێنەکانی پێشوی خۆی، ئەوسا سەرۆکوەزیری عێراق (هەر شیعەیەکبێ !) وەکو دو مانگ لەمەوبەری ئێمە، گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا ببەستێتەوە بەو واقعە تازەیەوەو بڵێ: پێویستە هەمو لایەك ئەوە بزانن کە:
عێراقی پاش شنگال، عێراقی پێش شنگال نییە!

٦ / ٨ / ٢٠١٤

…………………

## رۆڵی رابەر لەناو پرۆسەی تەوافوقدا

هەمومان بیرمانە (زۆری بەسەردا تێنەپەڕیوە ):

دوای روخانی رژێمی بەعس (دیموکراتیەتی تەوافوقی) دروشمی سەر زاری زۆربەبو بەتایبەتی ئەمریکیەکان. ئەم پرەنسیپە جگە لەوەی کۆمەڵێ روکنی تایبەت بەخۆیی هەیە، پێویستی بەڕابەرانێکی کردە هەیە دەرەقەتی چەسپاندنی بێن، خودی (لیبهارت) لەکتێبەکەیدا (الديمقراطية التوافقية في مجتمع متعدد) ئاماژەی بۆ بایەخی ئەو جۆرە رابەرانە کردوەو ناوی ناون (ئەندازیارانی تەوافوق ).

بەڵام ئایا (ئێستاو ئەوساش) لەناو ئۆرگانە گرنگەکانی دەوڵەتی عێراقدا: (پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتیی کۆمار) جگە لەشەخسی (مام جەلال) چەند دانە رابەری لەو جۆرە هەبو؟ ئەگەر هەبون، کوان؟ بۆ دوای مام جەلال نوزەیان لەبەر براوەو بزرن؟ ئەی

پێشتر (لەکاتی حزوری مام جەلالدا) چ رۆڵێکیان هەبو، ئەگەر هەبون و بەشداربون لەسەرخستنی هەوڵەکانی مام جەلالدا؟ گومان پاڵم پێوە دەنێ بڵێم:

خودی مالکی خواخوای رۆژێکی بو (مام جەلال) بەهەر شێوەیەکبێ (نەخۆشی، مردن، دەستکێشانەوە) لەناو پرۆسەکەدا نەمێنێ، تەنیا خۆی بمێنێتەوە، تا ئاخری عێراق بەرەو رۆژێکی وەکو ئەمڕۆ لێبخورێ: بەیەکجاری سوار سەری شیعە ببێ وەکو (قائد الضرورة)کەی جارانی سوننە، تەنگیش بەهەرێمی کوردستان هەڵچنێ بەو هیوایەی بەیەکجاری هەڵیخزێنێ بۆ ژێر باڵی خۆی. بێگومان رەنگە تاڕادەیەك توانیبێتی پێشبینیی دەرەنجامی جموجوڵەکانی خۆی لەناوخۆی شیعەدا بکا چونکە لەخوێنی خۆین و دەیانناسێ و دەزانێ چۆن بیانچەمێنێتەوە، بەڵام پێناچێ بیری بۆ ئەوە چوبێ کورد توانای خۆڕاوەشاندن و هەڕەشەی لەجۆری ئەمەی ئێستای هەیە کە دەیکا (لەگەڵ دەسخۆشیی زۆرم بۆ هەمو خۆڕاوەشاندن و هەڕەشەیەکی خەڵکی کوردستان لەئاست مالکی و کەسی وەکو مالکیدا).

پرسیارەکە ئەوەیە:

تۆ بڵێی مالکی لەم دۆخەی ئێستادا حەز بەدەرکەوتنی (مام جەلال)ێکی تر بکا بەتەنیشتیەوەو خوازیاربێ دۆخەکە بچێتەوە شوێنی پێشوی

خۆی؟

گومانم هەیە!

(مالكی)یەك ئەوەندە زۆڵبێ بتوانێ تەنانەت بیر لەوە بكاتەوە لەڕوی فیكری و تیۆرییەوە زەمینە بۆ سەرخستنی سیاسەتی خۆی بسازێنێ: چەندین ئەكادیمی راسپێری لەبارەی بایەخی (دیموكراتیەتی زۆرینە) و بێبایەخیی (دیموكراتیی تەوافوقی)یەوە ماستەرنامەو دكتۆرا بنوسن (هەر رێك لەرۆژگاری حزوری مام جەلالیشدا !) كە مەگەر تەنها (صدام حسین) ئەوەندە زۆڵ و بەپێچ و پەنا بوبێ، دەبێ ئێستا حەز بەچەسپاندنی (دیموكراتیەتی تەوافوقی) و دەركەوتنی رابەری گەورەی تەوافوقی بكا، لەكاتێكدا توانیویەتی بەتەواوی سوار سەری شیعە ببێ، وەكو (قائد الضرورة) درێژە بەدەسەڵاتدارێتیی خۆی بداو بەردەوامبێ لەسەر پاسكردنی بەرژەوەندیەكانی خۆی و دەستەكەی پشتی؟!

٢٠١٤ / ٧ / ١٣

.......................

## ئاستی خزمەتگوزاری پاش راپەڕین

هیچ گومانی تیا نییە گرنگترین ئەرکەکانی کۆمەڵگا بەخەڵك و حکومەتیەوە، بەکەرتی گشتی و کەرتی تایبەتیەوە، بریتیە لەپەرەپێدان و باشترکردنی کەرت و چالاکییە جۆراوجۆرەکان، لەوانە: کشتوکاڵ، رێگاوبان، پیشەسازیی لۆکاڵی، وزە، تەندروستی، پەروەردە و هتد...

لەهەرێمی کوردستاندا هەندێ لەو کەرت و چالاکیانە گەشەیان پێدراوە، هەندێکیشیان زۆر پشتگوێ خراون، بۆ نمونە کشتوکاڵ، جا نازانم بەهۆی ئەوەوەیە کە خەڵك سەرچاوەی بژێویی باشتری هەیە، تاقەتی خۆخەریککردنی نەماوە بەکشتوکاڵەوە، یان بەهۆی قورسی، کەمقازانجی و شکستی بەروبومی خۆماڵییەوەیە لەئاست بەروبومی بیانیدا؟ ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندیی بەتەممەڵیی خەڵکەوە هەبێ و لەوەوەبێ کە هەمو بونەتە مەعاشخۆری حکومەت و حەوسەڵەی کشتوکاڵکردنیان نەماوە، ئەوە دەبێ روی قسە ( بەپلەی یەکەم ) بکرێتە

خەڵکەکە خۆیان، بەبیریان بهێنرێتەوە کە نەکەن بەیەکجاری پشت بکەنە زەوی ! بەڵکو هەرچۆنێ بوە هەوڵ بدەن بەیەکجاری واز لەپیشە ئەسڵیەکەیان نەهێنن، بەشێکی کەم، یان لەکەم کەم و زیاتری بژێویی خۆیان لەوێوە دابینکەن، حکومەتیش پشتگیریی تەواویان بکات، سولفەی تایبەتیی بێبەرامبەریان بداتێ، ئامرازو کەلوپەلی پێویستیان بۆ دابینکات.. خۆ ئەگەر حکومەت خۆی حەزی کردبێ کشتوکاڵ بەو ئاقارە خراپەدا بڕوات کە ڕۆیشتوە، پێی وابوبێ نەوت لەبری کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، ڕاوەماسی و هەمو شتێکی تریشە، نەوت هەمومان دەژێنێ، پێویستمان بەکشتوکاڵ نییە، ئەوە مایەی نیگەرانییەکی گەورەیە، چونکە کشتوکاڵکردن تەنها بۆ دابینکردنی قازانجی دارایی نییە، بەڵکو بۆ دابینکردنی قازانجی مەعنەوییشە، بۆ دابینکردنی ئاسایشی مرۆڤ و زەوی و هەوایشە، بۆیە مایەی نیگەرانییەکی گەورەیە ئەگەر حکومەت خۆی، بەو ناوە گەورەیەی خۆیەوە، کەوتبێتە هەڵەیەکی وەهاوە حسابی کشتوکاڵی تەنها لەڕوی قازانجی داراییەوە لێکدابێتەوە، لەکاتێکدا نە لەزەویی کەمە، نە لەجوتیارو نە لەناوی گەورە!

پشتگوێخستنی کەرتی کشتوکاڵ بەلایەك، ڕەنگە پاساوێك هەبێ بۆ ئەوە، بەڵام هیچ پاساوێك شك نابەم بۆ ئەو هەمو کۆڵەوارییەی

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئاست کەرتی تەندروستی و کارەبا و پەروەردەدا!

بیست و سێ ساڵە خۆمان گەورەو فەرمانڕەوای مەملەکەتی خۆمانین، دە ساڵە خاوەنی بودجەیەکی زەبەلاحی ساڵانەین کە لەبەغداوە دابین دەکرێ، خاوەنی ئاسایش و سومعەیەکی باشی سیاسیین لەناو کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا، یەك دنیا سەفارەتخانەی وڵاتان لەپایتەختی هەرێمەکەماندان، نوێنەرایەتیمان لەچەندین وڵاتی دنیا هەیە، ئەو هەمو پێویستییەمان بەدامودەزگای پزیشکیی باش و کارەباو مەکتەب و زانست هەیە، کەچی هێشتا خەڵك بۆ چارەسەری نەخۆشییەکی کەمێك نارۆشن یان کەمێك ئاڵۆز دەبێ بڕۆنە ئێران و ئوردن و ئەڵمانیا ! بۆ پڕکردنەوەی کاتەکانی شەو و رۆژیان بەکارەبا، پێویستیان بەموەلیدەی ئەهلی هەیە، بۆ دابینکردنی خوێندنێکی گونجاو بۆ مناڵەکانیان کە عومری مناڵەکانیانی تێدا بەفیڕۆ نەچێ، پێویستیان بەمامۆستای تورك و فەرەنسی و لوبنانی و ئینگلیزو مەکتەبی ئەهلیی ئەوان هەیە!

ئەوانە هەمو کەموکوڕین، بەڵام کەموکوڕی نین لەئەسڵی فیکرەی ئازادی، ئەسڵی فیکرەی راپەڕین، ئەسڵی خەونی ئازادیخوازانەی مرۆڤی کورددا، بەڵکو کەموکوڕین لەسیاقێکی مێژویی _ کۆمەڵایەتی _ سیاسیدا کە زۆربەی شۆڕش و راپەڕینەکانی دنیاش تێیکەوتون، جا یان لەکۆتاییدا لەرێی ریفۆرمی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و

کشتوکاڵییەوە لێی دەربازبون، یان پلەی باکێکیان بەشۆڕش و ڕاپەڕینەکە کردۆتەوە، لەکوێدا لێی حاڵی نەبون و بەسەریدا تێپەڕیون لەوێدا دەستیان بەلێدانەوەی کردۆتەوە.

٢٠١٤ / ٣ / ١٣

...................

## ژیانی ژن لەدوای راپەڕین

لەپاش راپەڕینەوە لەهەرێمی کوردستانی عیراقدا دو جۆر ژن هەن:

١ - ژنی شارەدێنشین و دێنشین ( ئەگەرچی رێژەی دێنشین و ژنی دێنشین لەهەرێمی کوردستاندا زۆر کەمی کردوە)

٢ - ژنی شارنشین

لەشارو لەلادێشدا دو جۆرە ژنەکە دابەشبونەتەوە بەسەر دو جۆری تردا:

١ - ژنی خوێندەوار

٢ - ژنی نەخوێندەوار

ژنی نەخوێندەوار لەشاربێ یان لەشارەدێ، ژنی ماڵەوەیە، هیچ جۆرە کارێکی نییە، مەگەر تەشی رستن و کڵاش چنین و خەیاتی ( ئەگەر مابن).

لەناو ژنانی خوێندەواریشدا کە پێم وایە زۆرینەی ژنانی گوندو شاری هەرێمی کوردستانیان لێ پێکدێ، دیسان دو جۆر ژن هەن:

١ - ژنی بێکار ( ژنی ماڵ)

٢ - ژنی کاردار ( کارمەند لەدامودەزگای حکومی و حیزبی، یان لەسوپەر مارکێت و کۆمپانیاو شتی وادا ).

ئەوەی من دیومە ئەوەیە: ژنانی شارنشین و کاردار، ژیان و بەختیان لەهەمو ژنەکانی تر باشترە، موچەیان هەیە، هەندێکیان پاشەکەوتیشیان هەیە و بەپاشەکەوتەکەیان لەزانکۆ ئەهلیەکان دوبارە تێهەڵدەچنەوەو دەخوێندن، ئەوانەشیان کە تا ئاستی ناوەندی خوێندویانەو کارێکیان بەو بڕوانامەیە دەستکەوتوە، دەست دەکەنەوە بەتەواوکردنی خوێندن لەئامادەییە پیشەییەکان.

لەناو دو جۆر ژنە ( کاردار / بێکار )ەکەشدا کە دابەشبون بەسەر شارو شارۆچکەو شارەدێی کوردستاندا، دو جۆر کەلتور هەیە:

١ - کەلتورێکی سوننەتی کە تێکهەڵکێشە لەگەڵ بیروبڕوای ئاینی.

٢ - کەلتورێکی کراوەی مەدەنی.

کەلتورە مەدەنیەکە بەشێوەیەکی سەرەکی لەناو ژنانی شاردا رەگی داکوتاوە، بەڵام لەلادێشدا ژنی کراوەو مەدەنی هەن، ئەگەر ژینگە کۆمەڵایەتیەکە رێگەیان بدات وەها دەربکەون کە خۆیان پێیان خۆشەو بڕوایان پێیەتی.

ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە:

ئازاری ژن لەم دابەشبونەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام خۆ ئەم دابەشبونە بەسەر ئەو هەمو جۆرو پێڕەدا، هەموی هەر بەهۆی کەمتەرخەمی و ویست و نەخشەو پلانی دەسەڵاتەوە نەبوە، بەڵکو بەپلەی یەکەم بەهۆی هەلومەرجی مێژویی و سیاقە کۆمەڵایەتیەکەی کۆمەڵگابوە.

پرسیارەکە ئەوەیە:

ئایا دەتوانرێ ئەم جیاوازییە زۆرەی نێوان ژنان هەڵبوەشێنرێتەوە؟ ئایا دەسەڵاتی کوردی لەناو ئەو هەمو گرفتاریانەدا کە تێی کەوتوە، دەیپەرژێتە سەر ئەوەی بەجیا بیر لەچارەسەرکردنی دۆخی ژن بکاتەوە، لەناو ستراتیژی گشتیی خۆیدا، حسابی تایبەتی بۆ ژن بکات، بەرنامە دابنێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەمو جیاوازییەی نێوانیان؟ ئەی ئایا لەهەڵوەشاندنەوەی کام جیاوازییانەوە دەست پێ بکات: جیاوازیی کەلتوری یان جیاوازیی ئاستی بژێوی و خوێندەواری؟

بەبڕوای من: دەسەڵات لەهیچ شوێنێکی دنیا ناتوانێ بەئاسانی دەست بۆ کەلتوری کۆمەڵگە ببات، بەڵکو تەنها دەتوانێ بیر لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانە بکاتەوە کە پەیوەندییان بەخوێندن، تەندروستی، ئاسایش، کار، ئاستی بژێوی، و مادییاتی ژیانی مرۆڤەوە هەیە، ئەگەر دەسەڵاتی کوردی بتوانێ لەم راستایەدا کارابێ ئەوا کۆمەڵگاش وردە وردەو

خۆبەخۆ بەرەو پێشەوە دەچێ: ژیانی ژن و پیاو وەکو یەك بەرەو سەر هەڵدەکشێ لەسەر ئاستی مادی و مەعنەوی و فەرهەنگی...

بەکورتی:

بۆ باشکردنی هەلومەرجی ژیانی ژن لەهەرێمی کوردستاندا، پێویستە کەلتورێك لەڕیشەوە بگۆڕدرێت کە ئەوە تەنها ئیشی دەسەڵات نییەو بەو ناکرێ، بەڵام دەسەڵات دەتوانێ لێبڕاوانەتر ئەرکی سازاندنی زەمینە مادیەکەی ئەو ئاڵوگۆڕە کەلتورییە لەئەستۆی خۆی بگرێ، هەروەها دەتوانێ لەم ئەرکەدا بەتوندی دەسەڵاتی دادوەری بهێنێتە پشتی خۆیەوە، چونکە بەشێکی زۆری نەهامەتیەکانی ژن ئەوانەن کە کەسوکارەکانیان دەیانهێننە رێیان و دەکرێ لەڕێی دادگاو ئاسایشەوە بەباشی بەری پێ بگیرێ.

٢٠١٤ / ٣ / ١٣

.......................

# ڕۆژژمێر

لەژێر ئەم ناونیشانەدا (ڕۆژژمێر) هەندێ کورتە ڕوداو کە کاتی خۆی تۆمارمکردون، هەروەها بۆچونی خۆم لەبارەیانەوە زۆر بەکورتی، بەبەروارەکانیانەوە، دەخەمەڕو:

ئەگەر (خەونی کورد) لەکوردستانی عێراق، لەسەر دەستی ئەو سیاسیە کوردە موخەزرەمانە نەیەتەدی کە سەرکردایەتیی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیان لەهەردو قۆناغەکەدا (قۆناغی دیکتاتۆریەتی بەعس و دوای ئەو) کردو تا ئێستا لەژیاندان، ئەوا ڕەنگە پێویستمان بەشۆڕشێکیتربێ دو قۆناغ پێکەوە گرێ بدا (قۆناغی لەبارچونی خەونەکەو دوای ئەو) تا سەرکردەی دیکەی موخەزرەم بێنە ئارا، متمانەی گەل بەدەست بێنن، بەناوی گەلەوەو بەپاڵپشتیی گەل بەشداری

بکەن لەدۆزینەوەی چارەسەردا بەڕێگەچارەی دیپلۆماتی و غەیری دیپلۆماتی.

بەڵام درێژەدان بەڕێگەچارەی دیپلۆماتی، بەبێ پەڕینەوە بەشۆڕشیتردا، بۆ چەسپاندنی ئەوەی بەم سەرکردە موخەزرەمانەی ئێستا نەچەسپاوە، کارێکی چاوەڕوان نەکراوە لەداهاتودا، لەبەر چەندین هۆکاری بابەتی.

ئەم قسەیە، دەربارەی هەر بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازیی تریش دروستە، باشترین نمونە بۆ ئەمە دۆزی فەلەستینە کەوا بەردەوام لەنێوان شۆڕشی یەکبەدوای یەکدا لەخولانەوەدایە.

بۆیە زۆر گرنگە چارەسەر لەعێراقدا هەڵنەگیرێ بۆ قۆناغگەلی داهاتو.

٨ / ١١ / ٢٠١٤

....................

# گومانخستنە سەر ئەردۆگان

گومانخستنە سەر ئەردۆگان و دیموکراتیەتی ئەردۆگانی و ئیسلامی تورکی، لەهەرێمی کوردستانی عێراق، تا یەك رۆژ پێش داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، کارێکی زەحمەتبو، بەجارێ دەیخستیتە بەر لێشاوی سەرزەنشتی چەندین لایەن و گروپی ناوخۆیی.

بەڵام دوای (موسڵ) وردە وردە روی راستەقینەی ئەردۆگان و دیموکراتیەتی ئەردۆگانی و ئیسلامی تورکی بۆ هەمو لایەك ئاشکرابو.

ئێستا ئیتر رەخنەگرتن لەئەردۆگان و دیموکراتیەتە ئیسلامیەکەی و ئیسلامی تورکی بەگشتی، کارێکی ئەوەندە

زەحمەت نییە، تەنانەت لایەنە سیاسیەکانی هەرێم خۆیشیان بەشداریی تێدا دەکەن.

ئەمە یەکێکە لەدەسکەوتە گرنگەکانی ئەم هەلومەرجە تازەیە بۆ کورد (لەهەرێمی کوردستانی عێراق)، هەروەها بۆ هەر کوردێکی تریش لەهەر شوێنێ کە تا ئێستا نەتوانیبێ بۆچونی خۆی لەبارەی تورکیای ئەردۆگانییەوە یەکلایی بکاتەوە.

٥ / ١١ / ٢٠١٤

....................

## بەشداریی ژن

بۆ ئەوەی بزانی کۆمەڵگەیەك چەند ئازادە، تەماشاکە بزانە ژنانی ئەو کۆمەڵگەیە چەند ئازادن، بۆ ئەوەی بزانی ژنانی کۆمەڵگەیەك چەند ئازادن، تەماشاکە بزانە بەشداریی ژن لەناو کایە جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا لە چ ئاستێکدایە، بۆ ئەوەی بزانی بەشداریی ژن لەکۆمەڵگەیەکدا لە چ ئاستێکدایە، تەماشاکە بزانە چارەنوسی ئەو کۆمەڵگەیە تا چەند پەیوەستە بەبەشداریی ژنەوە. بەم ئاقارەدا بڕۆ بزانە کۆبانێ چەند ئازادە، یان چەندی ماوە بۆ ئازادی...

٢٠١٤ / ١٠ / ٣٠

......................

## شەڕی نێوان گەریلاو داعش لەئامەد

پەیامنێری تەلەفزیۆنی سکای نیوز (عەرەبیەکەی) چەند دەقیقەیەك پێش ئێستا لە (دیاربەکر / ئامەد)ەوە رایگەیاند: کەمێك پێش ئێستا دو کوردیتر لەخەڵکی ئەو شارە کوژران (شەهیدبون)، بەمجۆرە ژمارەی قوربانیانی خۆپیشاندانەکانی ناو شارە کوردیەکانی تورکیا گەیشتە ٢٢ کەس، هەروەها وتی: هەر ئێستا گوێم لەدەسڕێژی گوللەیە... ئەو پەیامنێرە وتی: ئێستا لەدیاربەکر شەڕ لەنێوان گەریلاکانی پەکەکەو لایەنێکی ئیسلامیی توندڕەودا هەڵگیرساوە (کە لەداعشەوە نزیکن).

بەقسەی ئەو پەیامنێرە سوپای تورکیا ناچارە دەست لەهەردو لایان بکاتەوەو هەر وایشی کردوە (بێگومان درۆ دەکا).

.............

**خەڵكی ئازارچەشتوی كوردستان....**

توركیا بەوە داناكەوێ داعش بكاتە سەر كۆبانێ، وا خەریكە دەیكاتە سەر شارە كوردیەكانی كوردستانی باكوریش. دەوڵەتێكی لەمجۆرە، لەبەری سەرەوەی دهۆك و هەولێرو سلێمانی و كەركوك، نابێ جێگەی متمانەی خەڵك و حكومەتی هەرێمی كوردستانبێ، هەروەها هی هیچ كوردێكی تریش لەهەر جێیەك: كوردستان و ئەوروپاو.... هتد.

٢٠١٤ / ١٠ / ٨

..................

## هەواڵێکی خۆش...

پەنتاگۆن رایگەیاند: ئەمریکا (لەئێستادا) ملنادات بەداواکەی تورکیا بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام لەسەر سنوری تورکیا / سوریا، بەڵکو رێگەچارەی سەربازی دەگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی داعش لەناوچەکەدا...

بێگومان دەزانن: دروستکردنی ناوچەی ئارام ئەگەر روبدا، ئەوا دەبێ لەسەر ئێسك و پروسکی کانتۆنە کوردیەکەی ئەوێبێ، واتە دەبێ کانتۆنێ بڕوخێنرێ بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام (ئەویش لەژێر رکێف و چاودێریی تورکیادا).

خۆشبەختانە پەنتاگۆن دەڵێ (لەئێستادا) ئەو کارە ناکەین (رەنگە لەقۆناغێکیتردا بیکەین)، ناچار رێگەچارەی سەربازی دەگرینەبەر بۆ چارەسەرکردنی هەڕەشەی داعش.

٢٠١٤ / ١٠ / ٨

......................

## کورد و ئەرمەن

کاتی خۆی عوسمانیەکان بەناوی دینپەروەرییەوە کوردەکانی بندەستی خۆیانیان هەڵخەڵەتاند، سوارەی حەمیدییەیان لێپێکهێنان و کردنیان بەگژ گەلی ناموسوڵمانی ئەرمەندا، سەرەنجام: کوشت و بڕێکی وا رویدا تا ئێستاش لەویژدانی هەردو گەلدا (کورد و ئەرمەن) ئێشی هەیە. ئێستاش نەوەی هەر ئەو عوسمانیانە، دیسان بەناوی دینپەروەرییەوە، سوننەی عێراق و سوریاو شوێنانی تریان هەڵخەڵەتاندوە، کردویانن بەگژ کوردو شیعەدا لەسوریاو عێراق و... هتد (هەرچەندە زۆرینەی گەلی کورد، موسوڵمانی سوننەیەو شیعەش تایەفەیەکی موسوڵمانە) سەرەنجام: ئەنفالی شنگال، هەوڵی ئەنفالکردنی کۆبانێ، کوشت و بڕەکەی سبایکەر، کۆڕەو، سەربڕینی

رۆژنامەنوس و چەندین نەهامەتیی تری مرۆیی لێکەوتۆتەوە.

دین و سیاسەت کوجا مەرحەبا!

دین و باقیی رەگەزە پێکهێنەرەکانی نەتەوە (زمان، خاك، گەل و بەرژەوەندیی هاوبەش) کوجا مەرحەبا!

٢٠١٤ / ٩ / ٢٣

..............

## با بزانین عەبادی گوێ لەکێ دەگرێ

لەگفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا (بەداخەوە خۆم نەمدیوە، لەڕێی پێگەی ئەلیکترۆنیی /الصیاد/ ەوە هەواڵەکەیم کەوتە بەرچاو) نوسەرو بیرمەندی سیاسیی عێراقی (حەسەن عەلەوی) پێشنیاری کردوە: ئەگەر (حەیدەر عەبادی) دەیەوێ سەرۆکوەزیرایەتی بکاو وەکو (مالکی)یشی بەسەر نەیەت، تەنیا رێگەچارە لەبەردەمیدا ئەوەیە نەبێتە دادوەرو حاکم لەنێوان گروپ و رەوتە سیاسیە جیاوازەکاندا، بەڵکو ببێتە رێکخەری گشتی لەنێوانیاندا، چونکە ئەگەر وا نەکا ئەوا دەکەوێتە هەمان هەڵەی (مالکی)یەوە، دەبێ قەبوڵکا رێکخەری گشتییێ نەك حاکم، هەرچەندە رەنگە لەم حاڵەتەدا کوتلەکانی دەوروبەری ستەمکاری بنوێنن و بگوترێ سەرۆکوەزیر کەسێکی لاوازە، چش با پێی بگوترێ کەسێکی لاوازە !

عەلەوی وتویشیەتی: لەڕاستیدا حیکمەت و فەلسەفەی (دەستوری عێراقی) کە دەستەواژەی (سەرۆکوەزیر)ی گۆڕیوە بە (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران) ڕێك لەم شتەدایە!

لەبەرامبەر ئەم پێشنیارەی (عەلەوی)دا کەسانی نزیکی (عەبادی) هاتونەتە دەنگ و دەڵێن: عەبادییەك بەو هەمو ساڵ خەبات و دانایی و زاناییەوە چۆن بەپێشنیاری وەها رازی دەبێ!

هەروەها لەئێستاوە کەوتونەتە رەخنەگرتن لەسیاسەتی نەوتی هەرێم، لەتازەترین پێشهاتدا دەنگۆی (فرۆشتن و گەیشتنی کاروانێکی نەوتی هەرێم بۆ کرواتیا) دەوروژێنن، دەڵێن پێویستە حکومەتی هەرێم نیازپاکیی خۆی بەرامبەر حکومەتی تازەی عێراق پیشان بدا، پابەندبێ بەو چوارچێوە یاساییانەوە کە بۆ فرۆشتنی نەوت دیاریکراون ! دەشڵێن: کوتلەی دەوڵەتی قانون (کە عەبادی کاندیدیەتی) لەگەڵ کاندیدی ناوبراو ڕێکەوتوە ڕێگری لەسیاسەت و داخوازییە نا دەستوریەکانی کوتلەکان بکا !

من قسەیەکم نییە بیخەمە سەر ئەم باسە، جگە لەپشتگیری و دەربڕینی هاوڕایی بۆ (عەلەوی)... با بزانین عەبادی گوێ لەبیرمەندو نوسەرو کەسایەتییە جیاوازەکانی عێراقیش دەگرێ، یان تەنها لەحیزبی دەعوەو دەوڵەتی یاسا!

١٨ / ٨ / ٢٠١٤

## دەمامکی داعش

پاش سازاندنی ئەم فیتنە گەورە دینی و قەومییە (بەدەمامکی داعشەوە) کە بەئاشکرا جێدەستی وڵاتانی ئیقلیمی و زلهێزی پێوە دیارە، لەنێوانی پێکهاتەکانی عێراقدا (کورد، عەرەب، کلدوئاشوری، موسوڵمان، مەسیحی، سوننە، شیعە، ئێزدی ) و سورکردنی دەستی هەمویان بەخوێنی یەکتر، ئێستا ئیتر ئەمریکا پاساوی تەواوی دەسکەوتۆتەوە: هێزە سەربازیەکانی بگەڕێنیتەوە بۆ عیراق.. لەنزیکەوە ئاگای لەهەمو ناوچەکەبێ... بەقازانجی خۆی بەشداری لەیەکلایی کردنەوەی پێشهاتەکاندا بکا...

ئەمەش دەرەنجامی هەڵەی ستراتیژیی شیعەیە لەحکومڕانیکردنی عێراقدا کە بەجارێ عێراقیان خزاندە بندەستی ئێران...

٢٠١٤ / ٨ / ٩

.................

## کورد لەنێوان موزایەدەی شیعەو سوننە بەسەر یەکتردا

موزایەدەی شیعە بەسەر سوننەدا، هەروەها خۆدڵخۆشکردنی ئەم دواییانەی گەلی کوردستان بەوەی کوردو سوننە هاوچارەنوس و هاوبەرژەوەندن، تا کاتێکیتر کۆتایی هات.

لەدو مانگی رابردودا، نوخبەی سیاسیی شیعە، موزایەدەیەکی زۆری بەسەر نوخبەی سیاسیی سوننەدا کرد، گوایە سوننە (بەهۆی داعشاندنی موسڵەوە) گورزی گەورەی لەیەکپارچەیی خاکی عێراق داوەو فرسەتیشی داوەتە دەست کورد بیر لەسەربەخۆیی هەرێمەکەی بکاتەوە.

موزایەدەی شیعە بەسەر سوننەدا گەیشتە ئەوەی بەئاشکرا، بەبێ رەچاوکردنی دۆستایەتیی چەند ساڵەیان لەگەڵ کورد، بڵێن: ئێمەبوین تا ئێستا نەماندەهێشت مادەی ١٤٠ جێبەجێ ببێ و دەستمان دەهێنایە رێی پرۆژەی سیاسیی کورد لەعێراقدا، ئەگەرچی سوننە تا ئەو دەمە چەند بەرامبەری ئەوان دژایەتیی ئاشکرای کوردو بانگەشەی پاراستنی

(یەکپارچەیی خاکی عێراق)ی کردبو، چ لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، چ لەڕیزی تاقمە چەکدارە یاخیەکانیدا! دەستهەڵگرتنی داعش لەشەڕی سوپای مالکی و خۆتەرخانکردنی یەکجارەکیی چەند رۆژی رابردوی بۆ شەڕی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەقۆڵی موسڵ و شنگالەوە، بەکۆمەکی کوڕوکاڵی عەشیرەتە سونیەکان، تا ماوەیەکیتر کۆتایی هێنا بەموزایەدەی شیعە بەسەر سوننەو خۆشخەیاڵیی ئەم دواییانەی گەلی کوردستان بەرامبەر بەسوننە، چونکە گومانی ئەوەی هێنایەوە ئارا کە عەرەب (بەسوننەو شیعەیەوە) یەکڕایە لەسەر پاراستنی (یەکپارچەیی خاکی عێراق) و راپسکاندنەوەی ناوچە تازە ئازادکراوەکانی کوردستان لەدەستی پێشمەرگەو گەڕاندنەوەی هەرێمی کوردستان بۆ سەردەمی پێش (داعشاندنی موسڵ).

٨ / ٨ / ٢٠١٤

..................

## تەوافوق لەهەولێرو تەوافوق لەبەغدا

کاتی خۆی، بەرلەوەی لەبارەی دیموکراتیەتی تەوافوقییەوە بخوێنمەوەو بایەخی ئەو پرەنسپە لەچارەسەرکردنی کێشەی وڵاتانی فرەنەتەوەی وەکو عێراقدا دەرك پێبکەم، خراپ دەمڕوانییە چەمکی تەوافوق، تەنانەت دو ساڵێك لەمەوبەر لەپەخشنامەی فیستیڤاڵی گەلاوێژدا مەقالێکم بەعەرەبی نوسی، پێشنیاری ئەوەم تیاکردبو دەست لەم پرەنسیپی تەوافوقە هەڵبگرین و بگەڕێینەوە سەر دیموکراتیەتێکی راستەقینە، نەمدەزانی هەر جۆرێکی تری دیموکراتی جگە لەدیموکراتییەتی تەوافوقی، هەمان ئەو شتەیە کە مالکی خوازیاری چەسپاندنیەتی، بەڵام کە کتێبەکەی خودی (لیبهارت) و هەندێ تێزی دکتۆراو ماستەرنامەی عەرەبەکانم لەبارەی دیموکراتیەتی تەوافوقییەوە بینی، بیروڕام گۆڕا، بەتایبەتی پاش ئەوەی بینیم هەندێك لەئەکادیمییە عەرەبەکان (وەکو بڵێی لەسەر راسپاردەی مالکی)

دژایەتیی پرەنسپەکە دەکەن و راسپاردەی کۆتاییان ئەوەیە رەواج بۆ دیموکراتیەتی زۆرینە پەیدا بکەن، بەتایبەتی تریش پاش رەوشی ئێستای عێراق و موسڵ...

بێگومان داکۆکیکردنی من لەپرەنسیپی تەوافوق تەنها لەحاڵەتێکدایە ئەگەر کۆمەڵێ نەتەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فرەنەتەوەدا کۆبوبنەوەو رێگای جیابونەوەیان نەبێ، نەك لەچوارچێوەی وڵاتێکی یاخود کیانێکی یەك نەتەوەی وەکو هەرێمی کوردستاندا.. پرەنسیبی تەوافوق (ئەگەر لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا، یان لەچوارچێوەی وڵاتێکی یەك نەتەوەدا دەستی پێوە بگیرێ)، رەنگە ببێتە بەربەست لەرێی گەشەکردنی دیموکراتیدا، یان بۆ ئەوەبێ لایەنە سیاسیەکان کەموکورِیی یەکتری پێ داپۆشن، بەڵام لەسەر ئاستی عێراق زۆر هەڵەیە بیر لەوەلاوەنانی بکەینەوە، چونکە ئەوسا ئیتر عەرەب (بەتایبەتی شیعەکەی کە زۆرینەی وڵات پێك دێنن) فرسەتێکی پان و پۆرِیان دەکەوێتە دەست بەپێی یاسای زۆرینەو کەمینە هەمو نیازێکی خۆیان بسەپێنن بەسەر کوردو هەر کەمینەیەکی تری نەتەوەیی و مەزهەبیدا.

١٣ / ٧ / ٢٠١٤

..............

## عێراق یاریچی نییه، یاریگایه!

ئەوەی سەرەوە قسەی دیپلۆماتکارێکی ئەمریکییە لە (العربية الحدث)ەوە کردی، بەدوای ئەو رستەیەدا دەستیکرد بەبەهانە هێنانەوە بۆ بەشداریپێکردنی وڵاتە هەرێمیەکان (بەئێران و تورکیاو ئەوانی تریشەوە) لەچارەسەرکردنی کێشەی عێراقدا، لەهەموی سەرنجڕاکێشتر ئەوەبو زۆر بەڕونی پیشانیدا ئەوان (لەئەمریکا) کۆی روداوەکە نابەستنەوە تەنها بەداعشەوە، بەڵکو چاویان لێیە جگە لەداعش پاشماوەکانی رژێمی پێشو، لەپاڵ عەشایرێکی زۆری سوننەدا، بەشدارن لەسازاندنی دۆخەکەدا، بۆیە دەبێ روداوەکە بەپلەی یەکەم ببەسترێتەوە بەخەڵکە عەشایەرە عیراقیەکە خۆیەوە، ئەوانی لێبکرێ بەخاوەن نەك داعش، ئەوان بکرێنە بنەما بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە، رێگەچارەی دیپلۆماتی و سیاسی بگیرێتەبەرو داواکانیان بهێنرێتەدی.

کابرای دیپلۆماتکار وەکو بابەتێکی جیاوازی تێوەئاڵاو ناوی (داعش)ی لەکێشەی ئێستای عێراقدا هێنا، هەوڵیدا ئەوە بڵێ پێویستە داعش لەناو روداوەکاندا وەکو بابەتێکی کاتی تەماشا بکرێ، زۆر بەهەند هەڵنەگیرێ، پارێزێکیشی نەبو لەوەدا کە ئایا ئەمریکا دەست لەداعش بکاتەوەو لێی بدا یان نەء؟ وتی: ئەگەر (توانرا گرەنتیی پاراستنی گیانی خەڵکی عەشایەرو سڤیل بکرێ !) ئەوا لێیان بدرێ، بەڵام لەئێستادا کاری وا بەئاسانی بەدەستەوە نایەت، هۆکارەکەیشی ئەوەیە لایەنەکانی ناو نارەزایەتییە میللیەکە (عەشایەرەکان و هی تر !) لەگەڵ داعشدا تێکچرژاون بەسەر یەکدا، ئەمەش بەربەستە لەرێی ئەنجامدانی هەڵمەتی سەربازیدا بۆ سەر داعش!

کەواتە ئاو بێنین و دەست بشوێن:

تا ئێوارە ئێمە بڵێین داعش خواردینی و عێراق بو بەکەلاوەو (تیرۆرگا!)، ئەمریکیەکان وای نابینن!

خوا دەیزانێ، لەوانەیە واشبێ کە ئەمریکیەکان دەیڵێن: داعش تەنها بازرگانێکی کرێگرتەی واشنتۆن خۆیبێ، بۆ راپەڕاندن و گوژمپێدانی هەنگاوە سەرەتاییەکانی روداوەکە راسپێردرابێ و پاشان بکرێتە دەرەوەی یاریگاکە.

١٧ / ٦ / ٢٠١٤

.................

## سعودييه داواى ريفۆرمى دەستورى دەكا لەعێراقدا!

سەرنجى خەڵكى كوردستان رادەكێشم بۆ مەترسيدارى و نامۆيى هەڵوێستى ئەم دواييانەى سعودييه بەرامبەر بەرِوداوەكانى عيراق: هەر ئێستا لەتەلەفزيۆنى العربية / الحدث ەوە پەيتا پەيتا ئەوە بڵاو دەبێتەوە كە سعودييه رازى نابێ بەدەستوەردانى وڵاتانى دەرەكى لەكاروبارى ناوخۆيى عێراق و پێشنيار دەكات: حكومەتى ئێستا هەڵبوەشێنرێتەوە، لەجياتيى ئەوە حكومەتى الوحدة الوطنية پێكبهێنرێ، لەسەر دەستى ئەو دەسەڵاتە تازەيەى دواى مالكيدا كۆمەڵێ ريفۆرمى دەستورى و سياسى بگيرێتەبەر!

..............

پێويستە خەڵكى كوردستان سەرلەبەر لەئاست پێشنيارى وەهادا دڵيان داخورپێ و رازى نەبن بەبيستنى، هەروەها هەمو دەستبردنێك بۆ دەستورى ئێستاى عێراق بەلێكەمكردنەوە حەرام بكەن و ملى پێ

نەدەن، هەمو ڕێگایەکی مەدەنی بگرنەبەر بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆیان لەئاست ئەو پێشنیارەدا!

خۆ ئەگەر دەسکاریکردنەکە بەلێزیادکردنبێ، وەکو ئەوەی بنەماکانی دیموکراتیەت و فیدرالیزمی تێدا تۆخ بکرێتەوە ئەوە شتێکی ترە، بەڵام لێزیادکردن هەرگیز لەدەستی حیزبی بەعس و سعودییەو عەرەبی عێراق بەسوننەو شیعەیەوە ناوەشێتەوە، هەڵوێستی هەمویانمان لەئاست مادەی ١٤٠ دا بینی و ناسیمانن چ ماڵێکن، بۆیە پێویستە دەست بە (هەشتی مشت !)ی خۆمانەوە بگرین و دەسخەڕۆی وەعدو بەڵێنی هیچ کەس و تیرەو تایەفەیەك نەبین، رازی نەبین بەهیچ جۆرێ دەست بۆ دەسکاری کردنی دەستور ببرێ.

١٧ / ٦ / ٢٠١٤

......................

## بێلایەنیی حکومەتی هەرێمی کوردستان

فەریق (قاسم عەتا) وتەبێژ بەناوی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، چەند دەقیقەیەك پێش ئێستا لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، هەندێ زانیاریی لەبارەی بارودۆخی هێزەکانیانەوە خستەڕو، لەپاڵیدا داوایەکیشی ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە پێدەچێ سەرلەبەری کۆنگرەکەی بەمەبەستی خستنەڕوی ئەو داوایە سازدابێ:

عەتا داوای کرد حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی خۆی بگرێتە ئەستۆو بەشداری لەبڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاستدا نەکات دژی هێزەکانی عێراق، وتی: لەکەناڵەکانی هەرێمی کوردستانەوە کەسانێك دەدوێنرێن کە پێش ئەم بارودۆخە تازەیەش لەلایەن یاساوە داواکراوبون، ئێستا دێن لەو کەناڵانەوە رەواج بۆ سیاسەتی داعش پەیدا دەکەن و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش رێگەیان پێدەدا وەها

بکەن.

)قاسم عەتا) بەناو ناوی سیان لەداواکراوەکانیشی هێنا کە ئێستا لەهەولێر دانیشتون و خەریکی پیلانگێرین دژی عێراق!

سەرنجی من لەسەر ئەو داوایە بەمجۆرەیە:

ئایا سیاسەتی فەرمی و راگەیەندراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە نییە بێلایەنبێ و خۆی نەگلێنێتە شەڕەکەوە؟ دەی ئەگەر وایە ئەوا (عەتا) راست دەکات: نابێ حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگە بدا لەکەناڵەکانی ئەوەوە (بەمیدیای حیزبەکانیشەوە) هیچ کەسێ رەواج بۆ سیاسەتی (موسڵ) یان رەواج بۆ سیاسەتی (بەغدا) پەیدا بکات!

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر بەشێکیش نەبێ لەدەوڵەتی عێراق بەڵکو دراوسێیبێ (کە تا ئێستا وا نییە)، باشترە لەئێستا بەدواوە رێگە بەیەك کەس نەدا (نە کەسی سەر بەحکومەتی بەغدا، نە کەسی سەر بەحکومەتی موسڵ !) لەمیدیای ئەوەوە شەڕی ناوخۆی عێراق خۆش بکات.

١٦ / ٦ / ٢٠١٤

.................

## یەکێتی و مالکی / پارتی و نوجەیفی

تۆمەتبارکردنی ئەسیل و ئوسامە (نوجەیفی) بەخیانەتی مەزن لەمیدیای حکومەتی بەگیرهاتوی عیراقەوە، ناساندنی هەولێر وەکو ئامێزو پەنای ئەو جوتە برا نوجەیفیە، زەقکردنەوەی رستەی لەم جۆرە: بارزانی پاش روداوەکانی موسڵ خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ دەرچواندنی پارەی تایبەت بەکورد...

هەروەها هاودەموچاواندنی مام جەلال و حوکمڕانانی ئێران، لەلایەن میدیای سەر بەدەسەڵاتی محەلیی موسڵەوە (ئەگەرچی جارێ زۆر بەزەقی ئیشی لەسەر ناکرێ)...

بەڵگەی ئەوەیە: هەوڵێك هەیە بۆ دولەتکردنیماڵی کورد... هەوڵدان بۆ سازاندنی ئەو سیناریۆیە، گیانی عەرەبچێتی پاڵنەرێتی (جگە لەهۆکاریتر):

ڕێبەرانی سوننەو شیعەی عەرەب لەعیراق، لەسەر هەر شتێ ناتەبابن، لەسەر ئەوە تەبان:

میللەتی کورد وەکو میللەتێکی مەدەنی و بێوەی نەکەوێتە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بدێوێنرێ و بگلێنرێتە شەڕەکەو نەهێڵرێ بێمەڵامەت لەدۆخی ئەمرۆی عیراق دەربازی ببێ.

١٦ / ٦ / ٢٠١٤

..............

## شەڕاندنی وێنەی کورد

تەلەفزیۆنە شەڕکەرەکان لەم شەڕە ناوخۆییەی عێراقدا درێغی ناکەن، هەریەکەیان خەریکی شێراندنی وورەی خۆو کەروێشکاندنی وورەی لایەنی بەرامبەرە، خەریکی فریشتاندنی دەموچاوی خۆو دزێواندنی دەموچاوی لایەنی بەرامبەرە.

ئەو وێنانەی لەو پێناوەدا سودیان لێ وەردەگیرێ بریتین لە: ڕیشی شانەکراوی خەناوی، ریشی چڵکنی بەرۆبو لەخوار سمێڵی هەڵپاچراوەوە، لالغاوەی کەفچەراندوی سەرۆکی توڕە، بڕنەو، بەدەست شێخ و کوڕوکاڵی عەشیرەتەوە (ئەگەرچی ساڵەهای ساڵە عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشتوە)، دەبابە بەدەم ڕێکردنەوە بەناو ئاگردا، کۆپتەر بەسەر لابەلایەك شارو گەڕەکی روخاوەوە... یەکێك لەسەیرترین وێنەکان ئەوەیە لەتەلەفزیۆنی سەر بەدەسەڵاتی

ئێستای موسڵەوە پیشان دەدرێ: ئەحمەد داود ئۆغڵو لەوپەڕی میهرەبانیدا.. ئۆباما بەئینصافێکی زۆرەوە...

یەکێکی تر لەو وێنانە ئەوەیە لەتەلەفزیۆنی سەر بەدەسەڵاتی ئێستای بەغداوە پیشان نادرێ: ئۆباما لەدیدارگەلی دیپلۆماتیدا بەتەنیشتی مالکییەوە، سەرۆکەکانی کورد لەناو پرۆسەی سیاسیدا بەتەنیشتی مالکییەوە...

هەڵکشانی هەرە تازە لەسەر ئاستی وێنە، کەمێ پێش ئێستا لەتەلەفزیۆنی سەر بەدەسەڵاتی ئێستای موسڵەوە بینیم: وێنەی ڕێکردنی مام جەلال بەتەنیشتی ئەحمەدی نەژادەوە (ڤیدیۆ)...

تا ئەم دەقەیە هیچ لایەك لەدو لایەنە سەرەکیەکەی مەیدانی جەنگ بەئاشکرا کاری لەسەر شەڕاندن و دزێواندنی وێنەی کورد نەکردوە! بڵێی دەستبردن بۆ ئەو وێنەیە بەڵگەی ئەوەبێ قۆناغی شەڕاندن و دزێواندنی وێنەی کورد لەململانێکەدا دەستی پێ کردبێ؟ یان نەخێر تەنها هەڵەیەکی تەکنیکی بو، رویداو دوبارە نابێتەوە؟!

١٦ / ٦ / ٢٠١٤

....................

## بەزیوی سەر عەرزو بەزیوی ژێر ئاسمان

مێژو دەگێڕێتەوە:

سوپای فەرەنسای سەردەمی ناپلیۆن لەشەڕی دەریاییدا دەرەقەتی سوپای بەریتانیا نەدەهات، سوپای بەریتانیاش لەشەڕی زەمینیدا دەرەقەتی ئەو نەدەهات.

لەشەڕی ئێستای عێراقیشدا کە تەنها لەعەرزو لەئاسماندا دەگوزەرێ نەك لەدەریادا، پێدەچێ یەکێکیان شێری سەر عەرزبن و ئەوی تریان شێری ناو ئاسمان، ئەوەبو سەرەتا گریان و نوکەنوکی بەزیوی سەر عەرزمان بینی بەدەست شێری سەرعەرزەوە، ئێستاش وا خەریکە کورکەکورکی بەزیوی ژێر ئاسمان دەبیسین بەدەست هەڵۆی ئاسمانەوە:

کەمێ لەمەوبەر لەمیدیاکانی هاندەری داعشەوە رستەهەواڵێکم کەوتە

بەرچاو، دەڵێ (هەمو دنیا باسی تیوەگلان و بەشداریی ئێران دەکات لەشەڕی ئێستای عێراقدا کەچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستی نییە).

ئەمە بەڵگەیە لەسەر یەکێك لەدو شت:!

یەکەمیان ئەوەیە کە باسم کرد: کورکەکورکی دوای بەزینە (بەزیوی ژێر ئاسمان و بەزیوی سەر عەرز).

دوەمیان ئەوەیە: داعش (یان سەرانی ژێر کەواکەی داعش: بەعسیەکان) چاوەڕێی هەڵوێستن!

بەکورتی: پێم وایە دەبێ بیری لەمەودوامان بۆ ئەوە بچێ ببینین بەزیوی ژێر ئاسمان رەحمێکی پێبکرێ و وەکو زوی خۆمان ناوچەکەیان بکرێتە ناوچەی دژەفڕین، ئەی ئەوە نییە چەند رۆژە بەبەرچاوی هەمو دنیاوە لەموسڵدان و رێدراوە تیایدابن؟ کەواتە رێی تێدەچێ بشپارێزرێن !

ئیتر ئەمە ئەمریکایە ئارەزوی لێبێ فرۆکەی(f١٦) شت پێ دەفرۆشێ و ناشهێڵێ هەڵیفڕێنی!

١٦ / ٦ / ٢٠١٤

..................

## بوکێ لەگەڵ تۆمەو خەسو تۆ گوێت لێبێ!

جارێکیان حبیب بورقیبە (ی کۆنە سەرۆکی تونس) لەبارەی مەسەلەیەکەوە (بیرم نەماوە مەسەلەکە چییە، رەنگە مەسەلەی عەرەب - جولەکە بوبێ) رای خۆی بۆ (جمال عبدالناصر) شیدەکاتەوە، پاشان دەپرسێ (لەناصر دەپرسێ): ئەی تۆ رات چییە؟
ناصریش دەڵێ: وەڵڵا منیش هاوڕاتم و هەمان رای تۆم هەیە!
بورقیبە دەڵێ: ئەی بۆ بەڕاشکاوی ئەم رایەی خۆت ناخەیتەڕو بۆ میللەت؟
ناصر دەڵێ: وەڵڵا لەکاردانەوەی میللەت دەترسم، دەزانم ئەوان بەدڵیان نابێ!

جا ئیتر ئەمە سیاسەتە، ئیشکردنە لەسەر (مرۆڤ)، ئەو مرۆڤەی کە خوایشی لێت دەوێ و خورمایش، کرداری لێت دەوێ و بەلاغەتیش لەقسەکردندا، دەبێ بزانی چۆن خەونەکانی تەفسیر بکەیت، دەنا لەم سەردەمەدا چی زۆرە؟ مەلا ! دەچێتە لای مەلایەکیتر!

٢٠١٤ / ٤ / ٣٠

..................

## هەگیز تەسلیم مەبە، سەربازی پیادە لەشەترەنجدا، ئەگەر تا کۆتایی بمێنێتەوە، دەبێتە وەزیر

قسەیەکەو کراوە، من تەنها ئەوەندە لەگەڵیدام کە لەناو فیکردا جێی ببێتەوە:

لەناو فیکردا، هەتا ئەو کاتەی پێت وایە راست دەکەیت و نەکەوتویتە هەڵەوە، لەبۆچونی خۆت پاشەکشە مەکەو تەسلیم مەبە. ..

بەڵام هەرکاتێ هاتیتە سەر ئەو بڕوایەی کەوتویتە هەڵەوە، ئیتر ئینکاریکردن (بەبیانوی تەسلیم نەبون و درێژەدان بەبەربەرەکانێ) نەك ناتکات بەوەزیر بەڵکو لەوانەیە بتکات بەگاڵتەجاڕ.

چەمکی (تەسلیمبون و تەسلیمنەبون) تا ئەم شوێنە لەناو فیکردا (یان لەناو سەری مندا) بڕدەکات، لەدوای ئەم شوێنەوە ئیتر (بەڕای من) تەنها پەیوەستە بەبەرژەوەندییەوە:

لەناو شەڕی بەرژەوەندیدا، سەربازی پیادە، ئەگەر تا کۆتایی بمێنێتەوە، ڕەنگە ببێتە وەزیر.

٢٨ / ٤ / ٢٠١٤

................

## بیرکردنەوەی باش

لەوانەیە لەڕوانگەی تۆو بەرژەوەندیی تۆوە من مرۆڤێکی دڵسۆز نەبم، بەلامەوە گرنگ نییە، ئەوەی بەلامەوە گرنگە ئەوەیە: بتوانم باش بیر بکەمەوە... هەر لەڕاستیشدا دڵسۆزی تەنها یەك شتە نەك چەندین شت، ئەو یەك شتەش بریتییە لە: بیرکردنەوەی باش.

٢٧ / ٤ / ٢٠١٤

...................

## دەستوری عێراق لەبەردەم هەڕەشەدا

دەستبردن بۆ دەستور (چ بەتەعدیل چ بەئیلغاء) یەکێکە لەمەترسیە چاوەڕوانکراوەکانی بەردەممان لەحاڵەتی ئاڵوگۆڕی سیستمی سیاسی لەعێراقدا.

هەمومان دەزانین عەرەبی سوننە لەمێژە خەون بەرۆژێکەوە دەبینێ فرسەت بڕەخسێ چاو بەدەستوردا بخشێنرێتەوە، مادەی ١٤٠ و هەر مادەیەکی تری زیندوی تیا بتوپێنرێ، بێگومان شیعەش ئەو نەزعە شۆڤێنییەی سوننەی پێخۆشبو، بۆیە بەردەوام لەو باسەدا بەدەمیەوەبو.

ئێستا وا سوننەیەکیتری کارا (سعودییە) قوت بۆتەوە، پێشنیار دەکات سیستمی سیاسیی ئێستای عێراق وەلابنرێ، سیستمێکی سیاسیی نوێ بخرێتە جێی، سیستمە نوێیەکە شان بکات بەژێر کۆمەڵێ ئیسلاحاتی دەستوری و ئیداریدا!

لەبەر ئەوە زۆر گرنگە لەمڕۆ بەدواوە میدیای کوردی دەست بۆ وروژاندن و تاووتوێکردنی ئەم مەسەلەیە ببات بەبەشداریی کەسانی پسپۆڕ، ئامانجیش لەوە بریتیبێ لەهوشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان دەبارەی دەستورو بایەخی دەستور لەژیانی سیاسیدا.

١٧ / ٦ / ٢٠١٤

......................

## هاودڵی

ڕەخساندنی کەشی جەماوەری (سیاسی / کۆمەڵایەتی) بۆ ئەوەی تیایدا خەڵکی کوردستان پێکەوە بەتەنیشتی یەکترەوە دەربکەون، هەست بەبونی یەکتر بکەن، گوێیان لەرازو نیازی یەکتربێ، لەناو خۆیاندا هەست بکەن بەشێکی گرنگن لەژیانی یەکتر، دو ئەنجامی (تا ڕادەیەك) باشی لێدەکەوێتەوە،ئەگەرچی ئەو دو ئەنجامە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر فەرقی هەیە:

یەکەم / تەنیایی خەڵك دەڕەوێتەوەو هەستی خۆبەغەریبزانین بەرامبەر بەیەکتر دایانناگرێ.

دوەم / هەست دەکەن ڕۆڵێکی پۆزەتیفیان هەیە لەدەستەبەرکردنی دەسکەوتە گشتیەکان و باشکردنی ژیانی خۆیان و یەکتردا. جا ئیتر ئەو کەشە لەخۆپیشاندانی گشتیدا بەرجەستە بکرێ، یان

لەدەنگدان و هەڵبژاردنی گشتیدا، یان لەبەڕێوەبردنی جەماوەریانەی جەژن و بۆنەو سەیرانەکاندا.

تکایە ئەم بەرەیە لەژێر پێی خەڵك دەرمەهێنن، با ئەم هەلی پێکەوەیی و خۆبەبەشدارزانینەیان لەکیس نەچێ، ئەگەر تەنانەت بەبڕوایەکی لاوازیشەوە پێیان لەسەر بەرەکە دانابێ.

٤ / ٤ / ٢٠١٤

......................

## گوتاری هێزەکان

جۆراوجۆریی گوتاری هێزەکان نابێ تەنها لەجۆراوجۆریی (ئیدیعا و بانگەشە)ی هێزەکاندا خۆ بنوێنێ، بەڵکو دەبێ لە (ئەدەبیات) و (کەلتوری سیاسی)یشیاندا رەنگ بداتەوە، واتە دەبێ: (جیاوازیی گوتار، جیاوازیی کەلتوری سیاسی و ئەدەبیاتی سیاسیشی لێبکەوێتەوە).

١ / ٤ / ٢٠١٤

.......................

## مانگی دڵەڕاوکێ

یەکێك لەو هۆکارانەی کە وایکردوە خەڵکی کوردستان (بەکادرو لایەنگری حیزبەکانیشەوە) ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنیان بەلاوە ناخۆشبێ و بەزەحمەت لێیان بگوزەرێ، بێفەرهەنگی و نەشارەزایی لایەنە سیاسیەکانە لەبەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەلبژاردندا، هەر لەبەر هەمان هۆکار وایلێهاتوە خەڵکێکی زۆر بەبێگاریی بزانن بچنە سەر صندوقی دەنگدان و دەنگەکەیان بدەن...

ئەگەر دوای چەندین هەڵبژاردنی گشتی نەمانتوانیبێ فێری بەڕێوەبردنی هەڵمەتێکی نمونەیی هەڵبژاردن ببین، بەجۆرێ کە هەم کەلتوری سیاسیمانی پێ دەوڵەمەندببێ و هەم لەکۆتاییدا کۆمەڵگەکەمانی پێ دیموکراتیزە ببێ، ئەوا دەبێ بۆ خولی داهاتو چاودێری بیانی بێن چاودێریی بەڕێوەچونی هەڵمەتەکەشمان بکەن نەك تەنها چاودێریی پرۆسەی دەنگدانەکە.

٣ / ٤ / ٢٠١٤